زن	شوهر	داماد	عروس	عمه	شب	خورشید	ماه	ستاره	پدرمادر	مرغ‌های سیاه
باد	آتش	خاک	باران	برف	سنگ	چشم	دهان	زبان	مرد خوب	مادیان سفید
بز	بره	میش	گرگ	قاطر	سگ	مرغ	خروس	کبوتر	زن خوب	یک زن
گل	درخت	جو	بادام	خانه	هیزم	نان	پنیر	نماز	یک مرد	خروس‌های سیاه
شیرین	دور	نزدیک	هزار	خون	من	تو	او	ما	آن مرد	با (حرف‌اضافه)
یک	دو	سه	چهار	پنج	شش	هفت	هشت	نه	آن زن	انسان آبستن
صد	بیست	اینجا	آنجا	چوب	کجا؟	این	آن	ده	آن مردان	حیوان آبستن
خاله	گاو	ماده	درخت‌ها	شما	می‌آیم	آن زنان	نر	خودش	ده مرد	پسران خوب
روز	برگ	آن‌ها	ده زن	دیروز	هنوز	رسیدی	خیلی	می‌روم	این دختر	اسب سفید
نمی‌آیم	می‌خواهم	نیامد	نمی‌بینم					خورده‌ام	این پسر	در (حرف‌اضافه)
من تو را دیدم			دارد کار می‌کند		در خانه بودم					

همه‌ی کتاب‌ها

پیوست ۲:

فرهنگساز

این طرح در اقدامی مشترک از سوی «فرهنگستان زبان ایران» و «سازمان جغرافیایی کشور» و تحت عنوان «فرهنگساز» (آمیزه‌ای از نام دو نهاد دست‌اندرکار) به شکل گردآوری مواد زبانی از آبادی‌های کشور آغاز گردید. در بحبوحه‌ی تحولات اجتماعی سال ۱۳۵۷، «فرهنگساز» از ادامه ی راه بازماند و گنجینه‌ی مواد زبانی آن در انتظار اقدامات پژوهشی بعدی چند بار میان سازمان‌ها و ارگان‌های گوناگون ردوبدل شد. در واپسین نوبت از این جابه‌جایی‌ها،گنجینه‌ی «فرهنگساز» در سال ۱۳۷۵ به سازمان میراث فرهنگی کشور سپرده شد. از سال ۱۳۷۷ تا ۱۳۷۹ ه.ش این طرح با ازسرگیری روند گردآوری نمونه‌های گویشی از آبادی‌های بازمانده از فاز آغازین و مختصری تحقیقات پیرامون جغرافیای گویشی از آبادی‌های اصفهان پیگیری شد» (پرمون،۱۳۸٦: ۲۹). این پرسشنامه شامل ۱۰۵ واژه و عبارت و ۳٦ جمله است.

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

رویکرد عارفان مکتب عرفانی زاگرس به عشق انسانی

نجم‌الدین جباری[I]
استادیار زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه کردستان
سودابه اسدی[II]
کارشناس ارشد زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه کردستان

تاریخ دریافت: ۱۱ اردیبهشت ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۳ مرداد ۱۳۹۸؛ صص ۱۱۹-۱۳۳

چکیده

عرفان، از جمله مباحث پر چالش در جهان اسلام است که رویکردهای مختلفش به سلوک و تعامل با اجتماع از سدهٔ دوم هجری تاکنون، طبقه‌بندی آن را به نحله‌های گوناگون موجب شده است که مجموع آن نحله‌ها را در دو مکتب «خراسان» و «عراق» جمع کرده‌اند. این دو مکتب با وجود اشتراک در بنیادها، تفاوت‌هایی روساختی و روشی با هم دارند که طرفداران هر مکتب در رسالات خود، آنها را شرح داده‌اند. اما با درنگ بر جریان عرفان در مناطق زاگرس، می‌توان جریانی متفاوت‌تر را از دو مکتب فوق بازشناخت که دارای ویژگی‌های منحصر به خود است. رویکرد متفاوت عارفان مکتب عرفانی زاگرس به مقولهٔ عشق انسانی، یکی از شاخصه‌های ممیز آن از مکاتب پیشگفته به شمار می‌رود که این مقاله با تکیه بر دیوان سه شاعر عارف (محوی، ملای جزیری و مولوی کرد) به شیوهٔ توصیفی تحلیلی به بیان آن می‌پردازد. نتایج به دست آمده نشان می‌دهد که عارفان مکتب عرفانی زاگرس، عشق انسانی را در تضاد با عشق آسمانی نمی‌بینند.

واژگان کلیدی: عشق انسانی، عشق آسمانی، مکتب عرفانی زاگرس، محوی، ملای جزیری، مولوی کرد

کورتە

عیرفان لە باسگەلی پرتەنگەژە لە جیهانی ئیسلامدایە کە بۆچوونی جیاوازی بە سلووک و هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگادا، هەر لە سەدەی دووهەمی کۆچییەوە تا ئیستا پۆلێنبەندیی ئەوی بە چەند ڕێچکە لێکەوتووەتەوە کە سەرجەمی ئەو ڕێچکانە لە دوو قوتابخانەی «خوراسان» و «عێراق»دا کۆئەکرێنەوە. ئەم دوو قوتابخانە، سەرەڕای هاوپاری لە ژێرخان و بنەماکاندا، جیاوازیگەلێکی ڕووخانی و ڕێبازیان هەیە کە لایانگرانی هەر قوتابخانەیەک لە نامیلکە و پەڕتووکەکانیاندا، شرۆڤەیان کردووە. بەڵام سەرنجدان بە بزووتنەوەی عیرفان لە زاگرۆسدا، قوتابخانەیەکی جیاواز لەو دووانەمان بۆ دەرئەخا کە تایبەتمەندیگەلی خۆی هەیە. بۆچوونی جیاوازی عارفەکانی قوتابخانەی عیرفانیی زاگرۆس بە چەمکی ئەوینی مرۆیی، یەکێک لەو تایبەتمەندییە هەڵبڕانەیە کە ئەم وتارە بە پێی دیوانی سێ شاعیری عارف (مەحوی، مەلای جزیری و مەولەوی) بە شێوازی تەوسیفی-شیکاری شیی ئەکاتەوە. دەستکەوتەکان پیشانی ئەدا کە عارفانی قوتابخانەی عیرفانیی زاگرۆس ئەوینی مرۆیی وەک نەیار و هەمبەرێک بۆ ئەوینی ئاسمانی نابینن.

وشە سەرەکییەکان: ئەوینی مرۆیی، ئەوینی ئاسمانی، قوتابخانەی عیرفانیی زاگرۆس، مەحوی، مەلای جەزیری، مەولەوی

[I] **njabari@uok.ac.ir** (**نویسنده مسؤول**)
[II] **asadisoodabeh92@gmail.com**

۱- مقدمه

معمولا در منابع صوفیه، مکاتب عرفانی به دو مکتب «خراسانی» و «عراقی» طبقه‌بندی می‌شود که این تمایز بیشتر زادهٔ تفاوت در سلوک است. عشق در هر دو مکتب، محور و بهانهٔ اصلی برای سلوک به شمار می‌رود که از منزل پایانی آن به تعابیری همچون «وصال»، «فناء فی الله» و «بقاء بالله» تعبیر می‌شود. عارفان از غیرتی دم می‌زنند که عشق و عاشق و معشوق را در برمی‌گیرد و آن غیرت کمال عشق و رسیدن به منزل پایانی را تضمین می‌کند و باعث کنار زدن دویی می‌شود؛ اما گاهی مجذوب سالک، گام نهادن جدی به سلوک را با عشقی انسانی آغاز می‌کند که در منابع صوفیه از آن به «عشق مجازی» تعبیر می‌شود و آن را پل رسیدن به عشق حقیقی می‌پندارند که در جملهٔ معروف «المجاز قنطره الحقیقه» نمود یافته است.

اصطلاح «عشق مجازی» از اصطلاحات معروف صوفیه است که عین القضات آن را در سدهٔ پنجم مطرح کرد و تا روزگار ما هم در متون مختلف صوفیانه انعکاس یافته است. معنایی که معمولا از عشق مجازی اراده می‌شود، عشق انسان به هم‌نوع است؛ مانند عشق مجنون به لیلی، فرهاد به شیرین و مم به زین. عشق مجازی را در دایرهٔ عشق طبیعی قرار داده‌اند. عشق مجازی معمولا در مورد انسان به کار برده می‌شود، در حالی که عشق طبیعی به طور کلی به عشق یا محبت همه جانوران اطلاق می‌شود. در مقابل عشق مجازی، عشق حقیقی تعریف می‌شود که انسان به خدا دارد؛ بنابراین عشق حقیقی همان عشق الهی است (پورجوادی، ۱۳۷۰: ۹۲).

عارفان با طرح قاعده «المجاز قنطره الحقیقه» عشق مجازی را به عنوان مقدمه‌ای برای رسیدن به عشق حقیقی پذیرفته بودند و گاه آزمودن و چشیدن عشق مجازی را توصیه می‌کردند با این تأکید که مقصودشان عشق مجازی عقلانی و عفیف است که از هرگونه هواجس شهوانی پیراسته باشد (نصیری، ۱۳۸٦: ۵۷). داستان «شاه و کنیزک» در *مثنوی* و «شیخ صنعان» در *منطق‌الطیر* نمونه‌ای از مصادیق عشق مجازی است که در کمال خود به عشق حقیقی بدل شده است.

مولوی بلخی هم عشق مجازی را گذرگاه عشق حقیقی می‌داند. او عشق مجازی را به شمشیر چوبینی تشبیه می‌کند که غازی برای تمرین به پسر خود می‌دهد تا با آن مهارت آموزد؛ چون در آن فن استاد شد، شمشیر واقعی را به دستش می‌دهد. عشق «انسان» نیز مانند همین شمشیر چوبین است که سرانجام به عشق «رحمان» منتهی می‌شود (شجیعی، ۱۳۸۰: ۷۴).

اما عشق مجازی سرانجام باید رنگ ببازد؛ باورمندان به هر دو مکتب عرفانی خراسان و عراق، سالک را در منزل پایانی و کمال عشق، بی‌نیاز از عشق مجازی می‌دانند که این را در قالب داستان‌های گونه‌گون بازگفته‌اند. چنین رویکردی، سرانجام به نفی عشق مجازی

می‌انجامد؛ به بیانی دیگر عشق مجازی تا آن حد کارایی و برایی دارد که سالک را عشق‌ورزی آموزد. اطلاق «مجازی» بر این عشق، دروغین بودنش را از همان آغاز راه نشان می‌دهد که عارف نباید بدان دل بندد؛ چرا که سرابی است کاذب که هیچ بهره‌ای از حقیقت ندارد و شایان دل بستن نیست. این دیدگاه از زبان عارفان و به بیان‌های مختلف بازگو شده و به میان طبقات جامعه هم رسوخ کرده است.

با درنگ بر عرفان اسلامی، می‌توان جریان عرفانی دیگری را بازشناخت که با وجود اشتراکاتش در اصول با مکاتب پیشگفته، رویکردی متمایز و مختص به خود را در پاره‌ای موضوعات برگزیده است. این رویکرد متمایز، در عین اشتراکات کلی و زیرساختی با دو مکتب دیگر و بهره‌گیری از مفاهیم قرآن و سنت برای تبیین راه خود، میراثی را بر جای نهاد که تا امروزه هم پیروان زیادی را گرد خود فراهم آورده است. این جریان -که طبق سنت طبقه‌بندی مکاتب عرفانی بر اساس جغرافیا می‌توان نام «مکتب زاگرس» را بر آن گذاشت- از دید پژوهشگران مغفول مانده است.

در این جستار، رویکرد متفاوت عارفان «مکتب زاگرس» به مقولهٔ عشق بر اساس دیوان سه شاعر عارف، کاویده شده تا نگرش جاری در این مکتب را نشان دهد. گفتنی است که در این جستار، برای حرمت نهادن به عشق، به جای «عشق مجازی» و «عشق حقیقی»، آگاهانه از دو اصطلاح «عشق انسانی» و «عشق آسمانی» استفاده شده که بارمعنایی والاتر و ارزنده‌تری را به مفهوم عشق می‌بخشد و کاذب بودن و یا نگرش هوس‌آلود به عارض شدن این حالت را از عشق می‌زداید.

حوزه و کتابخانه‌ی دیجیتال

۲- پیشینه‌ها و مبانی نظری

پژوهشگران، جریان عرفان را بزرگ‌ترین جریان فرهنگی در دورهٔ اسلامی ایران می‌دانند (شفیعی‌کدکنی، ۱۳۸۸: ۳۲ (مقدمه)؛ حلبی، ۱۳۷۷: ۱۴) که به مدت دوازده سده، طبقات گونه‌گون مختلف را به خود مشغول کرده و هنوز هم باورمندان فراوانی را گرد خود فراهم آورده است. می‌توان این جریان بزرگ فرهنگی را «مکتب» نامید. زیرا: ۱. ریشه‌دار و عمیق بوده است؛ ۲. در زمان و زندگی توده‌ها جاری شده و صرفا در لای کتاب‌ها محصور نمانده است؛ ۳. رفتار و دیدگاه‌های فرد و گاهی هم اجتماع را کنترل کرده است؛ ۴. طبقات بسیاری را از مردم در بر گرفته است؛ ۵. موافقان و مخالفانی داشته و هر کدام برای موافقت یا مخالفت خود دلایلی برشمرده‌اند که پیدایی علم کلام را برای آن مکتب موجب شده است. از این روی، یک مکتب ریشه‌دار، گسترده، پرنفوذ در دل پیروانش، فراگیر در طبقات مختلف و فراملیتی و فرازبانی است

که آن را از جریان‌های کوچک –که هنوز به مکتب دگردیسی نیافته‌اند- و یا جریان‌های ادبی - که در کمال خود به سبک درمی‌آیند- و یا خیزش‌های اجتماعی و سیاسی جدا می‌کند.

عرفان و تصوف اسلامی هم مکتبی است که ریشه در جهان‌بینی پیشااسلامی دارد، اما بر گسترهٔ مبانی اعتقادی اسلام، به تنظیم دوبارهٔ خود پرداخت و روساخت‌هایش را با دین نو آراست و همانند هر مکتبی برای تثبیت خودش، از اصول و ساختارها و باورهایش در بازهٔ زمانی دوازده سده دفاع کرد. این مکتب چنان گسترده شد که از دل آن، مکاتب کوچک‌تری زاده شدند و گرایش‌ها و نگرش‌ها و رویکردهای مختلف و گاه متناقض را در پیش گرفتند و گاهی هم به نزاع خونین با پیروان دیگر مکاتب همان عرفان روی آوردند که این فراز و فرودها روی هم کارنامه‌ی دوازده سده‌ای را پدید آورده است.

از همان آغاز، صوفیان در آثارشان، عرفان را به دو مکتب «خراسانی» و «عراقی» طبقه‌بندی کرده‌اند و هرچند بیشتر صوفیان بدین طبقه‌بندی بی‌توجه هم بوده‌اند، اما رد آن را می‌توان در اکثر متون بازیافت. مثلا خواجه عبدالله انصاری در جایی به نکته‌ای اشاره می‌کند که نشانگر تمایز این دو مکتب در برخورد با مفاهیم مختلف است: «شیخ بوعلی سیاه گوید که ماوراءالنهریان [=پیروان مکتب خراسان] می‌گویند تا بنرهی، نه‌یاوی و عراقیان می‌گویند: تا نیابی، بنرهی. هر دو یکی است؛ لکن من با عراقیانم که سبق از او نیکوتر است» (انصاری، ۱۳۴۱: ۱۴۶). این عارف اغلب در ذکر نام مشایخ صوفیه هم از انتساب آنان به مکتب خراسان یا عراق یاد کرده (برای نمونه، نک. همان: ۷۴، ۷۸، ۸۱، ۸۲) که نشانگر جا افتادن این اصطلاحات برای رویکردهای مختلف عرفانی از همان آغاز است.

با درنگ بر فراز و فرود عرفان، می‌توان حضور مکتبی دیگر را در کنار دو مکتب یاد شده بازشناخت که برخوردار از ویژگی‌هایی است که فصول ممیزهٔ آن را تشکیل می‌دهد. برجسته‌ترین این فصول ممیزه، رویکرد خاص عارفان زاگرس به دو مقولهٔ «عشق انسانی» و «سیاست» است که این جستار، تنها مقولهٔ نخست را به بحث گذاشته است.

عشق، محوری‌ترین موضوع در عرفان به شمار می‌رود که در طول دوازده سده چیرگی ذهنیت عرفانی، مشروحا بدان پرداخته شده و گونه‌های انسانی و آسمانیش از دیرباز موضوع نوشته‌های درخوری بوده است. آغاز تمایز عشق انسانی از آسمانی به زمانی برمی‌گردد که پایه‌های مکتب عرفان استقرار کامل یافت و این در سدهٔ ششم روی داد که نگرش عرفانی بر نگرش‌های فکری و فلسفی چیرگی کامل یافت (پورجوادی، ۱۳۸۷: ۷۰-۷۱؛ ذکاوتی قراگزلو، ۱۳۷۹ب: ۱۴۷-۱۴۸). اگر پیشتر در گفتار عارفان، اشارات مبهمی به این دو گونهٔ عشق می‌رفت، در این سده، تمایزها واضح‌تر از هر زمانی خود را می‌نمایاند. عطار در *الهی‌نامه*

حکایتی را از محمود و ایاز می‌آورد که در آن غلبهٔ آسمانی عشق جوانی نمک‌فروش را در برابر عشق جسمانی و البته هوس‌آلود محمود به ایاز نشان می‌دهد (فروزانفر، ۱۳۵۳: ۲۴۵-۲۴۷) و می‌تواند نشانهٔ خوبی از این موضوع باشد که بعدها در کتاب‌های صوفیان انعکاس گسترده‌ای یافت و حتی بسیاری از منظومه‌های عاشقانهٔ ادب فارسی، مانند *لیلی و مجنون*، را هم تصاحب کرد و به مذاق عارفان تأویل‌های عرفانی از آنها به دست داده شد.

در سدهٔ هفتم، سعدی پس از توبه از گذشتهٔ خود و گرایش به عرفان در پیرانه‌سر، این دو گونهٔ عشق را پیش می‌کشد و عشق انسانی را می‌نکوهد (سعدی، ۱۳۶۸: ۱۰۱). در همین سده، ابن‌عربی پایه‌های عرفان نظری را کاملا مستحکم می‌کند که پیشتر عین‌القضات انجام داده بود (ذکاوتی قراگزلو، ۱۳۷۹الف: ۵۴؛ سجادی، ۱۳۷۶: ۱۰۴). ابن‌عربی در مباحث خود بر عشق آسمانی به عنوان غایت کمال انسانی تأکید کرد و جملهٔ معروف «المجاز قنطره الحقیقه» را برای عبور از عشق انسانی به آسمانی به کار برد.

از سدهٔ هشتم به بعد، حتی منظومه‌های عاشقانه هم با نگرش عرفانی دوباره بازسروده شدند که داستان «لیلی و مجنون» در صدر آنها قرار دارد و نشانگر استقرار کامل این ذهنیت است که عشق انسانی را باید از دل زدود. قائمی‌نیا (۱۳۸۶) در مقالهٔ «عشق زمینی و عشق آسمانی» به بررسی عشق انسانی و ارتباط آن با عشق آسمانی پرداخته و دیدگاه‌های اریک فروم، افلاطون و برومر را در این باره آورده و در پایان، دیدگاه خود را در باب ماهیت عشق به خدا بیان کرده و عشق آسمانی را عالی‌ترین نوع عشق دانسته است.

نصیری (۱۳۸۶) در مقالهٔ «عشق مجازی و رابطه آن با عشق حقیقی از دید عرفان اسلامی» به این موضوع پرداخته که آیا عشق مجازی می‌تواند پلی برای رسیدن به عشق حقیقی باشد؟ او چنین نتیجه می‌گیرد که عشق مجازی با فرض نمایندگی حسن معشوق از حسن خداوند، به هیچ روی نمی‌تواند از هوس عاری باشد؛ دوم اینکه عشق مجازی نه تنها باعث تطهیر نمی‌شود و زمینه‌ای را برای عشق آسمانی فراهم نمی‌کند، بلکه باعث تاریکی بیشتر درون هم می‌گردد.

رودگر (۱۳۸۶) در مقالهٔ «تفسیر عشق؟ تقسیم عشق؟» ویژگی‌های دو گونه‌ی عشق را آورده و نشانه‌های عشق انسانی را که به عشق آسمانی می‌رسد، برشمرده است. همان گونه که انتظار می‌رفت، در این پژوهش‌ها، اصل بر تقابل این دو عشق نهاده شده و مانند دو قطب متضاد انگاشته شده‌اند که میل به سوی یکی، الزاما به معنای دوری از دیگری و نفی آن است. این رویکرد تقابلی تاکنون هم حفظ شده و گفته‌های عارفان هر دو مکتب خراسان و عراق دربارهٔ این تقابل، همچنان بر اذهان چیره است.

۳- رویکرد به عشق در مکتب عرفانی زاگرس

عشق در مکتب عرفانی زاگرس، عزیز است و طبقه‌بندی آن مطابق شیوهٔ مرسوم، به انسانی و آسمانی کمتر مشهود است. از این رو نمی‌توان آن مرز برا و آن تقابل تام را بین دو گونهٔ عشق در عرفان زاگرس دید. حتی می‌توان گفت که آنچه هم هست، بیشتر تحت تأثیر همسایگان گفته شده است. از این رو، آنچه برای عارفان دیگر مکاتب دغدغهٔ بزرگی است و برایش داستان‌ها و اندرزهای مختلفی را آورده‌اند، در اینجا نمود کم‌رنگ‌تری دارد که در این جستار، این راستی بر پایهٔ سروده‌های محوی، ملای جزیری و مولوی بیشتر به دست داده می‌شود.

۳-۱- ملای جزیری

ملا احمد پسر شیخ محمد (۱۵۷۰-۱۶۴۰م.) متخلص به «مه‌لا» و گاهی هم «مه‌لێ» و «نشانی» در شهر جزیره در کردستان به دنیا آمد. مدتی نزد پدر به تحصیلات مقدماتی پرداخت و سپس برای تحصیل علوم به شهرهای جوله‌میرگ و آمد و عمادیه رفت و به فارسی و عربی نیز تحصیل نمود و در علوم معانی و بیان و اصول، سرآمد علمای عصر خود شد (سجادی، ۱۳۷۵ : ۲۸). ملای جزیری افزون بر زبان کردی، به زبان‌های عربی و فارسی و ترکی هم آشنایی کامل داشته و در ادب فارسی بسیار غور نموده که نمود آن را در دیوانش می‌توان دید. طریقهٔ عرفانی او «نقشبندیه» است و از باورمندان به وحدت وجود است.

ملای جزیری در فقه و اصول و حکمت و ادبیات استاد بود و در سرودن شعر به گویش کردی کرمانجی مهارت یافت و غزلیات نغز و شیرین و روان سرود. (صفی‌زاده بوره‌که‌یی، ۱۳۷۸: ۲۰۲). گویند که او در جوانی عاشق سلمی نامی از یک خانواده معروف شد که این عشق تاثیر بسزایی در پرورش ذوق شعری (روحانی، ۱۳۶۴: ۱۸۵) و رهیافت به کنه عشق داشته است که در بیت زیر، بدان اشاره می‌کند:

تنێ فەرهاد دزانت لەززەتی عێشق کو وی جان دایە شیرینێ نە پەرویز

(دیوان: ۲۰۷)

(معنی: تنها فرهاد -که جان را در راه شیرین فدا کرد- لذت عشق را درک می‌کند نه پرویز)

وی به تعریف کردن از زیبایی محبوب و معشوقش می‌پردازد و زیبایی او را برتر از زیبایی همه زیبارویان می‌داند.

نه شیرینا ل دەربەندێ نە مەحبوبێ سەمەرقەندێ نەکێشاین ب قێ ڕەنگێ ل نەقشێ بێزەوال ئەبروو
(دیوان: ٤٥٢)

(معنی: شیرین ارمن که در دربند اران بود و زیباروی سمرقندی از زیبایی چنان برخوردار نبودند آن گونه که نقش و طرحی زیبا و همیشگی به محبوب من داده شده است).

از جمله تمایزهای بنیادینی که عشق انسانی را از آسمانی جدا می‌کند، پرداختن به مغازلاتی است که در عشق‌های انسانی با جزئیات تمام ذکر می‌شود، اما در عشق آسمانی، پرداختن به کلیات جایگزین جزئیات می‌شود. به بیانی روشن‌تر، ما نباید انتظار داشته باشیم که در سروده‌ای عرفانی شاعر از بوسیدن لب و آغوش معشوق سخن براند؛ در آنجا همه چیز در دیدار و محو شدن عاشق در جمال معشوق خلاصه می‌شود. جزئیاتی از آن دست را باید در اشعار انسانی جویا شد که نمونهٔ آن را در این بیت می‌بینیم:

هەر دو دەستێن خوە حەمایل شەفەکێ مە ژ بو یاری دخوەستن چەپ و ڕاست
(دیوان: ٧٤)

(معنی: من آرزو داشتم که شبی محبوب را در آغوش گیرم و دستانم را چپ و راست دور کمرش حلقه کنم).

در ابیات زیر آرزوی بوسیدن لبان معشوق را آشکار کرده است:

من گو ژ کەمەندا سەری زۆلفا تە ڤەرستم پەروازێ لەبێ لەعلێ مە گو گەر ڤەرەسی تو
(دیوان: ٤٧٦؛ نمونهٔ دیگر رک. همان: ١٢٧)

(معنی: گفتم از دام زلفانت رهایی یافتم و اینک در هوای لبان سرخگونت هستم؛ گفتا که در خیالی که از زلفانم رسته‌ای!).

شاعر چشمان جادوی یار را عامل ایجاد فتنه (دیوان: ۲۰۸ و ۳٦۲) و خود را کشتهٔ آن می‌پندارد که توأم با دیگر اجزای زیبایی‌آفرین محبوب، همچون ابرو به کشتن او همت بسته‌اند:

گەزمەیەک قەوسێ شەڤێن عاشق بەنیڤا دل کەڤت دی ژ جان دەستان بشوت خاسما کەڤان نوبار بت
(دیوان: ٧٧)

(معنی: اگر تیری از ابروهای محبوب به دل عاشق اصابت کند، باید دست از جانش بشوید، به ویژه اگر این پرتاب از دوشیزه‌ای نوبلوغ باشد).

هەوالنامەی کتێب

توصیفاتی که یک شاعر در جریان عشق‌بازی خود از سینه و گردن می‌آورد، مانند تابویی است که در مغازلات عارفانه کسی پروای آن را ندارد:

بەند کـــرم گـــەر چ شوبـــێ فیـــل بـــــوم　　سیـــم بـــەری ساعێـــد و بـــازو ژ عـــــــاج

(دیوان: ۱۲۸)

(معنی: هر چند در برابر سختی‌های عشق چنان فیلی نیرومند بودم، ولی سینه نقره‌گون و بازو و ساعد عاجینش چنان گرفتارم کرد که مجال رهایی را فرونگذاشت).

شاعر خود را اسیر زلف و کشتهٔ رخسار برافروخته و عرق بر گونه نشسته می‌داند (دیوان: ۱۹۰). او ریزبینانه، از زیورآلات محبوب هم می‌گوید، آنگاه که با دست، زلفش را شانه می‌کند و آن زیورها آشکاره می‌شوند:

تـــوخ و عـــــالا کـــۆ خـــویا بـــون ژ عەجـــەم　　عـــەرەبـان تیـپ شکـــەستن چـــــەپ و راست

(دیوان: ۷۳)

(معنی: منجوق و پرچم مغولان (زیورهای نگار) که از شبیخون عجم (دستان سپید یار) آشکاره شد، به لشکر عرب (زلف سیاه) زد و و آنها را درهم شکستند و از چپ و راست زمین‌گیر شدند). او چنین معشوقی را مانند جوهر فرد می‌انگارد که در وصف نمی‌گنجد (دیوان: ۳۷۳) و خود را عاجز از بیان آن می‌پندارد. ملای جزیری با شکوه تمام از معشوق انسانی خود فخر می‌کند و در شعری بسیار تأثربرانگیز، آن را بر زبان رانده و نمونه‌ای دیگر مانند آن را در ادب فارسی و کردی نمی‌توان یافت (دیوان: ۵۲۰).

۳-۲- محوی

ملا محمد بن شیخ عثمان بالخی متخلص به «محوی» (۱۸۳٦-۱۹۰٦م.) متولد روستای بالخ از توابع سلیمانیه بوده است. او علوم دینی و همچنین طریقت را از پدرش -که مرید شیخ سراج‌الدین نقشبندی بوده- کسب کرد. سپس عازم مهاباد شد و از ملا عبدالله پیر باب کسب فیض نمود و سرانجام به بغداد رفت و در خدمت علامه محمد افندی فیض مفتی زهاوی شاگردی کرد و از او هم اجازه نامه گرفت و به سلیمانیه بازگشت.

او در سلیمانیه خانقاهی بنا کرد و به ارشاد طالبان پرداخت و سرانجام همان خانقاه هم مزار او گردید. محوی به فارسی و کردی و ترکی و عربی شعر سروده است و دیوان اشعار کردی وی در سال ۱۳٤۱ قمری در سلیمانیه چاپ شده است (سجادی، ۱۳۷۵: ۷۲۷). او در

سروده‌هایش عشق را بنیاد زندگی و هستی آدمی می‌داند و بدون عشق اساس زندگی را بی‌محتوان و بی‌بنیاد می‌داند:

سەر کـە جۆشێکی نەبێ، من زرکە تاڵم بۆ چیـە! دڵ کـە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆ چیـە!
(دیوان: ۳۳٤)

(معنی: سری که جوش و خروش عاشقانه در آن نباشد، بسان خربزه‌ای تلخ است و دلی که محرم هوش نباشد، شیشه‌ای تهی است).

او ماندگاری نام فرهاد و شیرین و لیلا و مجنون را مدیون عشق می‌داند و از دولت عشق است که شریف شده‌اند (دیوان: ۳۹٤). عشق است که بندی دلنشین بر دل عاشق می‌نهد و او را گرفتار می‌کند؛ با این وجود، عاشق سرمست است از اینکه بندی عشق است (همان: ۱۰۰). او هم مانند دیگر عارفان زاگرسی، به عشق انسانی هم پایبند است و با آن معشوقش را وصف می‌کند. نگاه او هم مانند دیگر عاشقان، جزئی‌نگرانه و ریزبینانه است و با این شگرد، ندای عمل به آرزوی خود را سر می‌دهد. او نیز از دهان و لب یار (همان: ۱۹۷) و از جوهر فرد بودنش سخن می‌گوید؛ در دید او چشم یار ناوک انداز است و خیل عاشقان را بی‌پروا می‌سوزد (همان: ۲۵۹)؛ و چون ماه او بی‌نقاب به در آید، ماه آسمان را هم شرمنده می‌کند (همان: ۱۲۱) و چون به باغ درآید:

خەرامت چوویە باغ و سەروی بەر بادی خەجاڵەت دا گوڵی هـەر وەک درک ئـاڵاوەنـە داوێنـی واژوونت
(دیوان: ۱۰۸)

(معنی: هنگامی که خرامان به باغ رفتی و سرو قامت زیبا و موزونت را مشاهده کرد، از قامت خود خجالت کشید و گل‌ها نیز خار مانند به دامنت چسبیده و افتاده‌اند).

این توصیفات البته که کلی است و می‌توان آنها را دربارۀ عشق آسمانی هم بازسرود و بازیافت؛ اما آنجا که شاعر به جزئیات درمی‌آید، تمایزها اندک اندک آشکار می‌شوند و میل به زاگرسی بودن را نشان می‌دهند، چنان که در مورد تب خالش می‌گوید:

تەب خاڵەیەکـی جـوان و لـە غایەت بەدەر لەزیز دەرکـەوتووە بـە تەب لە چەنەی دولبـەری عەزیز
وەک سێـوی زیـوی لەعـل تیـا تـەعبیـە کـراو یا تۆپـی گـوڵ کـە غونچەیەکـی دەربچێ لە ریز
(دیوان: ۳۸٤)

(معنی: تب خالی بس زیبا از تب در چانه دلبر عزیزم عارض شده است که چانه را سیب سیمینی کرده که لعلی در آن تعبیه شده یا دسته گلی نشکفته که یک غنچه‌اش شکوفا گشته است).

او دربارهٔ بوسه گرفتن از لب یار ابیاتی سروده که بیت زیر نمونه‌ای از آنهاست:

که بێ لێوی له سەر لێوم بنێ، ڕۆحم له سەر لێوە　　که لێوی لا بەرێ، ئەڵبەتتە ڕۆحم دەردەچێ پێوە
(دیوان: ۳۳۳)

(معنی: اگر یار لب‌هایش را بر لبانم گذارد، از غایت عشق و احساس جان به لب می‌شوم و اگر لبانش را کنار ببرد از غایت ناراحتی می‌میرم).

و دربارهٔ بوسهٔ یار می‌سراید:

ماچـی دەمـی له کەڵکەڵەمـا بوو، چ خۆشی وت　　قرم، ئەی ئەسیری واهیمه، خۆش ناکرێ له هیچ
(دیوان: ۱۳۳)

(معنی: دغدغهٔ بوسیدن لب یار را داشتم اما خوش گفت که ای اسیر واهمه! میسر نمی‌شود).

۳-۳- مولوی

عبدالرحیم بن سید سعید متخلص به «معدوم» و ملقب به «مولوی» (۱۸۰۶-۱۸۸۲م.) زادهٔ تاوگوز بود. او در کودکی علوم مقدماتی را درخدمت پدرش آموخت و در جوانی به بانه و سنندج رفت و در خدمت عالمان دین به کسب علوم و معارف مشغول شد و آنگاه به سلیمانیه آمد و در خدمت ملا عبدالرحمن نودشه‌ای فقه و تفسیر و حکمت و کلام را آموخت و ظاهرا از او اجازه تدریس گرفت و به زادگاهش بازگشت و مدتی به وعظ و ارشاد مردم پرداخت و در این هنگام چون آوازه شیخ عثمان نقشبندی را شنید، ارشاد و وعظ و تدریس را کنار گذاشت و شوریده‌ای آشفته حال و دل از کف شد و به اورامان رفت و حلقهٔ ارادت شیخ را در گوش گرفت و در سلک مریدانش درآمد (صفی زاده بوره‌که‌یی، ۱۳۷۸: ۲۱۱).

مولوی در حکمت و فلسفه و فقه و علم کلام استاد بود و شعر نیکو می‌سرود. او از شاعران برجسته کرد است و از او آثار گرانبهایی به جای مانده که عبارتند از: عقیده المریضه (به کردی گورانی) الفضیله (به عربی)، الفوائح (به فارسی) و نیز دیوانی به کردی هورامی که بازتاب درون سودایی اوست. مولوی اکثر اشعارش را سوگ‌سرودهایی است که در هجران همسرش، عنبر خاتون، سروده است. او شعر زیر را زمانی سروده که به خانه پدر عنبرخاتون رفته تا دخترش را ببیند و بفهمد که آیا از دخترش خوشش می‌آید یا نه. از عنبر خاتون می‌خواهد که برایش آب بیاورد تا با این بهانه او را ببیند. هنگامی که عنبر حاتون آب را به دست او می‌دهد او را به اسم

یکی از محارم که فارسی آن دایی می‌شود صدا میزند (استفاده این کلمه در بین کرد زبانان همانند عمو در میان فارس زبانان است که افراد بیگانه و بزرگتر را با آن خطاب می‌کنند).

مولوی به همین مناسبت این دوبیت را سروده است و در آن از عنبر خاتون می‌خواهد که او را با این اسم خطاب نکند و به خاطر ناراحتی از به کار بردن این کلمه تصمیم میگیرد همانند پسری جوان و چهارده ساله شود:

خـالۆ خـالۆتـەن، کـەم واچـە خـالۆ　　خـالۆ دەم وە بـان خـالانت مـالـــۆ
شـەرت بـۆ مـن جـە داخ خـالۆ خـالۆی تـۆ　　وێـم کـەروو وە کـورِ چـوارده سالـەی نـۆ
(دیوان: ۲۳٦)

او در وصف زلف یار می‌گوید:

وەش وەش تـای توغـرای وێت بنمـانه پێش　　بـا هـەر نـاسـۆر بـۆ، زوو نـەبـتۆ سـارِێش
(دیوان: ۸۳)

(معنی: گهگاهی زلفت را نشان بده که داغ و زخم ناشی از آن تازه شود چرا که زلف‌های تو سیه ماران‌اند و داغ من مار گزیده را تازه می‌کنند).

او زلف و رخسارۀ یار را بازگو کنندۀ زمان صبح و شام می‌داند که بانگ ادای این فرض را یادآوری می‌کنند:

تـا وە زوڵف و ڕووی تـۆ تـەماشامـــەن　　ئـەدای نمـای فـەرز سوبـح و عیشـامەن
(دیوان: ۱٦۹؛ نیز رک همان: ۴۹۹)

(معنی: تا زمانی که زلف سیاه و رخسار زیبایت را نظاره می‌کنم، باید همواره نماز عشا و صبح را به جای آورم).

او شیوۀ دلبری را فقط برازندۀ قامت یار می‌داند (دیوان: ۲۲۳) و تنها چشم اوست که زیبایی را به لاله بخشیده است (دیوان: ۳۴۰). مولوی به نظارۀ دیگر اجزای چهرۀ محبوب هم نشسته و اشعاری زیبا را با تشبیهاتی بکر برای هر یک سروده است.

هـەر یەنـد دڵ لـەبرێـز خـەیاڵی خـاڵەن　　جـە خـیاڵی خـاڵ مـاچـی خـاڵ خـاڵەن
(دیوان: ۵۸۸)

(معنی: دلم از خیال خال یار لبریز شده و تا حدی به آن فکر می‌کند که انگار بر روی آن نقطه‌هایی پیدا و خال خالی شده است).

گاه به دنبال یافتن جاییست که لیاقت محبوب را داشته باشد و بتواند بدون دغدغه محبوب را آن نظاره کند.

ئـاخ پـەی خەڵوەتـێ بدیـام وە بـێ خـەم سیـوای تـۆ دیـدەمم،کـەس نـەدیام وە چەم
دڵ پـەی دیدەنت کـام خـەڵوەت سـازۆ تـۆی دیـدەیچـم بـی مـەردم نمـازۆ
(دیوان: ۸۷)

(معنی: کاش جایگاهی خلوت را می‌یافتم که بدون هیچ غمی و به دور از همه تو را می‌دیدم اما دلم کدامین خلوت را بیابد، زیرا حتی اگر تو را در چشمانم جای دهم مردمک چشمم این اجازه را نمی‌دهد و همراه با من نظاره‌ات می‌کند.

وی هنگام رسیدن یار همه اعضای وجودش را جهت استقبال به پیشواز یار می‌فرستد.

فرسـەتـەن ئـەڕواح بشـۆ وە پێشـواز پـەردەی بینـایی تـۆ پـەی پایـەنـداز
دیـدە فـەرش بـووزۆ وە سەتـحی ڕێشـدا تـاکـە سـەمـەنـدش پـا بـنیـۆ پێشـدا
عەینەیـن! وە ئەسرین ئاوپاشـی ڕاش کـەر با نـەک گـەرد بنیشـتۆ وە گـۆنـای دڵبـەر
شـای خـاڵخـاسان جـەمین پـەڕەی گـوڵ وەی ئـەسـاسـەوە یـاوۆ وە مـەنـزڵ
(دیوان: ٦۴)

(معنی: ای روح و جان فرصت را از دست نده و به پیشوازی یار برو و ای پردهٔ چشمانم تو نیز فرشی برای زیر پای اسبش شو. ای چشمانم تو نیز با اشک‌هایم راهش را آب پاشی و تمیز کن تا گرد و خاک بر گونه‌هایش ننشیند، تا محبوب این گونهٔ به منزل برسد).

گاه توبه می‌شکند.

نـە تـۆی حـەڵقـەی زوڵف دڵەی شێت و وێت شـەرتـەش کـەرد هەنـی دڵ نـەدەرۆ پێت
وەختـێ شۆڵـەی ڕووت نـاگـا دا دیـار ئـەو قسـەی شـەو بـێ، ئیـد شۆڵەی نەهـار
(دیوان: ٤۹۸)

(معنی: دل دیوانه‌ام زمانی که در دام زلف‌های یار گرفتار شد، تصمیم گرفت که دیگر به یار دل نبندد، اما زمانی که ناگهان شعله رخسارت نمایان شد؛ تصمیم و حرف دل، چون شب و شعله‌های رخسار چون شعله‌های روز شد و همه تصمیماتم نقش بر آب شد).

۳- نتیجه‌گیری

زبان عشق، زبانی همه فهم و فراگیر در میان نوع انسان است که از دیرباز نگاه‌های مختلفی بدان شده است. در ایران با قدرت گرفتن عرفان اسلامی، نگاه عاشقانه کم کم تعابیر خاصی یافت و آن را حالتی شیطانی وصف کردند که عارف باید از آن بگذرد تا شایان عشق روحانی به معشوق ازلی و ابدی شود. تقریبا می‌توان این نگاه را در همهٔ سده‌ها رهگیری کرد و دریافت. زیر چتر چنین نگاهی بود که عشق را به مجازی (دروغین) و حقیقی طبقه‌بندی کردند و غایتن مقصد را برای انسان کامل ره یافتن به ساحت عشق حقیقی دانستند که این موضوع در هر دو گرایش عرفانی خراسانی و عراقی نمود یافته است. اما نگاهی دیگر در حوزهٔ جغرافیایی زاگرس هم وجود دارد که عشق را در هر صورت قدسی می‌داند. در این جستار برای بازتاباندن چنین نگاهی، آگاهانه عشق به دو طبقهٔ انسانی و آسمانی طبقه‌بندی شد و این نکته بیان گردید که بر خلاف دو مکتب خراسانی و عراقی، عارفان این حوزه، جمع این دو عشق را روا می‌دانند و در سایهٔ این روایی، تصاویری دلکش از دلدادگی خود را با معشوق انسانی یا آسمانی آفریده‌اند. بررسی اشعار ملای جزیری، محوی و مولوی –که هر سه از عارفان طریقت نقشبندی بوده‌اند- این راستی را نشان داد که چندان مرز روایی بین این دو گونهٔ عشق در عرفان زاگرس خودنمایی نمی‌کند.

حدیث نامه‌ی کتیب

منابع

انصاری، خواجه عبدالله. (۱۳۴۱). *طبقات الصوفیه*، تصحیح عبدالحی حبیبی، کابل.

پورجوادی، نصرالله. (۱۳۷۰). «سیر تحولات معنای عشق». *نشر دانش*، ش. ٦٨، صص ۹۰-۹۲.

پورجوادی، نصرالله. (۱۳۸۷). *بادهٔ عشق*، چاپ اول، تهران: کارنامه.

حلبی، علی اصغر. (۱۳۷۷). *مبانی عرفان و احوال عارفان*، چاپ دوم، تهران: اساطیر.

حیرت سجادی، سید عبدالحمید. (۱۳۷۵). *شاعران کرد پارسی گوی*، تهران: احسان.

ذکاوتی قراگزلو، علیرضا. (۱۳۷۹الف). «عرفانیات (مجموعه مقالات عرفانی).» چاپ اول، تهران: حقیقت.

ذکاوتی قراگزلو، علیرضا. (۱۳۷۹ب). *عمر خیام*، چاپ دوم، تهران: طرح نو.

روحانی، بابا مردوخ. (۱۳٦۴). *تاریخ مشاهیر کرد*، جلد اول، تهران: سروش.

سجادی، سیدضیاءالدین. (۱۳۷٦). *مقدمه‌ای بر مبانی عرفان و تصوف*، چاپ ششم، تهران: سمت.

سعدی، مصلح‌الدین.(۱۳۸٦). *بوستان*، چاپ سوم، تهران: خوارزمی.

شجیعی، پوران. (۱۳۸۰). «حدیث عشق مولوی». *گزارش*، ش. ۱۸۷، صص۷۴-۷٦.

شفیعی کدکنی، محمدرضا (مترجم). (۱۳۸۸). *کتاب النور (دفتر روشنایی)* از محمد بن علی سهلگی، چاپ چهارم، تهران: سخن.

صفی‌زاده بوره‌که‌ئی، صدیق. (۱۳۷۸). *تاریخ کرد و کردستان*، تهران: آتیه.

فروزانفر، بدیع‌الزمان. (۱۳۵۳). *شرح احوال و نقد و تحلیل آثار فریدالدین عطار*، چاپ دوم، تهران: دهخدا.

محوی، محمد بن عثمان بالخی. (۱۳۹۲). *دیوان*، تصحیح عبدالکریم مدرس، سنندج: کردستان.

مولوی، عبدالرحیم بن سعید. (۱۳۸۹). *دیوان*، تصحیح عبدالکریم مدرس، سنندج: کردستان.

ملای جزیری، شیخ احمد. (۱۳۸۹). *دیوان*، ترجمه و شرح شفیع صادقی، ارومیه: حسینی اصل.

هەوالنامەی کێبر

نصیری، علی. (۱۳۸٦). «عشق مجازی و رابطه آن با عشق حقیقی از دید عرفان اسلامی.» *کتاب نقد تابستان*، ش. ۴۳، صص۵۷-۸۸.

هەوالنامەی کتێب

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

ڕەخنەی عەقڵی چەق‌بەستوو: خوێندنەوەیەکی هێرمینیۆتیکی بۆ شیعری مەحوی

یادگار لەتیف شارەزووری[I]

پڕۆفسۆری زمان و وێژەی عەرەبی، زانکۆی سەلاحەدین

تاریخ دریافت: ۱۳ خرداد ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۱۷ شهریور ۱۳۹۸؛ صص ۱۳۵-۱۵۸

چکیده

بیان عمیقا شاعرانه، تنوع دیدگاه‌ها، بازگذاشتن دست خواننده در خوانش به منظور تعامل با او، پیوند متن با زندگی واقعی از جمله مشخصه‌های شعر محوي است. هدف اولیه‌ی او بازنمایی دنیای پیرامون در شعر است؛ همچنین تلاش کرده است که از ذهن ایستا انتقاد کند و خود نیز از آن دوری گزیند. علی‌رغم این‌که محوی شاعری دین‌مدار است، اما نه تنها از واقعیت زندگی غافل نشده است، بلکه با روشن‌بینی و روح متعالی خود سعی کرده است که در جنبه‌های گوناگون از زندگی واقعی بهره بگیرد و قدردانی خود را از زندگی به نمایش بگذارد. این مطالعه شامل سه موضوع است: بخش اول به مفاهیم اصلی نظیر خرد ایستا و مفهوم تفسیر اختصاص یافته است؛ بخش دوم که درباره‌ی انتقاد از خرد ایستا است، دارای دو زیرمجموعه است: یکی پیامدهای خرد ایستا و دیگری پریشانی خرد ایستا است؛ بخش سوم نیز که به بحث افق انتظار و افق حرکت اختصاص داده شده، از دو زیرمجموعه تشکیل شده است: انحراف متنی و چشم‌اندازهای زیبایی‌شناسانه‌ی شاعر است.

واژگان کلیدی: خرد ایستا، نقد، خوانش هرمنوتیکی، محوی

کورتە

قووڵی و ئاستفرەیی و ڕوانگەی هەمەچەشنە و بوارهێشتنەوە بۆ خوێنەر لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی شیعری مەحوین، کە لە ڕێیانەوە هەوڵی داوە دنیابینی خۆی نمایش بکات و بەگژڵادانی فیکر و عەقڵی چەق‌بەستووی باودا بچێتەوە. سەرەڕای ژێرخانە عیرفانییەکەی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تین و جوان‌بینی و ڕۆحبااڵیی عیرفانی وەگەڕ خستووە بۆ سودگەیاندن بە واقیعی ژیاو لە ئاستە جیاوازەکانیدا. ئەم توێژینەوە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ چەمکە دامەزرێنەرەکانی وەک «چەمکی عەقڵی چەق‌بەستوو» و «چەمکی هێرمینیۆتیکای ئەدەبی». بەشی دووەمیش کە ڕەخنەی عەقڵی باوی چەق‌بەستووە، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: یەکەمیان دەرکەوتەکانی عەقڵی چەق‌بەستووە، دووەمیانیش هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی چەق‌بەستووە. هەرچی بەشی سێیەمیشە «ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆک» لە دوو تەوەر پێکهاتووە؛ ئەوانیش «لادانی دەقی» و «دووریی ئێستاتیکایی»ن.

وشە سەرەکییەکان: عەقڵی چەق‌بەستوو، ڕەخنە، هێرمینیۆتیکای ئەدەبی، مەحوی

هەوالنامەی کتێب

[I] yadgar.jamsheer@su.edu.krd

۱- پێشەکی

دونیابینییەکی قووڵ و خۆ نەخزانە ناو چەمکە سواو و چەقبەستووەکانی ڕۆژگارەوە، لە دوو توێی دەربڕینێکی ئیستاتیکایی بەرز و باڵادا، لە هەرە تایبەتمەندیە دیارەکانی تێکستە شیعریەکانی مەحوین. ئەم چەمکانە لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و عیرفانی و بەرچاوڕوونییەکی ئەدەبی زیندوودا نمایش کراون. لەم سۆنگەیەوە تۆڕێکی مەبەستییەتی ئەو ڕەهەند و بەریەکەوتنانە بخاتە ڕوو، کە مەحوی لە چالاکییە داهێنەرانەکەیدا لە دژی عەقڵی چەقبەستووی باو دایمەزراندووە و عیرفان و ژیانی پێکەوە گرێداوە. مەحوی لە شیعرەکانیدا لەگەڵ دوو کایەی سەرەکیی پێکەوە گرێدراوەوە هەڵسوکەوتی کردووە. یەکەمیان لایەنی ئیستاتیکایی پەتییە، کە توانیویەتی لە ڕێیەوە کۆمەڵێك دەقی ئاستبەرزی زمانپاراوای پڕواپڕ لە بەهای هونەری پێشکەش بکات. دووەمیان لایەنی بابەتییە کە لە ڕێگایەوە و لە چوارچێوەی ئاستە ئیستاتیکاییە بەرزەکەیدا پەیامی وریاکەرەوە و بەرچاوڕوونکەرەوەی بۆ خۆێنەرەکانی ناردووە. لێرەوە دەبینین لە ناو تێکستەکانیدا لە تێڕوانینی شاعیرانە و عاریفانەی خۆیەوە گرفتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووریییەکانی کۆمەڵگای دیاریکردووە. چەمکی دینداری ساختەی بەرپەرچ داوەتەوە و ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئایینداری بریتی نییە لە وازهێنان لە ژیان، یان خۆ خەریك کردن بە ڕووخسار و ڕووکەش، بەڵکوو لە تێڕوانینی مەحوییەوە ئایینداری بە واتای ژیاندۆستی و ڕزگارکردنی مرۆڤ دێت لە دواکەوتووبی، لە ڕێگەی ڕزگارکردنی عەقلییەوە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە عیرفانی مەحوی، عیرفانێکی دوورەپەرێزی گۆشەگیر نییە، بەڵکوو عیرفانێکی ئاوێتەبووە بە ژیان و چارەنووسیی تاك و کۆمەڵگاوەیە.

ژیاندۆستی و ئاوێتەبوون بە ڕەهەندە هەمەچەشنەکانی ژیان، وای لە مەحوی کردووە پانتاییەکی گەورەی تێکستە شیعرییەکانی تەرخان بکات بۆ بەگژداچوونەوەی عەقڵی دۆگمای خۆسەپێنەر، کە بە ناوی ئایینەوە ویستوویەتی بەرژەوەندی کەسی بە دەست بهێنێت و ئایین بکاتە ڕاڕەوی بەرژەوەندی خوازی خۆی. لەو کاتەی کە کۆمەڵگە دووچاری دووفاقیی و دارمانێکی گەورە بووەوە لەسەر دەستی چین و تۆێژی بە ناو زاهید و واعیز و سۆفی و شێخەوە، سەرەڕای ئەوەی کە خودی خۆی ئەندامێکی دیاریان بووە، بەڵام ئەمە وای لێنەکردووە کە پەردە هەڵنەماڵێت لەسەر لادانەکانیان، بەڵکو بە هۆی دڵسۆزیی و تواناداری زانستییەوە توانیویەتی خۆی داماڵێت لە ڕەوتی باوی چەقبەستوو. چونکە سەرەڕای ئەوەی مەحوی عارفێکی مەزن بووە، لە هەمان کاتدا زانایەکی گەورەش بووە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە عارفی و ڕۆچوون لە خۆشەویستی خودادا بێ پشتبەستن بە زانیاریی دروست و تەواو نایەتە دی. گرێدانی لایەنی زانست و لایەنی عیرفان و خۆشویستنی خودا وای لێکردووە کە زانایەکی ڕاستگۆی مرۆڤدۆستی

ژیان‌دۆست بێت. ئەم فرەڕەهەندیە تێکستە شیعرییەکانی مەحوی وا لێدەکات چەندین خوێندنەوە هەڵبگرێت و لە چەندین ڕوانگەوە شەن و کەوی دەقەکانی بکرێت.

سەرچاوەی ئەم توێژینەوە تێکستە شیعرییەکانی مەحوین، کە پاش خوێندنەوە و تێڕامان لێیان؛ توێژەر هەڵدەستێ بە شەن و کەوکردنی لایەن و ڕەهەندەکانی ئەم ئاڕاستە هزریە ئەدەبییەی مەحوی. بە سوود وەرگرتن لە چەمکەکانی هێرمینیۆتیکای ئەدەبی نوێ کە بە زەقی لەسەر دەستی فەیلەسوف و توێژەرانی سەر بە قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی سەری هەڵدا، بە تایبەتی لە لای شلایماخەر کە توانی ئاراستەی هێرمینیۆتیکا لە کارکردن بە تەنها لەسەر کتێبی پیرۆز بەرەو تێکستە ئەدەبییەکان و توێژینەوە ڕەخنەییەکان بگۆڕێت. توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ چەمکە دامەزرێنەرەکانی وەک «چەمکی عەقڵی چەقبەستوو» و «چەمکی هێرمینیۆتیکای ئەدەبی». بەشی دووەمیش کە سەبارەت بە ڕەخنەی عەقڵی باوی چەقبەستووە، لە دوو تەوەر پێکهاتووە: یەکەمیان دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستووە کە لەو دەرهاویشتە و ئەو بارە نەشیاوە دەکۆڵێتەوە کە لە پەکخستنی هۆش و هزرەوە دەکەوێتەوە. دووەمیان هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی چەقبەستووە. لێرەدا مەحوی توانیویەتی پاش دیاریکردنی ئاریشەی پەکخستنی عەقڵ و هزر، پایەکانی ئەو هزرە دۆگمایانە لە ڕوانگە ئەدەبی و عیرفانیەکەیەوە هەڵوەشێنێتەوە. هەرچی بەشی سێیەمیشە «ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆک»، ئەوا تەرخانکراوە بۆ ئەو شێوازە جوانیناسانە باڵانەی کە مەحوی پشتی پێبەستوون بۆ دەربڕینی دونیابینی و بەرجەستەکردنی ڕوانگە عیرفانییەکانی لە بەگژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باودا، لە ڕێگەی دوو تەوەرەوە؛ ئەوانیش «لادانی دەقی» و «دووریی جوانیناسانە»ـن.

٢- چەمکە دامەزرێنەرەکان

٢-١- عەقڵی چەقبەستوو

مەبەست لە عەقڵی چەقبەستوو، داخران و سوڕانەوەیە لە دەوری خوددا و نەکرانەوەیە بە ڕووی کایە مەعریفییە هەمەلایەنەکان و بەرپەرچ دانەوەی کرانەوەی زانستییانە دەگەیەنێت. لێکۆڵینەوە لە بوونی مەعریفە و سنوورەکانی، جگە لەوەی باسمان کرد، تێڕامان لە توانایی مرۆڤ و وردبوونەوە لە توانایی پەیبردنی بە دیاردەکان و پرسیارکردن دەربارەی ئەوەی لە خۆ دەگرێت کە ئایا لە تواناییدایە بگاتە هەموو ڕاستییەکان؟ ئایا لە تواناییدایە دڵنیایی مەعریفیی دەستکەوێت؟ کانت، فەیلەسوفی دامەزرێنەری «قوتابخانەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی»، دیارترین بیرمەندە کە کاری لەسەر چەمکی عەقڵی چەقبەستوو و ئاکارە بەدەکانی کردووە. کارەکەشی بە

«فەلسەفەی ڕەخنەیی»[1] ناسێنرا، کە ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە فێرگە و ڕاڕاوە فەلسەفییەکانی دیکە و باوەڕەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە. کانت بۆ ئەم مەبەستە سێ پەرتووکی بەم ناوەوە نووسیوە: «ڕەخنەی عەقڵی پەتی»، «ڕەخنەی عەقڵی پراکتیك» و «ڕەخنەی دەستەواژە، یان حوکمدان» (کەمال، ۲۰۱۷: ۳۵۸).

کانت هەستا بە بەرپەچدانەوەی تێڕوانینی تاك لایەنانەی بیری دۆگمایی کە ناوی «دابڕان» یان «ڕەوتی یەقینی» لێنا. کانت ئەو جۆرە مەعریفە فەلسەفییە یا خود گشتیەی کە بێ‌گومان کردن و لێبێچینەوە، مەعریفە و زانیاری وەردەگرێت و بە توندی دەستی پێوە دەگرێت ناونا بە «دۆگمایی». وشەی دۆگما بۆ ئەو کەسە بە کار دێت کە دەمارگیرە بەرامبەر بیر و بۆچوونی خۆی و گفتوگۆی قبوڵ نییە. بەو کەسە دەوترێت کە بڕوای وایە خاوەنی ڕاستی و ڕاستەقینەیە. ئەمەش وای لێدەکات کە دەستی لێنەهەڵنەگرێت و بیر لە بوونی جۆری تری مەعریفە و زانیاری نەکاتەوە. لە تێڕوانینی فەلسەفیدا ڕەوتی دۆگمایی باوەڕداری کوێرانە یان یەقینی، بریتییە لەو ڕەوتەی کە پەیڕەوانی وای دەبینن کە مرۆڤ لە توانایییدایە بگاتە هەموو ڕاستییەکان، یا خود ڕاستی ڕەوا بە دەست بێنێت، یان بەڵای کەمەوە لە توانایییدایە دەستی بگاتە بەشێکی زۆری ڕاستییە تەواوەکان. ئەوان باوەڕی تەواویان بە عەقڵ هەیە و پێیان وایە کە توانای مرۆڤ لە بەدەستهێنانی مەعریفەدا و لە دۆزینەوەی ڕاستیدا بێ بەربەست و سنوورە. کانت ئەم تواناداریییەی عەقڵی لە سێ پرسیاردا کورت کردەوە: دەتوانم چی بزانم؟ دەتوانم چی بکەم؟ بۆم هەیە ئومێدی چی بخوازم؟

لە بەرامبەر چەمکی «ئازادکردنی عەقڵ»دا لە لای بەیکۆن و دێکارت، کانت چەمکی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی داهێنا. مەبەستیش لە «ڕەخنەگرتن لە عەقڵ» زانینی ئەو پرەنسیپانەیە کە بڕیاردانەکانمانی لەسەر دادەمەزرێت. بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگەینە ڕاستی، بەڵام ڕاستیی ڕەها نا، بەڵکوو تەنها ڕاستیی ڕێژەیی. بۆیە ڕەوتی کارکردنی خۆی ناونا ڕەوتی ڕەخنەیی کە پیشاندانی سەرچاوەکانی مەعریفە و مەرجەکانی هاتنەدییان و لادانی کۆسپ و تەگەرەکان لە بەردەم عەقڵدا لە هەرە کارە لە پێشینەکانییەتی(کنط، ۲۰۱۳: ۲۷ و ۹۰ - ۹۲). کانت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە خاڵی دەستپێکی هەموو ئەو زانیاریانەی لە لامانە بریتییە لە ئەزموونی هەستی. چونکە ئەوەی دەمانجووڵێنی و سەرچاوەکانی «پەیپێبردن» یا خود «هێزە زاناکەمان» لە لا دەهەژێنێ، بە تەنها بریتییە لە شتەکان یا خود ئەو بابەتانەی کە کاریگەری لەسەر هەستەکانمان دروست دەکەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کانت، هەروەکوو هەستگەرا و ئەزموونگەراکان، پێی وابێت سەرچاوەی هەموو زانیارییەکانمان بە تەنها ئەزموونی هەستی بێت، بەڵکوو ئەو پێی وایە کە زانیاری پێشینەی سەرەبەخۆ هەن کە بە تەواوەتی سەربەخۆن و لەسەروی ئەزموون و

[1] Critical Philosophy.

هەستەوەن و پێشیشیان کەوتوون. کانت ئەم جۆرە زانیارییانەی ناوناوە «ترانسێندینتاڵ = بەرزەوەستان»،[1] ئەم زانیارییە پێشترانە پێویستن بەو واتایەی کە خاوەن ئەنجامی یەکلاکەرەو و گشتین و دیاریکردن و تایبەتمەندی تێدانیە (عبدالجبار، ٢٠٠٣: ٣١-٣٢ و ٩٠-٩٢).

بە پێچەوانەی دێکارتەوە، کانت پێی وایە ئەم زانیارییە پێشترانە بریتی نین لە بیرە خۆڕسکەکانمان (الأفكار الفطرية) (بیتر، ٢٠٠١: ١٠٥). هەروەها بریتی نین لە ڕووناکییە خۆڕسکەکان، بەڵکوو زانیاری لە پێشینە یا خود پەرەنسیپە پێشوەختە کانتییەکان مەرجی سەرەکیی گشتگیرەگەر هاتوو بووە هەستیەکانی لەگەڵدابێت و لە ڕێیەوە لە ناو عەقڵدا هەموو زانیارییە زانستییەکان دروست ببن. لەو پەرەنسیپە عەقڵییە پێشینانەی کە کانت پێی وابوو لە ناو عەقڵماندا بوونیان هەیە، دوو وێنەی پێشینەن کە دەیدەین بەسەر پەیپێبەرە هەستییەکانمان و دەیانکەینە چوار چێوەیان. ئەو دوو وێنە پێشینەش بریتین لە: شوێن و کات. چونکە شوێن وێنەی پێشینەیە یا خود چوارچێوەی هەموو زانیارییەکانمانە کە بەهۆی هەستەکانمانەوە دەستمان پێی دەگات. کاتیش بریتییە لە وێنەی لە پێشینە یا خود چوارچێوەی گشت زانیارییەك کە دەستمان پێی دەگات لە ڕێی هۆشەوە یا خود بە هۆی هەستی ناوەکییەوە. چونکە هەموو شتێك کە لە دەری عەقڵمان بێت و بتوانین پەی پێببەرین دەکەوێتە ناو ئەم دوو چوارچێوەیە، واتە چوارچێوەی کاتی و شوێنی (کنط، ٢٠١٣: ٢٤ و عبدالجبار، ٢٠٠٣: ٩٠ - ٩٢). بە دەربڕینێکی کورتر، کات و شوێن دوو فۆرمی لە پێشترن و پێش پەیپێبردنی هەستەکی دەکەون. چەمکی لە پێشتر (Apriori) جگە لە شوێن و کات، کاتیگۆرییەکانی (وتەزاکانی) نێو تێگەیشتنیش دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی کانتەو، کاتیگۆریی لە هیچ ئەزموونێکی هەستەکییەوە پەیدا نەبووە و هەستکردن ناتوانێت لە دەرەوەی بیرکردنەوە و لە نێو دیاردەکاندا هۆکار بدۆزێتەوە. هۆکار چەمکێکی پەتی و کاتیگۆرییە؛ تێگەیشتن بەسەر ئەو ڕووداوانەدا دەیانسەپێنێت کە بەدوای یەکدا دێن و یەکدی دەهێننە کایەوە (کەمال، ٢٠١٧: ٣٦٠). بەم پێیە مەعریفە لەلای کانت لە دوو ڕەگەز پێك دێت:

فینۆمینە: ئەوەی کە هەست بۆمان دەگوازێتەوە (المادة - عالم الظواهر Phenomena).

نۆمینە: ئەوەی لە ناوی عەقڵماندا هەیە کە بریتییە لە پرنسیپە پێشترەکان (الصورة – و عالم الشيء في ذاته (Noumena).

فینۆمینە و نۆمینە دوو لایەنی جیاوازن. لەگەڵ ئەمەشدا کانت لە یەکدییان دانابڕێت و پەیوەندیداریان دەکات. بۆ دەرخستنی پەیوەندییەکان چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە کە لە سەر ئەو بنەمایە ڕادەوستن. گوایە جیهانی دیاردەکان لە ئەزموونی مرۆڤدا ئاماژە بۆ ئەو جیهانە دەکات

[1] (ترانسێندینتاڵ – transcendental) بنەمای وشەکە لاتینییە و بە واتای ژوورکەوتن، سەرکردن و بەرزەوەستان دەبەخشێت. بڕوانە: فەلسەفەی کانت (پەراوێزی ل ٤٠: ٥٤).

که دەرناکەوێت و هەستکردن نایگاتێ. ئەوەی دەرکەوتووە، دیاردەیە و ئاماژە بۆ لایەنی دەرنەکەوتوو لەو دیوی خۆیەوە دەکات. هەروەها دیاردەکان دەگۆڕێن و خەسڵەتیان وەکوو خۆیان نامێنننەوە؛ قەبارە و ڕەنگیان دەگۆڕێت و لە شوێندا دەجوواڵێن. لەو دیوی ئەم گۆڕانکارییانەوە ڕاستەقینەیەك هەیە کە گۆڕانی بەسەردا نایەت و بەردەوام وەکوو خۆی دەمێنێتەوە (کەمال، ۲۰۱۷: ۱۹)

گەر ماده بەرجەستەکەری بوونێکی دەرەکی ناو جیهانی دەرەوە بێت، ئەوا وێنەکە پەرنسیپێکی پێشتری ناوەکی بەرجەستە دەکات. ئەرکی ڕەخنەیی مەعریفەش بریتی دەبێت لە کارکردن لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە دەرەوە بۆمان دێت و ئەوەی ئێمە دەیخەینە سەر بووە هەستیەکان، لە وێنەکان یا خود لە پەرنسیپە پێشترەکان یا خود قاڵبە پێشئەزموونەکان. بۆ نموونە: من لە ڕێگەی هەستکردنەوە ڕەنگ و قەبارەی مێزەکەی نێو ژوورەکەم دەبینم و دەستەواژەیەکی وەکوو «مێزەکە سپی و چوارگۆشەیە» دروست دەکەم. بەڵام دەستەواژەیەکی وەکوو «جیهان سەرەتای هەیە» بەم جۆرە دروست نابێت. چونکە ڕاستی و ناڕاستی ئەو دەستەواژەیە بە ئەزموونی هەستەکی تاقیناکرێتەوە و ناسەلمێنرێت. خودی دەستەواژەکەش لە ئەزموونی هەستەکییەوە سەریهەڵنەداوە. زانین سەبارەت بەو ڕاستییەی لەم دەستەواژەیەدا دەربڕاوە، بۆ «هۆش = عەقڵ» دەگەڕێتەوە و پشتبەستە؛ واتە هیچ بنەمایەکی هەستەکی نییە و پێش هەستکردن دەکەوێت (کنط، ۲۰۱۳: ۲٤ و کەمال، ۲۰۱۷: ۱۵ – ۱٦) .

کەولتاقەی کتێب

۲-۲- هێرمینیۆتیکا

ڕەگ و ڕیشەی هێرمینێۆتیکا[1] دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ کە جگە لە کتێبی *هونەری شیعر* لە *ئەراگۆن*ـدا تێزێکی مەزنی لەسەر زاراوەی «هێرمینیوتێکا» نووسی. بەکارهێنانی زاراوەی هێرمینیوتێکاش لە سەردەمی نوێدا بۆ پەرووکی نهێنیی هێرمینیوتێکا لە ١٦٥٤ـی دانوستەر[2] دەگەڕێتەوە. هەرچی پێشکەوتنی مێژوویی هێرمینیوتێکاشە ئەوا پەیوەستە بە پەرتووکی ڕاڤەی سەرەکی بۆ سەردەمی نوێ - ١٧٦٤ـ ی جوهان ئۆگست ئەنستە[3] کە پەرتووکێکی باوەڕپێکراو بوو. شلەیماخەر[4] ڕووبەڕووی ئەو پەرتووکە بووەوە کاتێك بە تێڕوانینێکی نوێیەوە لە هێرمێنێۆتیکای کۆڵییەوە و یەکەم توێژەر بوو هێرمێنێۆتیکای لە لاهووتەوە گواستەوە بۆ ناو کایەی

[1] Hermenyutiqa.

[2] Danustr.

[3] Johan Auguste Ernsta.

[4] Friedich Seheiermacher (1768-1834)

ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی. ئەوەی بە تەکنیکێکی وەرگێڕانی دەقی دادەنرا، لەلای شلەیماخەر بوو بە پرەنسیپێك بۆ تێگەیشتنی گشتی (ویلیك، ٢٠٠٠: ٦٢ و ٦٩).

دەکرێت پێناسەی هێرمێنیۆتیکا بکەین بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاری و تەکنیك، کە بوار دەدات هێماکان بهێنرێنە گۆ و وتاکانی بدۆزرێتەوە (آرون، ١٤٩٩هـ - ٢٠١٢: ١٢٥٣). بابەتی تێگەیشتن لە گرنگترین ئەو بابەتانە بوو کە هێرمێنیۆتیکا کاری لەسەری کرد. ئەم گرنگیدانەش لەلای هێرمینیۆتیکارە کۆنەکان و نوێیەکان دەبینین، هەر لە هێنریش یۆهن زیدلەر[1] و یۆهان مارتن کلادنیس[2] و فەردریك شلەیماخەر و فیلهیلم ڤۆن هەمبولت[3] و یۆهان گوستاڤ درۆیزن-ەوە بۆ فیلهلێم دەلتای[4] و هایدیگەر و گادامێر و پۆل ریکۆر. هەر لە گۆشەنیگای چەمکی تێگەیشتنەوە، شلەیماخەر پێناسەی هێرمێنیۆتیکا دەکات کە بریتییە لە هونەری تێگەیشتن. هەمان پێناسە لەلای گادامێر دەبینین کاتێك وای بینی کە ئاسۆکانی ئەوسا و ئێستا لە ناو تێگەیشتندا ئاوێتەی یەك دەبن. دەلتایش دەڵێت هێرمێنیۆتیکا هونەر و زانستی تێگەیشتنی تەئویلە. هەر بۆیە دەلتای پێی وایە کە هێرمێنیۆتیکا هەڵقوڵاوی کایەکانی زانستە مرۆییەکانە و تێگەیشتن و تەئویل دەکاتە بابەتێکی شیکاری-مەعریفی. نزیك لەم تێڕوانینەش پۆل ریکۆری فەیلەسوفی فەرەنسی لە بواری هێرمێنیۆتیکا دەڵێت: هێرمێنۆتیکا تیۆری کردارەکانی تێگەیشتنە لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان تەئویل و دەقەکانەوە (حامد، ٢٠١٤: ٨ و١٣-٥٦ و٨٣).

هەواڵنامەی کێشبڕ

٣- ڕەخنەی عەقڵی باوی چەقبەستوو

ڕەخنەی عەقڵی چەقبەستوو لە تێکستە شیعرییەکانی مەحویدا، لە دوو ئاستی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێت:

٣-١- دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستوو

دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستوو لە شیعری مەحویدا، گرێدراوی واقعی ژیاوی خۆیەتی. بەڵام واقیعێکی دانەبڕاو لە ئێستای ئێمە، کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمە پێکهێنەری بوارەکانی ئەم تەوەرەن، کە دەکرێ کورتیان بکەینەوە لە واعیز و زاهید و سۆفی و شێخدا. مەحوی

[1] Johann Heinrich Zeidler.

[2] Johan Martin Kladenius.

[3] Wilhelm von Humboldt.

[4] Wilhelm Dilthey.

کرداری ئەمانەی خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنەی عەقڵەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەحوی پەردەی لەسەر چەق‌بەستوویی مادی و مەعنەوییەکانیان لادەدا:

لا لغاوی واعیز ئەمڕۆ مەد ئەدا، دەم پڕ لە کەف ریشی قیروسا، کتێبی وەعزەکەی بوو بەر تەرەف
زاهید و سۆفی بەشەڕ هاتن لەسەر تەزویر و شەید خێری ڕەندانە خودا کا بەرتەرەف بێ هەر تەرەف
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲۱٦)

ڕەخنەی مەحوی لەسەر هەر دوو لایەنی مادی و مەعنەوی، «ڕوخسار و دەمی گەرم داهاتو و ڕیشی واعیز» کە ئاماژەن بۆ ناکارامەیی و بێ توانایی لە پێشکەشکردنی وتاردانداو، لەگەڵ «ئاست نزمی زانیاریی واعیز» کە بوونی کتێبی وەعزەکەی بە دەستییەوە ئاماژەیە بۆ تەنکی ئاستی ڕۆشنبیری کە پشت بە تەنها کتێبێك دەبەستێت لە وەعز دانا، بە ئاماژەی ناساندن کە کتێبی وەعزەکەیە. گرفتی گەورەی ئەم بە ناو واعیز و زاهیدانە ئەوە بووە کە دووچاری عەقڵێکی داخراو بوونەتەوە، بێ ئەوەی هەست بەو داخراوی و چەق‌بەستوویە بکەن:

واعیزم پرسی، یەکێ شۆخانە جوابی دامەوە وەعزی چی؟! سەرلنگە دەستاڕێ کڕەی دەستاڕی هات
شێخ و تورڕەی مێزەر و نەقل و نوقوولی هیچ و پووچ من بە تورڕەی یار ئەسیرم، ئەو بە کۆڵێ تورڕەهات
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۸۲)

لە سۆنگەی بەگژداچوونەوەی دیاردەی عەقڵی داخراودا، مەحوی لە شیعرەکانیدا لە زۆر ئاستدا و بە زەقی پەردە لەسەر لایەنی ڕووکەش‌کاری دەستەیەك لادەدا کە خۆیان بە ڕێنمایی‌کەر ناساندووە. ئەمانە لە ناو کۆڕی زیکرەکاندا سەر وەك دەستار دەجوڵێنن و ناخیان چۆڵە لە جەوهەری عیرفانی ڕاستەقینە. لەبەری ئەوەی واعیز و شێخ کەسانی خاوەن هزری کراوە بن، کە چی بە پێچەوانەوە بوونەتە سەرچاوەی دۆگمەیی و داخران و نایەکانگیری کردار و گوفتار، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێ: شێخ و مێزەری خڕی سەری و ئامۆژگاری‌کردن و قسەی زانایان و پیاوچاکان گێڕانەوەییم هەموو لەلا هیچ و پووچە. چونکە هیچی لە سەرچاوەی ڕاستییەوە هەڵنەقوڵاوە. ڕاست ئەو خۆشەویستەیە کە لە دڵی منداید کە منی دیلی زوڵف و مووی ئەملاولای ناوچاوانی یار کردووە، نەك ئەو تورڕەهات و شتی هیچ و پووچ و ئاوەکییانەی کە بوون بە بار و چوونەتە کۆڵی ئەو (مەحوی، ۱۸۳۷: ۸۲). ئیتر کار دەگاتە ئەوەی ئەو خەڵکەشی کە بە دەور ئەو جۆرە بە ناو واعیز و شێخانەدا کۆبوونەتەوە، دونیاپەرست بن، تەنها ناوی خودا بۆ سوێندخواردن بەکار بهێنن، لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ نەداتەوە:

لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خوودا داوێنی یا خوا بگرە، بەردە ناخودا
بێ کەس منم، کەسێ لە زوبانم بگا نییە هەمدەم خودا نەناسن و دەم پر لە یا خودا
عەهد و وەفایە سوخرەیی بەد عەهدی و جەفا هەرما بە دادی ئەهلی وەفادا بگا خودا

مەولانا کتێب

غەیری ئەمە کە سوێندی پێ بخۆن و بەس قوربانی ناوی، ناوی لە ناوا نەما خودا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۳۷)

ئەم سوێند بە درۆ خواردنە دەچێتە خانەی درۆکردنەوە بە پێی تێڕوانینی کانت؛ چونکە درۆکردن لە کۆتاییدا بریتییە لە بەجێنەگەیاندنی ئەو پەیمانەی سوێندخۆر ڕاشکاوانە یان ناڕاشکاوانە بە بەرامبەری دەدات،.سەرچاوەی ئەم بە جێنەگەیاندنەش کورتبینی و بە هەند وەرنەگرتنی خود و بەرامبەری ئەوی دیکەیە (دریدا، ۲۰۱٦: ٦). تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی مەحوی لەو چینە لە وەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوانە دووچاری دەردی ناڕاستگۆیی بوونەتەوە؛ لە ڕووکەشدا شتێك بوون و لە کردار و جەوهەردا شتێکی تر، بۆیە مەحوی ڕوو دەکاتە زاهید و پێی دەڵێ وەرە ڕوویەك بکە ڕێگای عیشق، وەنەبێ خوداوەند تەنها ڕێی ئەوانە بدا کە کەسن، ڕێگای خودا؛ ڕێگای عیشق جێی تۆیشی تێدا دەبێتەوە:

زاهید وەرە ڕوویێ بکەرە بارەگاهی عیشق عالی جەنابە، وانییە هەر ڕێ بدا بەکەس
بەو تاعەتە کە بۆ ئەم و ئەویە، بەهەشتی ویست زاهید ئومێدەوارە بە ئەجری ریا ریاض
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۸۹)

ئیتر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا ڕاستگۆیی و وەفا و کەسی هۆشمەند و مەردایەتی کەم بێتەوە و ببێتە شتێکی دەگمەن:

مەسەلی عەهد و وەفا وەك مەسەلی عەنقایە پیاوەتی باسی لە کن کەس مەکە، ئادەم بووە قات
بە دوو بەیتێ غەم و دەردی دڵ ئەگەر بێنمە عەرز کەسێ وا عەرزی کرێ خۆ نییە، مەحرەم بووە قات
بە هەموو دەم لە سەدەد باس و قسەی ئەو دەمە دام کە دەمێ باسی بکەم، کەس نییە، هەمدەم بووە قات
بە حەددێ بێ ئەدەبی باوە، لەمەولا سەییاد پەکی راوی بکەوێ کەلبی موعەلەم بووە قات
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۹٦)

جگە لەمە مەحوی ڕەخنەی توندی ئاراستەی دیمەن کاری و ڕووخسار پەرستی و ڕووکەش‌کاری زاهید و سۆفیەکانی سەردەمی خۆی کردووە، کە بەرهەمێکن لە بەرهەمەکانی چەقبەستوویی عەقڵ (مەحوی، ۱۸۳۷: ۲۵۰).

مەئلووفە زەوقی زاهید ئەوەندە بە تامی نیسك بێگانە ماوە شەممی لە نەشئەی خیتامی میسك
کە شێخ و واعیز و سۆفی بە جەننەت بەن گەد و گیپاڵ دەبێ ئەمسالی ئێمە بۆ جەهەننەم بەن سڕو سیپاڵ
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲٤٤)

لە ڕێگەی ئەم دەرخستنەی مەحوییەوە تێدەگەین کە ڕیاکاری و قوولنەبوونەوە لە کایە مەعریفی و ئاکاریەکان بەرهەمی عەقڵی پەك خراون. تەنها چارەسەری ئەو جۆرە دەردانە و تاکە ڕێگەی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا بریتییە لە کارکردن لە سەر هۆشیاری، کە ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی عەقڵی زیندووی کارکەری بیرکەر. کورتبینی و دونیاپەرستی یەکێکی تری لە کایانەی مەحوی

کاری لەسەر کردووە و بە بەرهەمی عەقڵی چەق‌بەستووی داناوە. ئەم ڕەهەندەش بە قووڵی لە قەسیدەی مەخلوقدا دەبینین:

ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلوق
بە پەل پەل کردنی سبحەی ئەگەر ببوایە باوەڕیان
بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو

لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینی وەلوولەی مەخلووق
دەبوو قەت بەم حەدە نەبوایە بۆ دنیا پەلەی مەخلووق
هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلوق
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲۲۱)

لێرەدا گرفتی عەقڵی چەقبەستوو، گرفتی کورتی تێڕوانین و توانەوەیە لە ناو کۆڕەوی ئاپۆرەدا. هەموان هەڵپەی بە دەستهێنانی دەستکەوتی مادی وای لێکردوون عەقڵیان وابەستی ئەمڕۆ بن و هۆشیاریان بەرامبەر بوونی ڕاستەقینە لە دەست بدەن کە سبەینێیەط واتە ڕۆژی دوایی. هەمووان شوێن سەراب دەکەون بە نیازی ئاو، کە چی لە وشکیدا گیان لە دەستدەدەن و دەمرن. بۆ دروستکردنی هۆشیاری بەرامبەر ژیان و تێگەیشتن لە سروشتی کورت خایەنی؛ مەحوی ڕووبەڕێکی گەورەی تێکستەکانی بۆ ئەم بەرچاو ڕوونیە تەرخان کردووە. قەسیدەی «لە ڕۆژێ هەڵدرا»ی بە تەواوی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە و لە ڕێگەی چەندین وێنەی شیعرییەوە بەرجەستەی ئەو کورتخایەنییەی ژیانی دونیای کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕوونتر لە سروشتە گەڕۆکە پڕبزاوتە فەوتێنەرەکەی ژیان تێبگات. چونکە ڕەهەندە مەعنەوییەکان چەندێك بەرجەستە بکرێن بە ڕەهەندە مادیە بەردەستەکان، هێندە قووڵتر دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا ببەستێت و کاریگەری لەسەر دروستبکات. چونکە گەشە و هۆشی مرۆڤ دەرهاویشتەی ئەو ژینگە مادیەن کە مرۆڤ تیایدا دەژی:

لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆ شینە
دەبینی جێیەك ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادە نۆشینە
لە کێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت؟
سەفای سافی جوانی ڕۆیی و دوردی دەردی پیری هات
کوڕی بێ، تا سەر ئەم دایەی زەمانە مەمکی کەس نادات

لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە
سبەینێ زوو زەمانە وەزعی گۆڕیوە، لە نۆ شینە
عەزاپۆشی چیپە و کێپە، جلی پیرۆزە بۆ شینە!
خوماریّ ماوە بەس ئەمشەو لە بادەی بەزمی دۆشینە
کەسەعیە شیری شەفقەت (مەحویا) لەم شێرە دۆشینە
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۳۲٤-۳۲٦)

مەحوی دەستپێکی ژیانی دونیای بەستوەتەوە بە هەڵدانی یان خوڵقاندنی ئاسمانی شین و پاشان وێنای کردووە بە «کۆنە خێمەی تان‌وپۆ شین»، خۆشی و ڕابواردنی ژیانیشی وێنا کردووە بە «بادە نۆشین». کار گەیشتوەتە ئەوەی بێ گیانیشی هێناوەتە ناو کایە هۆشداریەکەیەوە و وەك هۆشدارێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووە: «جلی پیرۆزە بۆ شینە». کۆتایی هاتنی گەنجێتی و خۆشی ژیانیشی بە «دورد» واتە بە خڵتەی بنی پیاڵەی شەراب وێناکردووە. واتە سەرەتا و جوانی تەمەنی بە پاڵاوتە و دەردی پیری و بەرەوکۆتای ڕۆشتنی تەمەنیشی بە خڵتە و یادەوەریەکانی لاویشی بە

خومار و سەرئێشەیەکی پاشماوەی لاچوونی سەرخۆشی کە بە مەیخۆرەوە دەمێنێتەوە وێنا کردووە. زەمانەش کە ڕەهەندێکی ڕەهای نابەرجەستەیە، لە ڕیگەی گرێدانی بە دایکەوە بەرجەستەکراوە. لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بڵێ دونیا تا سەر بۆ کەس نابێ و با کەس پێی نەبێ بایی، پشتی بە وێنەی شیعری بەستووە و بۆ بەرجەستکردنیشی کرداری شیردانی بەکار هێناوە لە ناو کایە کاتی و شوێنیەکەیدا. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە «دیاردەکان لە نێو کات و شوێندا خۆیان بۆ ئەزموننی هەستەکی دەردەخەن» (کەمال، ۲۰۱۷: ۱۷). ئەم بەکارهێنانە هونەرییە لە پشتییەوە مەبەستێکی قوڵ هەیە، کە خۆی لە باش دواندنی وەرگردا دەبینێتەوە بۆ بەهێزکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵیدا. چونکە چەندێك خوێنەر لە ڕێگەی ژینگەی ژیاوی خۆیەوە بدوێنرێت. هێندە جوانتر لە چەمکە مەعریفی و ئیستاتیکاییەکانی تێکست دەگات.

۳-۲- هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی چەقبەستوو

لە پێناو بەرپاکردنی بەرچاوڕوونی و ڕزگارکردنی عەقڵی تاك و کۆمەڵگە لە دۆگمایی، مەحوی پاش ئەوەی پێکهێنەرەکانی عەقڵی چەقبەستوو دیاری دەکات، هەوڵی هەڵتەکاندن و هەڵوەشاندنەوەیان دەدات. چونکە ئەو پێی وایە گەر سەرچاوەی ئەو چەقبەستووییە تێکنەشکێنرێت، بە هیچ شێوەیەك بەرەو پێشچوون نابەتە ئاراوە. ئەم تێڕوانینە وای لێکردووە هێرشی توند بکاتە سەر سەردەستەکانی عەقڵی چەقبەستووی سەردەمی خۆی کە بریتین لە زاهید و سۆفی و شێخ. خۆ بەکەم زانین و دونیاپەرستی، ئەو هۆکارە سەرەکییەیە کە وا لە هەندێك کەس دەکات عەقڵی خۆی لە پێناودا بچووك بکاتەوە و مرۆڤبوونی لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خوازیدا کورت دەکاتەوە، وەك چۆن ئەم تێڕوانینە بە دیاری لە دەقی «بۆ پارە حەیفە»دا دەبینین:

بۆ پارە حەیفە خۆ دەکەیە پوولی ناڕەواج — بۆ پارۆیکی نان ئەسەفە ڕوو دەکەی بە ساج
ڕێی دا لە قاپیا بمرم، پێشی سەر سەرم — نا، وا گەدا دەبێ بە خوداوەندی تەخت و تاج
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۲٦)

مەحوی لێرەدا تواناداریی زمانەوانی خۆی بەگەڕ خستووە و هاتووە ئەوەی بە دوای پارەدا دەگەڕێ بە پارەیەکی بێ ڕەواجی داناوە. ئەوەی هەر لە هەوڵی نان بێ، شەرمەزار دەبێ و ڕووی لە ناو کۆمەڵدا وەك ساج ڕەش دەبێ. بەختیاریی ڕاستەقینە لای مەحوی ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێناوی خواستی پیرۆزی خۆیدا تێبکۆشێ، نەك عەقڵی خۆی بداتە دەست عەقڵی بەرژەوەندی خوازییەوە (مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۲٦). هۆشیاری بەرامبەر بە خود، کایەیەکی تری لەو کایانەی کە

مەحوی لە رێیەوە ڕووبەڕووی چەق‌بەستوویی عەقڵ بووتەوە. لە تێڕوانینی مەحویەوە کە مرۆڤ توانی بە ئاگا بێت لە کەم‌وکۆڕیی خۆی، هۆشیار بوو بەرامبەر چەمکە دەق بەستووەکان، ئەوا ئەمە دەبێتە مایەی ڕزگاربوونی لە کۆت و بەندی چەق‌بەستوویی، چونکە بەرەوپێشچوون و کرانەوە و داهێنان وابەستەی هۆشیاری مرۆڤ و زانینی تواناکانی خودە:

چ بکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس — خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس
گەر ئیشی ڕۆحتە، کە نەبوو کەس بە دەستەوە — دەست هەڵگرە لە ڕۆح و مەبە ئیلتیجا بە کەس
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۸۷)

لێرەدا ئەو سەنتەری چەق‌بەستوویی تێکدەشکێنێت گەر خودی خۆیشی بێت، چونکە ئەو جگە لە والاکردنی دەرگای دانپێدانان و دەرخستنی کەم‌وکۆڕیی خوی، گەر بازنەی چەقبەستن و چەق‌بەستووی خۆیشی بێ نایهێڵێ و بەرپەرچی دەداتەوە. بە خۆی دەڵێ، تەنانەت بۆ مەسەلەیەکیش کە پەیوەندی بە گیانتەوە ببێ، ئەگەر کەسێکت دەسگیر نەبوو لە خۆیەوە بەفریات بگات، تۆ دەست لە گیانی خۆت هەڵبگرە، ئەوە باشترە لەوە پەنا بەریتە بەر کەسێك کە لەوانەیە دەست بە ڕووتەوە بنێ (مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۸۷). دیارترین ئاستی هۆشیاری خود لە لای مەحوی خۆی لەم دانپێدانەدا دەبینێتەوە ئەو خۆی بە پاك و بێگەرد و گەورە و زانا ناناسێنێ، سەرچاوەی ئەم بەرچاوڕوونیەشی هۆشیار بوونەتی بەرامبەر بە خودا و بە خود و بوون:

له ڕوو سووری عیبادەت لام و ڕوو زەردی خەجاڵەت مام — بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم
شوکر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە — کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲٦۱ - ۲٦۲)

چەمکی هۆشیاری لە لای مەحوی ڕەگی داکوتاوە. گەر بێت و بمانەوێت نهێنی عەقل کراوەیی مەحوی بزانین، ئەوا بێگومان سەرچاوەکەی هۆشیاریيە. هۆشیاری بەرامبەر بە ژیان و بەرامبەر بە تەمەن و بەرامبەر بە ئەو دونیا. ئەم جۆرە هۆشیاری و عەقڵکراوەییە وای لێکردووە حەق‌ویست و حەق‌بێژ بێت و سڵ لە وتنی نەکاتەوە:

بە حەق هەر حەق، بە ناحق ناحەقم وتووە لە ڕۆژێ بووم — وەکوو مەنسوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲۷۰)

لەو تاکە بەیتەدا چوار جار وشەی حەق دووبارە کراوەتەوە. هەموو دووبارە کردنەوەیەکیش گرنگی دووبارەکراوەکە دەردەخات. بە جێگەیاندنی حەق‌ویستی ئاسان نییە، تەنها کەسانی عەقڵ‌کراوە و خۆتەرخانکەر بۆ بەرجەستەکردنی دەتوانن پێی هەڵسن. لێرەدا دەقەکە ناڕاستەوخۆیانە ئەو پەیامەمان پێدەڵێت کە حەق‌بێژی و حەق‌ویستی عەقڵی کراوە و خۆبەختکردنی دەوێت. بۆ ئەو مەبەستەش مەحوی ئیبن عەرەبی و مەنسوور وەك ڕەمزێکی ئەو خۆبەختکردنە بەکارهێناوە.

لێرەوە مەحوی کانتئاسا گرنگی دەدات بە تێگەیشتنی گشتی (کنط، ۲۰۱۳: ۱۰. ۲٦۱ – ۲٦۲). بە مرۆڤئاسایی و بە ڕاستی و ڕاستگۆیەکەی ئەمەش وای لە دەقەکانی مەحوی کردووە، دەقێکی دژ بە چەقبەستوویی بێت، هەر دەم ڕەخنە لە خۆ بگرێت پێش ئەوەی ڕەخنە لە واقیعی داتەپیو بگرێت.

گۆڕینی ڕەوتی سۆفیگەریی باو و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی، یەکێکی تر لەو کایانەی کە مەحوی بەرچاوڕوونی تێدا بەرجەستەکردووە و مەبەستی بووە تەوژمێکی لادەری ناوی ڕەوتی سۆفیگەری پێ ڕاست بکاتەوە. ئەم ڕەهەندە قوواڵەش لە تێکستی (تێگەیی)دا دەبینین، کە تیایدا دەڵێت:

با حەقیشی بێ، لە بۆ مەنسوور «أنا الحق» حەق نییە شێتیە، مەجنون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۵۱)

مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەجنوون چەندێك عاشق بێت، نایەت بڵێ من لەیلام و نازی لەیلا ناکات؛ گەر بیکات، کەس لێی وەرناگرێت، هەرچەندە ناویشی مەجنوون بێت. ئیتر مەنسووری حەللاج چۆن دەتوانێت بانگەشەی «أنا الحق» بکات. ئەمە یەکێکە لەو چەمکانەی کە مەحوی مەبەستی بووە لە ڕێگایەوە چاکسازی و ڕاستکردنەوە ئەنجام بدات لە ناو هزری تەوژمێك لە تەوژمەکانی ڕەوتی سۆفیگەری کە دووچاری لادان و خۆیەکسانکردن بووبوونەوە بە خودایان. تەنانەت سنووری ئەوەی کانت ناوی لێنا «چەمکی لە پێشتر و ترانسێندینتاڵ» تێپەڕێنن. لە پێناو ڕاستکردنەوەی ئەم بارە خوارەدا، مەحوی دوو ئاراستەی گەورەی پێکەوە گرێدا؛ ئەوانیش عیرفان و ژیاندۆستییە. هەر دووکیانیشی لە ناو ئەدەبدا توانەوە. ئەدەبی کردە ئەو بوارەی کە لە یەك کاتدا هەم دەربڕین بێت و هەم پڕۆژەی چاکسازی و هەم پێشکەشکردنی جوانی و ژیاندۆستی بێت. تەنانەت مەحوی خودی خۆی کاتێك دێتە سەر دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری ڕابەری (د.خ) لە قەسیدەی «و صلی الله علی» هیچ جۆرە لادان و زیادەڕەوییەك ئەنجام نادات:

«و صلی الله علی» ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە کە دەرکی غەوری ناکا «غیر علم الله سبحانه»
«و صلی الله علی» ئەو حەزرەتەی ساحێب کەمالاتە کە ئەعلا موعجیزەی، قوربانی بم من، نووری قورئانە
چرایەك نووری بێچوونی مومیددی بێ، دەبێ وا بێ چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا، بۆ تا ئەبەد مانە
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۲٦٤ - ۲٦۹)

گەر سەرنج بدەین لەم نموونەیە و تەواوی قەسیدەکە، دەبینین بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ هەموو پایەکانی زیادەڕۆیی تێکشکاندووە. چونکە دەقەکە پڕواوپڕە لە یەکتاپەرستی، هیچ جۆرە ئاماژەیەکی تێدا نییە کە هاواری لە پێغەمبەر (د.خ) کردبێت، یان وەکو زاتێك یا خود وەك سەرچاوەی یەکەم تەماشای بکە. گەورەیی و مەزنی پێغەمبەر (د.خ) دەبەستێتەوە بە خودای

گەورەوە، هەموو سەرچاوەی نووسەرەکەی و تواناداریەکەی دەبەستێتەوە بە نووری سەرەکییەوە کە خوای گەورە خۆیەتی (نووری بێچوون / بێ هاوتایی).

۴- ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆك

گژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باودا پشتی بە کۆمەڵە شێوازێکی ئێستاتیکایی باڵا بەستووە کە خۆی لە چەمکی ئاسۆکانی چاوەڕوانیدا دەبینێتەوە. لە بنەمادا چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر و وەرگرەوە. ئەم کارلێکەش بنچینەی هەموو خوێندنەوەیەکە بۆ هەموو کارێکی ئەدەبی. ئێستاتیکای وەرگرتن کە میتۆدێکی ڕەخنەیی پاش مۆدێرنەیە، درێژە پێدەرەی هێرمینیۆتیکای ئەڵمانییە و لە ناو قوتابخانەی «کۆنستاس»ـدا لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی دوو دیارترین توێژەری ئەو قوتابخانەیە کە یاوس و ئایزەرن سەری هەڵدا. یاوس بە پێویستی دەزانێت لێکۆڵینەوەی کارە ئەدەبییەکان چەق نەبەستێت لەسەر دەق، بەڵکوو بە هەمان پلەی گرنگیدان بە دەق، پێویستە گرنگی بدرێت بە هاتنەوەڵام و ئەو شوێن پەنجانەی دەقەکە لەسەر خوێنەر بە جێی دەهێڵێت (ئایزەر، د.ت: ۱۲).

توانستی کاریگەری بەجێشهێشتنی هەر کارێکی ئەدەبی پەیوەستە بە سێکوچکەیەکی پێکهاتوو لە دەق و خوێنەر وکارلێکی نێوانیان (الکردی، ۱۹۹۹: ۲۱). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە خوێندنەوەی دەق کردارێکی بێ لایەن نییە؛ چونکە خوێنەر خوێندنەوەکانی پێش خوێندنەوەکەی خۆی بەسەر کردووەتەوە لەگەڵ کۆمەڵێتێۆرێکی گشتگیردا کۆیکردوونەتەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵە چاوەڕوانییەکی دیاریکراو بە ئاراستەی واتایەکی دیاریکراو (علیمات، ۱٤۲۳ ه - ۲۰۰۲: ٤٥٠). بەم پێیە کاری ئەدەبی وەك ڕاقەیەکی نەوە بە دوای یەکدا هاتووەکان دەردەکەوێت؛ چونکە کۆمەڵی خوێنەران کاردانەوەیان بەرامبەر کارە ئەدەبییەکان گرێداوە بە ئاسۆیەکی چاوەڕوانی دیاریکراوەوە، واتە بە کۆمەڵێك نەریت و یاسا و ڕێسایەکەوە (علیمات، ۱٤۲۹ هـ - ۲۰۰۲: ٤٤٧).

ئەو ڕێگایانەی دیالۆگی نێوان وەرگر و دەقی پێ ئەنجام دەدرێت، بە یەکێك لە هەرە لایەنە گرنگەکانە کە ئایزەر لە ژێر سێبەری چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیدا کاری لەسەر کرد. ئەم ڕێگەیەش بەرجەستە دەبێت لە پەیوەندی دیالێکتی دووانەی «چاوەڕوانی / نەمانی چاوەڕوانی». چاوەڕوانی بریتییە لە بە تەما بوونێکی تێکەڵ بە ئاوات، وەك ئاستی ئەو سەرکەوتنەی کە مرۆڤ ئاواتەخوازە بۆی لە کاتی هەستانی بە ئەنجامدانی کارێك، بەڵام نەمانی چاوەڕوانی ئەوا بریتییە لە شکاندن و پووچەڵکردنەوەی ئەو بەتەمابوونە؛ لەم حاڵەتەشدا نەهاتنە دی ڕووبەڕووی کرداری چاوەڕوانی

دەبێتەوە (هولب، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤: ٢٣١). دەکرێت چەمکی ئاسۆکانی چاوەڕوانی لە شیعری مەحویدا بەسەر دوو بەشدا دابەش بکەین. ئەوانیش فرە ئاسۆیی و دووری ئێستاتیکاییە.

٤-١- فرە ئاسۆیی

ڕەخنەگرانی تیۆری وەرگرتن - کە بەرهەمی بزاڤی هێرمێنیۆتیکان - لەسەرو هەموویانەوە یاوس بەهای دەق و پێکهاتەی هونەری بەرزی دەبەستێتەوە بە کۆمەڵە لادانێك کە لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەردا یەکناگرێتەوە و پێچەوانەیەتی و ئاسۆکانی چاوەڕوانی ئاوەژوو دەکاتەوە و فرە ڕەهەندی پێدەبەخشێ و لە قەتیسمان لە ناو دیدگایەکدا رزگاری دەکات. ئەویش لە ڕێگەی بەزاندنی پێوەرە هونەرییە باوەکان و بەدیهێنانی دیدگا و پێوەری نوێوە. بە پێی تێڕوانینی ئایزەرـیش ئەدەب بەتاڵ و بۆش دەبێت گەر هاتوو خۆی بە شتە باوەکانەوە بەستەوە، کە پێشتر هەبوون، ئەو پێی وایە کە ڕووبەری باو، بە بەها و گرنگە، تەنها لەبەر ئەوەی ناباو زەق و بەرچاو دەکات. (هولب، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤: ٢٣١). فرە ئاسۆیی لە دەقەکانی مەحویدا دێتە دی لە ڕێگەی لادانی دەقیەوە (الانزیاح النصی)، مەبەستیشم لە لادانی دەقی لێرەدا، ئەو لادانەیە کە لە دەقەوە دەستپێدەکات و لای خوێنەر پەل دەهاوێت بۆ کایە ئەدەبی و مەعریفییەکان و خوێنەر توانادار دەکات بیان بەستێتەوە بە بواری لە یەك چووەوە لە ناو دەقی شاعیرانی دیکە. من لێرەدا لادان کورت ناکەمەوە لە چوارچێوە شێوازییە دەربڕینییەکەیدا، بەڵکوو ئەیبەستمەوە بە ئاسۆفراوانەکانی مەعریفەی مرۆییەوە.

مەحوی بە شێوەیەکی کارا ئەم شێوازەی لە تێکستەکانیدا بەکار هێناوە، تێیدا هەستاوە بە دروستکردنی ئاسۆیەك لە لای خوێنەر؛ پاشان لادانی دەلالی بە ڕێڕەوی دەقەکەی کردووە، بە مەبەستی دواندنی هەستی جواناسی خوێنەر و بەدیهێنانی ئاسۆی تازەدا، بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکات ئاراستەژیانی لە چەقبەستوویەوە بەرە کرانەوەی زانستییانە بەرێت. وەك چۆن ئەم شێوازە ئێستاتیکاییە و ڕەهەندە بیرییە لە دەقی «کەی لە کن ئەحمەق»دا دەبینین:

کەی لـە کـن ئەحمـەق دەبـێ حاجـەتی دانـا ڕەوا؟! قەت دەکرێ چەرمەکەر یابە عەبا یا کەوا؟!
(مەحوی، ١٨٣٧: ٨٩)

خوێنەر کە چاوی بەم بەیتە دەکەوێت، کە دەستپێکی دەقەکەیە، وای بۆ دەچێت بابەتی قەسیدەکە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ئاراستەکەری بەرچاو ڕوون کەرە. هانی مرۆڤ دەدات خۆی بە دوور بگرێت لە کەسی نەزان و گەمژە. بەڵام لە بەیتی دووەمەوە ئەم ئاسۆی چاوەڕوانییە تێکدەشکێنرێت و ئاراستەکە دەگۆڕێت بەرەو ئاگادارکردنەوەی عەقڵی وابەستەبوو بە دونیاوە و ئاگاداری ترسناکی کورتبینی دەکاتەوە و دونیا بە پیرەژنێکی نانەوا و بەخششی دونیا بە نانێکی

جۆ دەچوێنێ. نە پیرەژنەکە شایانی ئەوەیە و نە نانەجۆەکە ئەوەندە دەهێنێ کەس منەتی هەڵ بگرێ:

بەخششی دنیا مەخۆ، یەعنی بە نانێکی جۆ — خۆ مەکەرە بەر منەت پیرە ژنی نانەوا
ئێستە کە دەستت دەگا پێ بووە بۆ نەجات — حەیفە لە دنیا برۆی کامی دڵت ناڕەوا
گریە: دەجۆشێ لەوێ، ئاهە: دەبێ نەسرەوێ — نەمدی وەك ئیقلیمی عیشق جێگە بەئاب و هەوا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ٦۹)

ئیتر دەقەکە لەسەر ئەم ڕەوتە دەڕوات و چەندین دیدگای جۆراوجۆر بۆ هەمان بیرۆکە وەگەڕ دەخات؛ وەك بەرجەستەکردنی ڕەهەندێکی نامادی، وەك سەرفرازی ئەو دونیا بە ڕەهەندێکی مادی کە دەستپێگەیشتنە. مەحوی لە شیعرەکانیدا، زۆر بە هەستیاریيەوە لەگەڵ وەرگردا کاری کردووە. لە سەرەتادا ئاسۆیەکی چاوەڕوانی بۆ دروستکردووە، پاشان هەستاوە بە گۆڕینی ڕێڕەوی گوتارەکەی و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری ئاوەژوو کردووەتەوە، کە جگە لە ڕەهەندی ئێستاتیکایی، خوێنەری زیاتر بە تێکستەکەوە گرێداوە و ئاسۆیەکی دیکەی یان زیاتر بۆ دروستکردووە. بۆ نموونە لە قەسیدەی «لەڕم دی زاهید»، خوێنەر مێشکی بۆ لای ئەوە دەچێت کە ئاراستەی گشتی دەقەکە بەردەوام دەبێت لە هێرش کردنە سەر بەناو زاهید؛ چونکە تێکستەکە ئاوەها دەستپێدەکات:

لەڕم دی زاهید ئەم زستانە، زانیم — کەلك نادا بە زرینگی بەهارا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۳۲)

بەڵام هەر پاش بەیتی یەکەم، ئاراستەگۆڕین دەست پێدەکات و سووتانی عاشقێك دەبێتە تەوەر:

وەرە دەستێ بە خوونم کە نیگارین — خوێنی من حەڵاڵت بێ، نیگارا
زوو ئەو شۆخە لە عاشق وەردەچەرخێ — لەگەڵ کەس، چەرخە ئەو، ناکا مودارا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۳۲)

جگە لەم ئاراستەگۆڕینە ڕاشکاوە، ئاراستە گۆڕینێکی ناڕاشکاویش دەبینین، کە پێکهێنەری ئامانجی سەرەکیی مەحویە. ئەویش بریتییە لە وێناکردنی دونیا بە خاتونێکی شۆخ و شەنگی بێ وەفا، کە عاشقەکانی یەك لە دوای یەك دەکوژێت:

موژەی خوێنی دەکا هەر لەحزە، سەیرە! — ئەمەندە گوڵ لە بن یەك نووکە خارا
کە شك بەم (مەحویا) هەر شەربەتی مەرگ — لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەورا
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۳۳)

شێوازێکی تر لە شێوازەکانی لادانی شیعری لای مەحوی، ئەوەیە ئەو دەقانەی کە بۆ دەربڕینی خوشەویستی پەروەردگاری وتووە. لە گۆشەنیگای توانەوە و وەفادارییەوە نووسیویەتی، هەر

هەوالنامەی کێڵ

خوێنەرێك لە هەر سەردەم و چاخێکدا دەتوانێت بیبەستێتەوە بە ناخی خۆی و هەست و سۆزی هەمە چەشنەیەوە، وەك چۆن ئەم توانەوە ڕۆحییە و لادانە شیعرییە لە قەسیدەی «کە دڵ دەتوێتەوە»دا دەبینین:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا ڕۆحم
تێگەیی تۆ حەز بە دەرچوونی دەکەی، دەرچوو

کە خۆ دەرخەی وەکوو خۆر، دڵ وەکوو شەونم لە خۆ بڕوا
دەبێ عاشق کە دی بێزارە یاری، بێ بڕوا
(مەحوی، ١٨٣٧: ٦٧ - ٦٨)

لێرەدا هەر خوێنەرە و ژێرخانی مەعریفی و جوان‌بینی خۆیە دەتوانێت ئەم دەقە و ڕەهەندی مەعریفی و جوان بینییەکانی بیەستێتەوە بە ئەزموونی خۆیەوە. لەم جۆرە وەرگرتنەدا ئاستی چالاکی خوێنەر بۆ ئاستی چالاکی دەقەکە بەرز دەبێتەوە و دەقەکە بوونی خۆی بەدەست دەهێنێت؛ بوونی هونەری تایبەت بە شاعیر و بوونی جوانیناسانەی تایبەت بە خوێنەر. جەمسەری هونەری تایبەتە بە پێکهاتە ناوەکییەکانی دەق و ڕێگاکانی دامەزراندنی و ڕەگەزەکانی. هەرچی جەمسەری ئێستاتیکییە ئەوا پەیوەستە بە خوێندنەوەی دەقەکە و خستنەسەری و بەستنەوەی بەکایەکانەوە لەلای وەرگر، جەمسەری هونەری دەقی نووسەرە، جەمسەری ئێستاتیکایش ئەو بەجێگەیاندنانەیە کە خوێنەر پێی هەڵدەستێ (ئایزر، ١٩٩٢: ١٣٣ و وتومبکنز، ١٩٩٩: ١١٣).

٢-٤- دووریی جوانیناسانە و ڕوانگەی گەڕۆك

دووریی جوانیناسانە[1] بریتییە لە نایەکانگیری لە نێوان ئەوەی دەق پێشکەشی دەکات، لەگەڵ ئەوەی خوێنەر چاوەڕوانیەتی (ربابعة، ٢٠٠٠: ١٣٣. وتومبکنز، ١٩٩٩: ٩٣). یاوس وەك پێشەنگی یەکەمی «تیۆری وەرگتن» دەڵێت: کرداری چاوەڕوانی نیشانە هونەرییەکانی دەق و جۆری کاریگەری و پلەکانی دیاری دەکات. ئەو نایەکانگیریەش دەبێتە باشترین پێوەر بۆ دیاری‌کردنی ئێستاتیکای ئەدەب و کار دەگاتە ئەو ئاستەی چەندێك دەق لە ڕێژنەی پێوەری خوێنەر دەربچێت و چەندێك بتوانێت ئاسۆکانی بگۆڕێت. ئەوەندە دەقەکە بە جوان و بەرز و باڵا دادەنرێت، چونکە چەندێك شکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی بەهێز بێت، ئەو دەقە هێندە بەها و ئەرزش و بیناکردنەکانی بەهێزە. ئەمەش دەبێتە مایەی هاتنە ئارای ئاسۆیەکی چاوەڕوانی گەڕۆك. (ئایزر، ١٩٩٢: ١٣٣. وتومبکنز، ١٩٩٩: ١١٣).

هۆکاری گەڕۆکی ڕوانگەی ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەشتی خوێنەر لە ناو دەقدا گەشتێکی بەردەوامە. کاتێك خوێنەر دەست دەکات بە خوێندنەوە بە بەردەوامی و بێ پچڕان خەریکی تێگەیشتنە لە ڕێگای ئاسۆکانی چاوەڕوانی پشت ئەستوور بە

[1] Aesthetic Distance.

پاشخانه ڕۆشنبیریەکەی. بۆیە پەیدابوونی شتێکی ناچاوەڕوانکراو ئەگەری گۆڕینی ڕوانگەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆکاری قوواڵبوونەوەی بە ناو ڕەگەزە فرەکانی دەق و دوان لە گەڵیاندا و بەرجەستەکردنیان (سلدن، ١٩٩٦: ١٦٤ - ١٦٨). ئەم گۆڕینەی ئاسۆی چاوەڕوانییەش ئایزەر – وەك پێشەنگی دووەمی تیۆری وەرگرتن – ناوی لێدەنێت بە «ڕوانگەی گەڕۆك» (هولب، ١٤١٥ - ١٩٩٤: ٢١٥). ئەم ڕوانگەیەش دەروازەی گەشتی خوێنەر بە ناو دەقدا واڵا دەکات و لە ڕێیەوە خوێنەر ڕوانگە زۆر پێکەوە گرێدراوەکان دەدۆزێتەوە. ئەو ڕوانگانەی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت لە کاتی گواستنەوەدا لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ڕوانگەیەکی تر (ئایزر، د.ت: ٩٤). لە ڕێگەی ئەم گواستنەوەیەوە و ئەم دۆزینەوەیەوە، کرداری کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر ئەنجام دەدرێت و دەگاتە ئاستێکی وەها بەرز کە خوێندنەوەی تەنك و سەرپێی تێپەڕێنێت (سلدن، ١٩٩٦: ١٦٤ - ١٦٦). ئەم ڕەهندەش زۆر بە ڕوونی لە دەقی «لە سەیری خەستەخانەی عیشق»دا دەبینین. مەحوی لەم قەسیدەیەدا کە پێکهاتووە لە حەوت بەیت، شەش بەیتی یەکەمی تەرخانکردووە بۆ وێناکردنی ئازارەکانی عیشق و تواندنەوە لە سۆزی تامەزرۆییدا. ئەمەش وا دەکات دووریەکی جوانی لای خوێنەر دروست بێت و لە ڕوانگەی ئەو دوورییە جوانیناسانەیەوە بڕوانێتە دەقەکە و چاوەڕوانییەکانی لەسەر هەڵچنێ:

لە سەیری خەستەخانەی عیشق ئەوی سەوزەی کەوا شینە — لەسەر هەر خەستە دێ یا خوێندنی یاسینە، یا شینە
شەهیدی غەمزەیە بەعزێ، سەقیمی عیشوەیە جەمعێ — دیارە: سەرنویشتی ئەهلی دڵ یا شینە یا سینە
لە بەنگ ئەم بەنگییانە چی دەبینن، خۆ لە خۆ گۆڕان — لە دنیادا مەداری عەیش و خۆشی، خۆ نە ناسینە
بەسەر دڵدا لە قاپی فەیزەوە دێ نەشئە پەی دەرپەی — چ غەمزەی دیدە مەخموورێکە ئەمشەو کون دەکا سینە
هەناسەم دا بە نالّە عەرزی حاڵی کەم کە تاساوە — لە خوێناوی دڵ و جەرگم دەروونم کەیلە تا سینە
لە عالەمدا عەلامەی سوبحی حەشر ئیمشەو بەیانی دا — خودا عالم، لە چاکی ئەو بەرۆکە دەردەخا سینە

(مەحوی، ١٨٣٧: ٣٢٦ - ٣٢٨)

بەڵام لە کۆتا بەیتا ئەم ڕوانگەیە دەگۆڕدرێت و ڕوانگەیەکی نوێ دەکرێت بە دیدگای تێکستەکە کە بە هۆیەوە ئاسۆی چاوەڕوانی پێچەوانە کردوەتەوە. ئیتر خوێنەر تێدەگا کە مەبەستەکە هەمووی عیشقی ئیلاهی و خۆبەستنەوەیە بە شۆڕە پەتی پێغەمبەرەوە (د.خ):

مەلا تەلقینی (مەحوی) دانەدا، (حبل المتین)ـی ئەو — لە جێگەی زەللە زەیلی ڕەئفی تاهـا و یاسینە

(مەحوی، ١٨٣٧: ٣٢٨)

دووری ئێستاتیکی پەرە دەسێنێت و ئەبێتە مایەی بەدیهێنانی «ڕوانگەی گەڕۆك». ئەرکی ڕوانگەی گەڕۆکیش زیاتر خۆی لە کرداری پەیوەندیکردن و کاریگەری دروستکردندا دەبینێتەوە لە نێوان دەق و وەرگردا. ئەم کارەش بە بەشداریکردنی وەرگر و ئەکیڤبوونی وەرگرتن و چاك تێگەیشتنی ئاماژە دەقییە ڕێنیشاندەرەکان کە بەرچاو ڕوونکەرەوەی خوێنەرن دێتە دی (ئایزر،

د.ت: ٩٤). مەحوی لە تێکستە شیعرییەکانیدا هەڵدەستێت بە ئاوەژووکردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر و بەدیهێنانی ڕوانگەی گەڕۆك لە ڕێگەی قسەکردن لەسەر دەردی عەقڵ داخراوی و دیاریکردنی ڕەهەندە ترسناکەکانی لە چوارچێوەی ڕێڕەوێکی دەرهێنراو لە ڕێڕەوە ئاساییەکی خۆی. بە مەبەستی ئەوەی خوێنەر تووشی پیاکێشان و ناچاوەڕوانی ببێتەوە، هۆش و بیرکردنەوەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بە مەبەستی دەرباز بوون لەو عەقڵەی کە خاوەنەکەی دووچاری وابەستەیی بە دونیاپەرستی و خۆویستی دەکاتەوە. مەحوی پەنجەرە لەسەر دوو جەمسەر دەکاتەوە کە هەر دووکیان هیچن. ئەوانیش دونیا کە تەواو دەبێ بۆ کەس هەتاهەتا نامێنێ و کەسانی هیچی عەقڵ چەقبەستوون:

ئەم عەسرە، عەسر و وەقتە لە بۆ فاجیرێ لە هیچ — دینی نەکا ویقایە، حەیا نەیگرێ لە هیچ
دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم — هیچ هەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕی لە هیچ
تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ — هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ

(مەحوی، ١٨٣٧: ١٣٢ - ١٣٣)

بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەرباز بوون لەو جۆرە کورتبینییە و عەقڵ داخرانە، مەحوی کارایی مرۆڤ لە ناو دەقەکەدا بە خۆگرێدان بە هەردوو دونیاوە دەبەستێتەوە. کارکردن لەسەر یەك کایە بە ڕەنج خەسارەت و مایە پووچی لە قەڵەم دەدات. پاش ئەم چوار بەیتە ڕوانگەی دەقەکە بە شێوەیەکی چاوڕەوان نەکراو، هیچیی دونیا و نەبوونی وەفا تێیدا بە هەوڵدان بۆ ماچکردنی دەمی یار گرێ دەدا. لە کاتێکدا کە ئەو دەمی نییە و پێی دەڵێ هەی دوای خەیاڵ کەوتوو! من دەمم کوا تا تۆ ماچی کەی؟ مرخ چۆن لە شتی نەبوو خۆش دەکرێ:

ماچی دەمی لە کەڵکەکەڵەما بوو، چ خۆشی وت: — قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ
دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار — دنیایەك ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ
مەجنوونە: شاهی عیشق و بیابانی بارەگا — ئاهی، دەکا هەمیشە بە پا چادرێ لە هیچ
دیققەت کە، غەیری روشتەیی جان و میانی یار — روشتەم نەدیوە (مەحوی) ئەمن، بادرێ لە هیچ
چاوی کەوێ بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر — کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ

(مەحوی، ١٨٣٧: ١٣٢ - ١٣٣)

هەمان شێواز لە قەسیدەی «بە داوە وەعزی»دا دەبینین، کە تێیایدا مەحوی بەیتی یەکەمی تەرخانکردووە بۆ بەگژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی واعیز. کاتێك گەرم دەبێت و جۆش و خرۆش دەیگرێت و لیك بە دەم و لچ و لالەغاوەیدا دێتە خوارەوە، لە هەمان کاتیشدا وەعزەکەشی هەر فێڵ و کەڵەك و داوە دەینێتەوە بۆ خەڵك:

بە داوە وەعزی و، خۆشی بە تاوە یا حافیز — لە هەڵقوڵانە کە لیکی دەم و لچی واعیز

(مەحوی، ١٨٣٧: ١٧٤)

لەپاش ئەم بەیتی یەکەمە، دەقەکە پەنجەرەیەکی تری تێڕوانین بەرەو ڕووی وەرگر دەکاتەوە پەلکێشی دەکات بەرەو باسکردنی عەشقی دڵی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی و پەیداکردنی ئارامگەیەك بۆی. دیارترین قەسیدەیەك کە مەحوی بە کارایی و لێزانییەوە کاری لەگەڵ ئاوەژوو کردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر کردووە و دووری ئێستاتیکایی تێدا وەگەڕ خستووە و کاری وردی لەسەر «ڕوانگەی گەڕۆك» کردووە، بە مەبەستی گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ کات، قەسیدەی «ڕووتی دی لەو ڕۆژەوە»یە، کە پێکهاتووە لە ۲۱ بەیت؛ یانزە بەیتی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ دەرخستنی شۆخ و شەنگی یار و کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە:

ڕووتی دی لەو ڕۆژەوە، گەر ڕۆژە سەرگەردانە ڕۆژ — گەییە ئێوارە وەکوو من، ئیشی قوڕ پێوانە ڕۆژ
ئەم گلاراوەی لە عیشقە تا قیامەت هەر دەبێ — سەد مەسیحا چاری ناکا، دەردی بێ دەرمانە ڕۆژ
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۷۸)

لەپاش بەیتی یانزەوە ڕوانگەی قەسیدەکە دەگۆڕێ بۆ قسەکردن لەسەر شەوڕۆیی پێغەمبەرمان (د.خ)، لە ڕێگەی دال و مەدلولی شەوەوە مەحوی دووانەی یەك بە دوا هاتووی شەو و ڕۆژ دەخاتە بەر تیشکی تێڕوانینی خواناسینی خۆیەوە و هاوکێشەکان پێچەوانە دەکاتەوە. چونکە بە هۆی شەوڕۆیی پێغەمبەرمانەوە (د.خ) شەو بوو بە سەروەر و ڕۆژ تەنها قوڕ پێوانی بۆ ماوەتەوە؛ چونکە ئەو شەرەفمەندییە نەبوو بە بەشی ئەو:

حەقیە ڕۆژ و شەو کە بێ تابی دەکا، وادەی ویسالّ — شەوبوو، بێ بەش ما لە وەسڵی ئەو سەراپا جانە ڕۆژ
شەو چ شەو لێ پشکواوی قەرنەها سوبحی ئومێد — هەرلێ دوێنی یەکێ سوبحا بە لەك پەنهانە ڕۆژ
شەو شەوی میعراجی شاهی ئەنبیا بێ، وادەبێ — بێپەرستی بەڵکی سوجدەی بۆ ببا هەر ئانە ڕۆژ
(مەحوی، ۱۸۳۷: ۱۷۹)

مەحوی نایەکانگیری لە نێوان ئەوەی دەق پێشکەشی دەکات، لەگەڵ ئەوەی خوێنەر چاوەڕێیەتی کردووە بە ماکی دەقەکەی، پاشان ئەم تێڕوانینە پێچەوانە دەکاتەوە کە لە کات و شوێن بڕوانین وەك دووانەیەکی دابڕاو لە ژیان کردن و چالاکی نواندن.

۵- ئەنجام

مەحوی لە شیعرەکانیدا دنیابینییەکی تایبەت بە خۆی پێشکەش کردووە کە دەتوانین بە دنیابینیی مەحوی ناو بنێین. جگە لە بەرز و بااڵیی دەربڕین، شیعرەکانی مەحوی گرفتە کۆمەاڵیەتییەکانی دەستنیشان کردووە و بەرەنگار بوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی بە کلیلی چارەسەر داناوە بۆ کێشەکانی تاك و کۆمەڵگا. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە عیرفانی مەحوی، عیرفانێکی دوورە پەرێزی گۆشەگیر نییە، بەڵکو عیرفانێکی ئاوێتە بووە بە ژیان و چارەنووسی تاك و کۆمەڵگاوە. بەهۆی فرەڕەهەندی دەقە شیعرییەکانی مەحوییەوە، ناکرێت بە تەنها وەك کۆمەڵە

دەقێکی ئێستاتیکی لێی بڕوانین و دایانماڵین لە گوتار و پەیامە ڕاشکاو و پەنهانەکانیان. فرەڕەهەندی و بەگژداچوونەوەی عەقڵی چەقبەستوو لەلای مەحوی لە هەمان کار دەچێت لە لای ئیمام غەزالی، بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی *تهافت الفلاسفة* و *المستظهري أو فضائح الباطنية* و *إحياء علوم الدين*. بە تایبەتی کتێبی *إحياء علوم الدين* کە نزیکەی سەد پەڕەی یەکەمی تەرخانکردووە بۆ بەگژداچوونەوەی هەمان دیاردە. ئەم دوو زاتە پێش ڕوودانی کارەساتی داڕمان کۆمەڵگەکەیان ئاگادار کردووەتەوە لە کارەساتی داڕمانی عەقڵ و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان

عەرەبی:

ئارون، بول و هاوکاران (١٤٩٩هـ/ ٢٠١٢م). *معجم المصطلحات الأدبية*. تصحيح محمد حمود. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر و التوزيع.

ئايزر، فولفغانغ (١٩٩٢). *فعل القراءة (نظرية جمالية التجاوب في الأدب)*. ت: حميد لحمداني و الجلالي الكدية. المغرب: الفاس.

ئيغلتن، تيري (١٩٩٢). *مقدمة في النظرية الأدبية*. ت: إبراهيم جاسم العلي، مراجعة عاصم اسماعيل الياس. بغداد: دارالشؤون الثقافية العامة.

باشلار، غاستون (١٩٨٨). *جدلية الزمن*. ت: خليل أحمد خليل. بيروت: ط٢، ديوان المطبوعات الجامعية - الجزائر

بيتر كونزمان، فرانز ـ بيتر بوركارد، فرانز فيدمان (٢٠٠١). *أطلس dtv الفلسفة مع ١١٥ لوحة بيانية ملونة (اللوحات الملونة من إعداد أكسل فايس)*. ت: جورج كتورة. بيروت: المكتبة الشرقية.

تومبكنز، جين. ب (١٩٩٩). *نقد استجابة القارئ من الشكلانية إلى ما بعد البنيوية*. ت: حسن ناظم و علي حاكم. مراجعة و تقديم: محمد جواد حسن الموسوي. القاهره: المجلس الأعلى للثقافة.

حامد، خالدة (٢٠١٤). *عصر الهرمنيوطيقا أبحاث في التأويل*. بغداد: منشورات الجمل.

دريدا، جاك (٢٠١٦). تاريخ الكذب. ت: رشيد بازي. بيروت: المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ـ المغرب.

دورتيه، جان فرنسوا (١٤٣٢هـ/ ٢٠١١م). *معجم العلوم الإنسانية*. ت: د. جورج كتورة. أبوظبي: ط٢، كلمة و مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.

ربابعة، موسى (٢٠٠٠). *جماليات الأسلوب والتلقي*. أربد: مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية و النشر و التوزيع.

روبين، سوزان و سليمان كروسمان (٢٠٠٧). *إنجي القارئ في النص- مقالات في الجمهور والتأويل*. ت: د.حسن ناظم و علي حاكم صالح. بيروت و طرابلس: دارالكتاب الجديد المتحدة.

هەوالنامەی کێبر

رينية، ويليك (٢٠٠٠). *الهجوم على الأدب*. ت: حنا عبود. دمشق.

سلدن، رامان (١٩٩٦). *النظرية الأدبية المعاصرة*. ت: سعيد الغانمي. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر.

سميث، شارولوت (١٩٩٨). *موسوعة علم الإنسان (المفاهيم والمصطلحات الأنثروبولوجية)*. ت: مجموعة من أساتذة علم الاجتماع بإشراف محمد *الجوهري*. القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة.

عبدالجبار، نبيل عبدالحميد (٢٠٠٣). *الفلسفة لمن يريد*. أربيل.

عليمات، ديسمبر (١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٢م). *بلاغة الانتظار بين التأويل والتلقي (علامات في النقد)*. م. يوسف محمد. السعودية: الجزء٤٦، المجلد١٢.

علوش، سعيد (١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م). *معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة*. بيروت: دارالكتاب اللبناني.

غادامير، هانز جورج (٢٠٠٧). *الحقيقة والمنهج (الخطوط الأساسية لتأويلية فلسفية)*. ت: حسن ناظم و علي حاكم صالح. راجعه عن الألمانية: جورج كتورة. طرابلس: دار أويا.

كارتر، ديفيد (٢٠١٠). *النظرية الأدبية*. ت: باسل السالمة. دمشق: دارالتكوين للتأليف و الترجمة و النشر.

كانط، عمانوئيل (٢٠١٣). *نقد العقل المحض*. ت: غانم هنا. بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

الكردي، محمدعلي (١٩٩٩). «ظاهرة التلقي في الادب». مجلة *علامات في النقد*، المجلد٨ ، الجزء٢.

كولر، هنس زند (٢٠١٢). *المثالية الألمانية*. تحرير الترجمة العربية: أبويعرب المرزوقي. ت: أبو يعرب المرزوقي و فتحي المسكيني و ناجي العونلي. بيروت: الشبكة العربية للأبحاث و النشر.

هولب، روبرت (١٤١٥ه/ ١٩٩٤م). *نظرية التلقي- مقدمة نقدية*. ت: عزالدين إسماعيل. النادي الثقافي الأدبي بجدة.

ياوس، هانس روبيرت (٢٠٠٤). *جمالية التلقي- من أجل تأويل جديد للنص الأدبي*. ت: رشيد بنحدو. القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة.

هەوالنامەی کێبڕ

کوردی:

کەمال، محەممەد (۲۰۱۷). *فەلسەفەی کانت*. سلیمانیە: چاپ و پەخشی سەردەم.

مەحوی، مەلا موحەممەد کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی (۱۳۸۷). *دیوانی مەحوی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کریم. سەرپەرشتی چاپی نوێ: عەتائوڵڵای حەواری نەسەب. سنە: بڵاوکەرەوەی کوردستان.

هایدیگەر، مارتن (۲۰۱۲). *بوون و کات*. وەرگێڕ: محەمەد کەمال. سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

هەوالنامەی کتێب

نووسینی پێوەریانەی فۆنیمە برگەییەکان

محەمەد مەحوی[I]
پرۆفێسۆری زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی

تاریخ دریافت: ۵ خرداد ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۲۱ شهریور ۱۳۹۸؛ صص ۱۵۹-۱۷۵

چکیده

عناصر گویش کرمانجی میانی در هم تنیده و چسبیده و به صورت عمده واج‌های وابسته و واج‌های واژگون هستند؛ همچنین واژه‌های چندگونه در حالت‌های مختلف نیز از جمله عناصر این گویش به شمار می‌رود. ترکیب ساختارهای دستوری، وابستگی جمله را به کلمه و عبارت کامل و فعل مرکب و ساختار مرکب قطعی کرده است. علاوه بر این، دو ساختار ساختواژی و نحوی که با هم ترکیب شدند، هنوز هم در شیوه‌ی قواعد و اصول با هم تفاوت دارند. در این تفاوت است که قاعده‌ی تقسیم متممی و قاعده‌ی برابری (در تقابل با یکدیگر) حکم به تلفظ واج‌ها (واج‌های هجایی عمده و غیرهجایی واکه و همخوان) می‌کند. رسم‌الخط معیار واجی است، اما از خروجی پیش‌فعل و پدیده‌های متنوع هم برای نوشتن بهره گرفته می‌شود. به همین دلیل رسم‌الخط معیار کردی انعکاس دستور زبان آن زبان است، یعنی کسی که بخواهد مطابق کردی معیار بنویسد، لازم است الگوی زبانی آن را درک کند و با دستور زبان آن آشنایی داشته باشد.

واژگان کلیدی: واکه، واج، گوناگونی، واژه، جمله

کورتە

توخمەکانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست تێئاخنراو و لکاون کە بە شێوەیەکی سەرەکیی مۆرفێمە ناسەربەخۆ و مۆرفێمە لە وشەـچووەکانن، ئەوانەی وشە فرەـچەشنەکان لە دروستە جۆراوجۆرەکاندا. تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی ڕێزمانەکەی هەبوونی ڕستەی بە وشە و فرێزی تەواو و کرداری ئاڵۆز و پێکهاتووی ئاڵۆزی تری لە جۆری جیاواز مسۆگەر کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو دوو پێکهاتەیەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی تێکەڵ بە یەکتر بوون، بنەما و ڕێساکان هێشتا هەر جیاوازیی لە دروستە، توخم و پێکهاتووەکانیاندا دەکەن. لەم جیاکارییەدایە کە ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە و ڕێسای هەمبەریی (بەرامبەر بەیەک وەستانەوە) تەحەکوم بە دەربڕینی فۆنیمەکان (برگەییەکانی سەرەوە و نابرگەییە دەنگدار و کپەکان)ەوە دەکات. نووسینی پێوەریانە فۆنیمییە، بەڵام دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان و دیاردە فرەـچەشنەکانیش بۆ نووسین وەردەگیردرێن. لەبەر ئەم ڕاستیانە و هۆکاری تریشە، کە ڕێنووسی ستانداری کوردی وێنەدانەوەی ڕێزمانەکەیەتی. واتە، ئەو کەسەی دەیەوێت بە کوردیی پێوەر بنووسێت، پێویستە لە مۆدێلی زمانەکەی بگات و شارەزای ڕێزمانەکەی بێت.

وشە سەرەکییەکان: فۆنیم، مۆرفێم، فرەچەشنی، نووسینی پێوەری

[I] hamasaeed2012@hotmail.com

۱- پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە پڕۆژەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و تەرخانکراوە بۆ دیاریکردن و چەسپاندنی چەشنی نووسینی ستانداردی بڕگەییەکان، کە جۆراوجۆر دەردەکەون و دەکەونە ڕوو. لە بەشی یەکەمدا زانیاریی پێویستی وەك تایبەتمەندیی و ئەدگاری زارەکە لە چێوەی مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا پێشکەشکراون. لەگەڵیدا ڕوونکردنەوەیەکی بەرایی پێڕەوەی فۆنیمەکان هێنراوەتەوە. بەشی دووهەمی شیکردنەوە و توێژینەوەکان لەسەر بڕگەیی گرژ و خاو لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا جێبەجێ کراون. لە بەشی سێهەمدا، وەك تەواوکەرێکی بەشی دووهەم، گفتوگۆکان لەسەر بڕگەییەکانی لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا. تەنها هەندێك پێکهاتووی سینتاکسیی وەك فرێزی خستنەپاڵ، کرداری شکاوە و کرداربەندیی بۆ بەشی سێهەم هەڵاوێکراون. هەرچەندە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەوانەی دوای ئەمیش لە سەر بەستانداردکردنی زمانی کوردی، دەروازەی یەکەمەی پڕۆژەی بەستانداردکردنەکە *مەنامە* (۲۰۱٦) دەبن، بەڵام هەوڵەکان بۆ ئەوەن تا وەکوو دەکرێت ڕێزمانە کوردییەکە ساکارتر و ئاسانتر بە دەستەوە بدرێت و بخرێتە ڕوو.

ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە و لە ناوێدا بەراوردکاریی نێوان چەشنەکانی وشەکان لە ناو خۆیاندا (وشە بنەڕەتیی و مۆرفۆلۆژییەکان) لەگەڵ پێکهاتووە سینتاکسییەکان گیراوەتە بەر. واتا، هەوڵە زانستییەکە لە چێوەی قوتابخانەی گواستنەوە و بەرهەمهێناندا و بە تیۆریی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی بە ئەنجام گەیەنداوە. لە زمانی نووسینی ئەم کارە زانستییەدا پەیڕەوی نووسینی ستانداردی مەنامە کراوە.

۲- مۆدێلی ڕێزمانی کوردی: بنەما و ڕێسا

توخمەکانی ئەم زارە سەرەکییە تێئاخنراو و لکاوە[1] بە شێوەیەکی سەرەکی مۆرفێمە ناسەربەخۆ ـ لکاوەکان و مۆرفێمە لە وشەچووەکان (ڕەگی کرداری‌کان)ن، ئەوجا ئەوانەی وشە فرەچەشنەکان لە دروست جۆراوجۆرەکاندا. ئەمە و تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی ڕێزمان (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) (مەحویی، ۲۰۰۹) هەبوونی ڕستەی بە وشە و فرێزی تەواوەوە و کرداری ئاڵۆز[2] و پێکهاتووی ئاڵۆزی[3] تری لە جۆری جیاواز (مەحویی، ۲۰۰۱) مسۆگەرکردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو دوو

[1] Incorporated and Agglutinated Language.

[2] Morphosyntax.

[3] Complex Constructions.

پێکهاتەیەی تێکەڵ بە یەکتر بوون، بنەما و ڕێساکان هێشتا هەر جیاوازیی لە دروستە[1] ، توخم[2] و پێکهاتووەکانیاندا دەکەن. لەم جیاکارییەدایە کە ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە[3] و ڕێسای هەمبەریی (بەرامبەر بە یەکوەستانەوە) تەحەکوم بە دەربڕینی فۆنیمەکان (بڕگەییەکانی سەرەوە و نابڕگەییە دەنگدار و کپەکان)ەوە دەکات. نووسینی ستاندارد فۆنیمییە، بەڵام دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان و دیاردە فرە چەشنەکانیش (Kiparsky, 1981) بۆ نووسین وەردەگیردرێن. لەبەر ئەم ڕاستییانە و هۆکاری تریشە کە ئۆرسۆگرافیی وێنەدانەوەی ڕێزمانی کوردییە. واتا، ئەو کەسەی دەیەوێت بە ستانداردی کوردی بنووسێت، پێویستە بە ئاگا بێت لە مۆدێلی زمانەکەی (مەحویی و هومەر، ۲۰۰۵)، تێبینگات و شارەزای ڕێزمانەکەی بێت: فەرهەنگ، مۆرفۆلۆژی، دروستکردنی وشە، پێکهێنانی ناوی کرداریی باری بکەرنادیار، سینتاکس (و مۆرفۆسینتاکس)، فۆرمی لۆژیکی (سێمانتیك) و فۆرمی فۆنەیتیکی (دەنگ).

یەکهەم بنەما کە بنەمای دوپەلکییە و دووهەم ڕێساکانن:

۱- ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە؛

۲- ڕێسای هەمبەریی دروستەی مۆرفۆلۆژیی هەمبەر بەوەی سینتاکسیی؛

۳- لە ناو مۆرفۆلۆژییدا وشەی مۆرفۆلۆژی (لێکدراو و هەڵگوێزراو) و ئەوەی وشەی بنەڕەتی، کرداری تێپەڕ، کرداری تێنەپەڕ؛

٤- لە ناو سینتاکسیشدا ڕستەی نا_ئەرگەتیڤی و ئەوەی ڕستەی ئەرگەتێڤی، ڕستە و کرداری بکەردیار و ئەوانەی بکەرنادیار، ناوی کرداریی و ئەوەی کرداری شکاوە، کرداری شکاوەی تەواو و ئەوەی کۆپولاو ڕستە بە وشە و فرێزی تەواوەوە و ئەوەی کرداری ئاڵۆز.

بڕگەییەکانی /ا، ە، ۆ، ێ، وێ/ [a, W, o e, ê] ناوابەستە لە هەموو چەشنە بڕگەیەکی کراوە CV، داخراوی ساکار CVC و ئاڵۆز CVCC دا دێن، بەڵام بڕگەییەکانی سەرەوە لە دوو جۆر دابەشبووندان: بڕگەیی گرژەکانییان (کورتەکانییان /و، ی/ [i, u]) سنووردار لە وشەی یەك_بڕگەیی بڕگە کراوەدا دێن و بە گشتیی لە بڕگەی داخراوی ساکار و ئاڵۆز و لە بڕگەکانی ناوەوەی وشەدا دێن، بەڵام خاوەکانییان (درێژەکانییان /وو، یی/ [u ,:i:]) لە بڕگەی کراوە و داخراوی ساکار و لە بڕگەی کۆتایی وشەدا دێن (مەحویی، ۲۰۰۹). بڕگەیی خاو گۆڕینۆکە[4] (/نوسیین/ <نووسییم> ~ <دەنوسم>)، بەڵام بڕگەییە گرژەکانی هەمبەریان تا ڕادەیەکی زۆر

[1] Structure.

[2] Elements.

[3] complementary distribution.

[4] Variable.

چەسپاو و نەگۆڕن (/نوستن/ <نوستم> ~ <دەنووم>). بزانە، کە بڕگەییەکانی سەرەوە لە کرداری شکاوەدا جیاواز ڕفتار دەکات وەك لە ناو وشە و وشەی مۆرفۆلۆژییدا (مەحویی، ۲۰۱٦).

بڕگەیی و هێز: بڕگەیی خاو و هێز بە یەکەوە دێن (بڕگەیی خاو هێز لەسەرە). ئەگەر هێز لە سەر بڕگەیی گرژ لابببرێت، تێیدادەچێت (/قوتوو/ <قوتوو> ~ <قتوو>، /گوڵینکە/ <گوڵینکە> ~ <گوڵنکە>)، بەڵام ئەگەر لە سەر بڕگەیی خاو نەمێنێت، گرژ دەبێت (/شیریین_یی/ <شیرینیی> ~ شیرنیی). بڕگەیی خاوی سەرەوە لە بڕگەی هێز_لەسەری بڕگەی کراوە /دووا/، /سیی/ و داخراوی ساکار /دوور/، /سوور/ دا دێن: بڕگەییە گرژەکانیان لە بڕگەی داخراوی ساکار /کون/ و ئاڵۆزی بە بێ هێز /کورد/ دا دێن. هەموو وشەیەکی یەك بڕگەیی هێز لەسەرە، بەڵام وشەی یەكبڕگەیی هەن کە بڕگەییەکانییان گرژە و هێزێکی لاوازیان هەیە (/کون/ <کون>، /گوڵ/ <گوڵ>). دەشێت هێزی وشەی یەكبڕگەیی بڕگە کراوە کەم دەکرێت و بڕگەییەکەی گرژ دەربڕدرێت (/فوو/ <فوو> ~ فو، /ببی/ <ببی> ~ بی). بڕگەیی خاوی وشەی یەكبڕگەیی داخراوی ساکار ناتوانرێت گرژ بەرجەستە بکرێت، چونکە هێزەکەی لانابرێت و کەمیش ناکرێتەوە (/دوور/ <دوور> ~ *دور، /شیین/ <شیین> ~ *شین). بە پێچەوانەی ئەو دیاردەیەی پێشترەوە، زۆر جار لە وشەیەکی وشەی یەكبڕگەیی بڕگە داخراوی ساکار و ئاڵۆزدا دەبێتەهۆی کەوتنی بڕگەییە گرژەکە (/بوست/ <بوست> ~ <بسنت>، /بیست/ <بیست>). لە وشەی بنەڕەتییدا، کە تێیدا جووتنابڕگەیی هەن، بڕگەیی گرژی هێزلەسەر سەرەتایاندایە و بە بێ هێزەکەیان لە دواوەوەیاندا دێن (/کوللە/ <کوللە>، /زیللەت/ <زیللەت>).

بڕگەییەکانی تر (/ا، ە، ۆ، ێ، وێ/ لە هەموو چەشنەکانی بڕگەدا (کراوە، داخراوی ساکار و ئاڵۆز) دێن. ئەم بڕگەییانە ئەڵتەرناسیۆن لەگەڵ یەکتریدا ئەڵتەرناسیۆن نیشاندەدەن (/جێژن/ <جێژن> ~ <جەژن>، /ناو/ <ناو> ~ نێو، /یۆنان/ <یۆنان> ~ <وێنان>، هاتمەوە <هاتەوە> ~ هاتمۆ، وەرەوە <وەرەوە!> ~ بێرۆ <بێرۆ!>). هاتن و دەرکەوتنی بڕگەییە سارەکە (بزرۆکە) تەواو ئەوتۆماتیکیی و پێشبینیلێکراوە، بۆیە دەنگێکی فۆنەیتکییەو سەر بە پێڕەوی فۆنیمەکانی ستانداردی کوردیی نییە. لەبەر ئەوە لە هەر جێکەوتەیەکی ناو وشەدا دەوروبەری هاتنی هەبێت، دەردەکەوێت و دەتوانێت هێزیش وەربگرێت (/پرد/ <پرد> [pIrd]، /چادر/ <چادر> [tSa . dIr]) (مەحویی، ۲۰۰۹). پۆلەڕەگەزی سەرەکیی فەرهەنگیی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار هێزکۆتاییە (/باران/ <باران>، /کەڕوو/ <کەڕوو>، /ڕاوکە/ <ڕاوکە>) : پۆلەڕەگەزی ناسەرەکیی هێزسەرەتاییە (/چونکوم/ <چونکوم>، /وەکو/ <وەکو>، /هێشتا/ <هێشتا>، /هەمو/ <هەمو> ~ هەموو).

پێشگر هێزی سەرەکیی وەرناگرێت، پاشگر هێزی سەرەکیی وەردەگرێت. پاشگری هێزی بڕگەیی بناغەکەی کەم دەکاتەوە (/شیریین_یی/ <شیرینیی> ~ شیرنیی): پاشگری دانسقە

هەیە، هێز بە بڕگەیی بناغکەی دەدات (/گوپ_ن/ <گووپن>). بڕگەی وشەی یەکەمی لێکدراو، بە بێ هێز و گرژە (/سوروسپیی/ <سوروسپیی>): ئەوەی پێکهاتووە سینتاکسیەکەی هێز لەسەر و خاوە (سوور و سپیی <سوورو سپیی>). دوو جۆر کرداری /بوون/ ی کردەیی (<بوو بە مامۆستا>) و /بون/ ی حاڵەتیی (<مامۆستا بو>) هەن. هاتن و دەرکەوتنی بڕگەییەکانی سەرەوە لە بڕگەکانی وشەی فرەبڕگەییدا:

بە گشتی بڕگەی خاو لە بڕگەی کۆتاییدا دێت و بڕگەی گرژ لە بڕگەکانی سەرەتا و ناوەوەی وشەی بنەڕەتییدا (/ئوتوو/ <ئوتوو>، /پەموو/ <پەموو>، /پەتیی/ <پەتیی>: /گوناح/ <گوناح>، /بیچم/ <بیچم>). بڕگەی خاوی هێز لەسەری بڕگەی کۆتایی دەتوانرێت گرژ دەربڕدرێت، ئەگەر هێزەکەی لاببرێت (/پەموو/ <پەموو> ~ پەمو، /پەریی/ <پەیری> ~ پەری> /ئارەزوو/ <ئارەزوو> ~ ئارەزو، /فەرەنجیی/ <فەرەنجیی> ~ فەرەنجی). بڕگەییە خاوەکانی سەرەتا و ناوەوەی ڕاستەوخۆ پێش بڕگەیی /ه/ و [I] هێز لەسەرن و دەتوانرێت سەرپشکیی هێزلاواز و گرژ بەرجەستەبکرێن، ئەگەر یەك نابڕگەیی لە دوایانەو بێت (/جووڵە/ <جووڵە> ~ جوڵە، /سییتەك/ <سییتەك> ~ سیتەك، /لییخن/ <لییخن> ~ لیخن، /جووەکە/ <جووەکە> ~ جوەکە، /سیینەمەکیی/ <سیینەمەکیی> ~ سینەمەکیی). ناوازەی وەك /قوژبن/ <قوژبن> ~ *قووژبنیش هەن. ئەم دیاردەیەیان لە هەندێك وشەدا بەسەر بڕگەیی /وو/ ی پێش بڕگەیی /ا/ دا دێت (/کووتاڵ/ <کووتاڵ> ~ کوتاڵا). لەم پێواژۆیەیشدا جیاوازیی نێوان بڕگەیی /یی/ لەگەڵ /وو/ دا تێبینی دەکرێت. تێبینیی ئەوە بکە کە دەرکردەی هەر دوو دیاردەکە لەگەڵا دابەشبوونی تەواوکەرانەی بڕگەییە خاو و گرژەکان لە بڕگەی کۆتایی و بڕگەی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەییدا یەکدەگرێتەوە. بۆیە هەر دوو جۆر نووسینەکە ئاساییں و ئەوەی سەرەتاییشیان پەسەندترە (<پەموو>، <پەریی>، <ئارەزوو>، <جووەکە>، <کووتاڵ>، <جووڵە>، <جووڵانەوە>، <جووزەلە>). دیارە، کە وشە بە بڕگەیی گرژی سەرەتا و ناوەوەی هەن و ڕێگە بە ئەڵتەرناسیۆنەکە نادن (/کولانەوە/ <کولانەوە> ~ *<کوولانەوە>)، واتە ئەم دیاردەیە لەم قۆناغی گەشەکردنەی زمانە ستانداردەکەدا تەنها بۆ بڕگەییە خاوەکانیان دەخوات.

۲-۱- پێڕەوی فۆنیمەکان

تەنها بڕگەییەکان (قاوڵەکان) لە ستانداردی کوردیدا (کرمانجیی ناوەڕاست) بڕگە دروست دەکەن، بۆیە ناوی بڕگەییەکانییان لێنراوە. هەمبەر بەمان خشپەدەکان[1] و زرنگ دەرەوەییەکان[2]

[1] Obstruents.

[2] Sonorances.

له سەرەتا و کۆتایی برگەدا دێن و دەردەکەون. زمانەکە هەر وەك ئاماژەی پێدرا، بە گشتی بە بنەمای دووپەلکی و ڕێسای دابەشبوونی تەواوکەرانە کار دەکات (مەحویی، ۲۰۰۹). برگەی گرژی /و/ و /ی/ لە گچکەترین جووتدا دەرناکەون (/کوڕ/ : */کیڕ/)، لەگەڵ ئەوەیشدا سەر بە پێڕەوی فۆنیمەکانی ستانداردی کوردین. برگەی خاوی /وو، یی/ فۆنیمی واتاجیاکەرەوەی وشەدروستکەرن (/سوور/ : /سییر/). تەواوی برگەییەکان دەتوانن هێز وەربگرن، بەڵام تەنها برگەییە خاوەکانی سەرەوە و هێز بەیەکەوە دێن. واتە لە کوێدا ئەمانە خاو دەبیسترێن، لە وێدا هێزێکیش (سەرەکی یان لاوەکی) ئامادەیە. لەبەر ئەو دوو هۆیەیە، کە پێویستە برگەییە خاوە دەربڕدراوەکان وەك خۆیان بکرێن بە نووسین.

ئاماژە بەوە درا کە برگەییەکانی سەرەوە خاو /وو، یی/ و گرژیان /و، ی/ هەیە. خاوەکانییان لە برگەی کراوە (/دوو، سیی/) و داخراوی ساکاردا (/دوور، سییر/) دێن و گرژەکانییان لە برگەی داخراوی ساکار و ئاڵۆزدا (/کون/، /توند، بیست/). برگەییە خاوەکان هێزێکی تەواویان لەسەرە و گرژەکانییان هێزێکی لاواز. برگەی خاوی پێشەوە /یی/ و گرژەکەی /ی/ لە گچکەترین جووتدا نابینرێنەوە، بەڵام برگەکانی ناوەوەی وشەدا زۆرن (/گیرفان، زیندو/).

۲-۱-۱- /کووور/ : /کوڕ/، /دووربیین/ : /دوربین/

برگەییەکانی تر (/ا، ە، ۆ، ێ، وێ، وی/) لە هەموو چەشنەکانی برگەی کراوە و داخراودا لە برگەی بە بێ هێز و هێزدارەدا دێن، لەبەر ئەوە کێشەیەك لە جۆری دەربڕین و چەشنی نووسینییاندا نییە. گرفتەکان هاتن، دەرکەوتن و نووسینی برگەییە خاو و گرژەکانی سەرەوە دروستی دەکەن. ئەمەیش لەبەر ئەوەی وابەستەی چەشنی برگە، ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی هێز و برگەی کۆتایی و ئەوانەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی فرەبرگەیین. دیارە وشەی مۆرفۆلۆژیش کاریگەریی لە دابەشبوونەکە و دەربڕینییاندا هەیە (Mayerthale، ۱۹۷٤؛ Kiparsky، ۱۹۸۰ و ۱۹۸۱ و ۱۹۸۲).

نووسینی ستاندار فۆنیمییە و دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکانیش دەکرێن بە نووسین. لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەکی زۆر دیاردەی دەنگی هەن، کە لەبەر فرەجۆرییان دەکرێن بە نووسین (بە نیمچەنابرگەیی_بوون، هەڵتۆقینی نیمچەنابرگەیی). لەبری پشتبەستن بە پێشبینیکردن، لێکۆڵەر بەرجەستەکردن و بەرجەستەکراو بۆ نووسین بە پەسەندتر دەزانێت: بۆ نموونە هەم لە کۆتایی وشە و فرێزیشدا برگەیی خاو گرژ هەن و هەم لە سەرەتا و ناوەوەیاندا. پاشگر لە کۆتاییدایە و لەباری ئاساییدا برگەی کۆتاییش هێز لەسەرە. لەبەر ئەوە برگەییەکەی خاوە و ئەگەر لەوانەی سەرەوە بێت، پێویستە بە پیتەکانی خاوەکەیان بنووسرێت (<کاری دەستی گرانە، ئەگەر دەستی

دوویش بێت.>. خۆ پاشگریش هەن هێز بە بناغەکانیان دەدەن و زۆریشیان هێزی لێدەسەنن. پاش ئەوەی نموونە بۆ وشەی مۆرفۆلۆژیی و فرێزەکان دەهێنینەوە، هۆشی خۆمان لە حاڵەتە کێشاوییەکان کۆ دەکەینەوە:

خشتەی (۱) دروستەی ناوکیی بڕگە (C(C)V(C(C))) و چەشنەکانی

CV	CVV	CCVV	CVVC	CVC	CVVCC	CCVVC	CCVVCC	CCVCC
دروست	بلوور		کوڕ	کووڕ	گڕوو	فوو		
	بریین			سییر	کڕیی	سیی		

خشتەکە هاتن و دەرکەوتنی بڕگەیی خاو و گرژی سەرەوە لە چەشنەکانی بڕگەی وشەی بنەڕەتییدا نیشان دەدات. (ا) بڕگەی خاو لەپێش دوو نابڕگەییەوە نایەت (٤). (ب) بڕگەی گرژ لە بڕگەی کراوەی وشەی یەکبڕگەییدا نادۆزرێتەوە (۲). (پ) بڕگەی گرژیی /ی/ لە وشەی یەکبڕگەیی داخراوی ساکاردا نایەت (۳-أ).

یەکەم ئەنجام:

أ. بڕگەی خاو لە بڕگەی کراوە و داخراوی ساکاری وشەی یەکبڕگەییدا دێن (۱_۲)

.ب. بڕگەی گرژ لە بڕگەی داخراوی ساکار و ئاڵۆزی وشەی یەکبڕگەییدا دێن.

هەڵگنەدەی کێبڕکێ

۱- /توو/ <توو> ~ تو، /بیی/ <بیی> ~ بی

۲- /تoور/ <تoور> ~ *تور، /تییر/ <تییر> ~ *تیر

۳- أ. /کون/ <کون> ~ *کوون، */بیس/

۳- ب. /کورد/ <کورد>، /بیست/ <بیست>

٤- */کوورد/، */بییست/

*****

خشتەی (۲) هاتنی بڕگەی خاو و گرژ لە وشەی فرەبرگەیی بنەڕەتییدا

CVCVC	CVCC	CVCCVC	CVCV:C	CV:CCVC	CV:CVC	CVCV:C	:CVCV
پەموو	تەنوور	کووتاڵ	جووتیار	گوناح	گوللە	نوستن	گیران
سوتوو	خەزوور	کووزەڵە		گوتار	خورما	شوشتن	کرانەوە
پەریی	نەسریین	تییمار		چونوور	بیستن	**بیستران	
	سییسرك	قیتار	زیندان	بینیین	**بینران		

چییکەنە	پەڕینەوە	گوروون	**گوڕان
سییتەك		خوران	**خوڕێنران
		نووقان	**نوقێنران
		سووتان	**سوتێنران
		برژان	**برژێنران

برگەی گرژ لە بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی دووبڕگەییدا:

أ. بڕگەی گرژ لە بڕگەی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەییدا دێت، ئەگەر ڕاستەوخۆ یەك یان دوو نابڕگەیی لە دوایەوە بێت (٥). بڕگەی خاو لە بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەدا دێت، ئەگەر یەك نابڕگەیی لە دوایەوە بێت و دیشتوانرێت سەرپشکیی گرژ بەرجەستەبکرێت (٧).

١- /ئوتوو/ ، /گوناح/، /تینوو/، /گوروون/
٢- /سورمە/، /خونچە/، /کورتان/، /چیلکە/، /زیپکە/
٣- أ. /نووکە/ <نووکە> ~ <نوکە>، /سیینە/ <سیینە> ~ <سینە>،
٣- ب. /توتون/ <تووتن>، /لییخن/ <لییخن>، /سییخن/ <سییخن>،
٣- پ. /زووخاڵ/ <زووخاڵ> ~ <زوخاڵ>.

دووهەم ئەنجام: ئەنجامی (١-٤) لەگەڵ (٧-٥):

أ. یەکەم ئەنجام بۆ بڕگەی ناوەوەی وشەی دووبڕگەییش هەر کاریگەرە.
ب. بە شێوەیەکی سەرەکی، جێکەوتەی بڕگەیی خاو بڕگەی کۆتایی وشەی فرەبڕگەییە و جێکەوتەی برگەیی گرژ بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی فرە بڕگەییە. (٨) و (٩) دابەشبوونەکە دەسەلمێنن.
پ. بڕگەییە خاوەکانی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەیی لە پێش بڕگەییەکەوە دێن، کە بڕگەیی /ه/ (٧-أ) و بڕگەییە سارەدەکەی بە بزرۆکە ناسراوە (٧-ب) و هەندێك جاریش لە پێش /ا/ ەوەن (٧-پ).
ت. تەنها بڕگەیی خاوی بڕگەی ناوەوەی وشەی فرەبڕگەیی دەتوانرێت سەرپشکیی گرژ بەرجەستەبکرێت.

*****

بڕگەیی سەرەوە لە بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەی فرەبڕگەییدا

١- /کولانە/ <کولانەوە>، /گوندۆرە/ <گوندۆرە>،

هەوالنامەی کتێبی

۲- /کوولەکە/ <کوولەکە> ~ <کولەکە>/، /چییکەنە/ <چییکەنە> ~ <چیکەنە>

سێهەمین ئەنجام: بۆ بڕگەیی گرژ و خاوی بڕگەی سەرەتا و ناوەوەی وشەیش ئەنجامی دووهەم لە کار دایە.

۳- بڕگەیی گرژ و خاو لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا

لەگەڵ ئەوەیشدا کە بڕگەیی /بوون/ ی کردەیی خاوە و ئەوەی /بون/ ی حاڵەتیی گرژە و ئەویان هێزلەسەرە و ئەمیان بە بێ هێزە. بەڵام دەتوانرێت ئەو جیاوازییە بە ڕێزمانی ناوەکیی[1] لە دروستبوونی دوو ناوی کرداریی جیاوازدا دابنرێت (بەراوردی بکە لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی کۆی ناوی زمانی ئەڵمانییدا، کە تەنها بە گۆڕینی بڕگەیی پشتەوە بۆ پێشەوە (ئوملاوت Mutter : Mütter (دایك: دایکان) دەکرێت. ئەم چەشنە پێواژۆ مۆرفۆلۆژیەی وشەدروستکردن لە ڕێزمانی کوردییدا فرەچەشنە[2]:

لەبەر ئەوەی هەمبەری /وو/ ی کردەیی و /و/ ی حاڵەتیی پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییانەیە و لە کاتی شکانەوەیاندا هێز دەخرێتە سەر کرداڕە شکاوەکان، ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە دانانی هێز دەبێتە هۆی خاوکردنی /وو/ ی /بوون/ ی کردەیی. واتا، یەك /بون/ بۆ کردەیی و حاڵەتیی لە فەرهەنگدا نین، بەڵکوو دوو ناوی کرداریی جیا و سەربەخۆی /بوون/ و /بون/ هەن. بەم شیکردنەوەیە پشتگیریی بە هێزی هەبوونی فۆرمەکانی خوارتریش دەکرێت:

/قفڵبوون/ (داخستن) <جادەکە قفڵبوو> (هێز لەسەر /بوون/ ەو /بون/ (حاڵەتیی) <ئەوەی کڕییم، قفڵ بو.> (هێز لەسەر /قفڵ/ ە).

ڕێزمانی ناوەکیی (ا) بە تێپەڕکردنی کرداری تێنەپەڕ، (ب) بەشداریکردن لە داڕشتنی کرداری بکەرنادیاری ڕابوردوو و ڕانەبوردووداو، (پ) دووڕخستنەوەی کاتی کرداری /بوون/ ی کرداریی بۆ ڕابوردووی پێشتر و (ت) داڕشتنی ئاوەڵکرداری شوێنیی /ناوان/ (دەور، دەوروبەر) هەمبەر بە /نێوان/ (بەین).

أ. /کەوتن/ : /خستن/، /هاتن/ : /هێنان/، <(ئەو) گیرا> : <(ئەو) دەگیرێت>

ب. ئەو نووستبوو، کە ئێمە گەیشتین.

ئەو ماموّستا بوو، کە ئێمە هێشتا دەمانخوێند. ~

ئەو دەمێك بوو ماموّستا بوو، کە ئێمە هێشتا ئێمە هەر دەمانخوێند.

[1] internal grammar.

[2] لە بەرگی دووهەمی *مۆرفۆلۆژیی* (۲۰۰۹) دا، ئەم بابەتە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

ئەو ماموّستا بوو. نەخێر، ئەو ماموّستا بوو (ئەو چیدیی ماموّستا نییە).

پ. کەس لەم ناوانەدا نەمێنێت!: کەس لە نێوانماندا نەماوە.

دەبێت بزانرێت کە بڵاوبوونەوەی فۆرمێکی شێوەزارێکی وەک موکریی لە ناو شێوەزاری زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا ئەڵتەرناسیۆنێکی ئازادە، نەک پێواژۆیەکی ناوەکیانەی مۆرفۆلۆژیانە. ئەم وەرگرتنە لەو شێوەزارەوە بۆ ئەو دوو فۆرمەی پێشتر و فۆرمی تری لەو چەشنەیش تێکدەر دەبێت. کە واتە ناتوانرێت لەبری <ئەم ناوانە> فۆرمی <ئەم نێوانە> بەکاربهێنرێت (/ناو/ ~ /نێو/، /ناوبانگ/ ~ /نێوبانگ/، /ناوزەدکردن/ ~ /نێوزەدکردن/).

نیمچەنابڕگەیی /و/ و نابڕگەییە لوتیەکەی /م/ بۆ ئاماژەدان بە کاتی ئێستا و داهاتوو لەگەڵ ڕابوردوودا بە کار دەهێنرێن، هەروەک چۆن /بەر/ و /دوا/ یش بۆ هەمان جیاوازیی سوودی لێدەبینرێت. هاوئۆرگانیی /م/ و /و/ ڕێگە بە ئەڵتەرناسیۆنی /لەمەوبەر/ ~ /لەوەوبەر/ یان /لەمەودوا/ ~ /لەوەودوا/ یش دەدات.

ت. ئەمانەی ئێستا: ئەوانەی پێشتر

ئەمانەی لای خوارەوە: ئەوانەی لای سەرەوە

لەمەوبەر (پێشتر): لەمەودوا (داهاتوو) = بەر: دوا

دوو ساڵ لەمەوبەر ~ دوو ساڵ لەوەوبەر، لەمەودوا ~ لەوەودوا

هەولێری کێبڕکێ

۳-۱- تەرزی هێز لە وشەی لێکدراودا

واتای سادە و واتای لێکدراویی (واتای فرەوشەیی) وشە لێکدراوەکان ڕێژەییە. بۆ ئەمەیش واتای وشەکانی /سەرچنار/ و /سەرتاشیین/ و /سەربڕیین/ لەگەڵ یەکتریدا بەراوردبکە! ئەم ڕێژەییەی واتا کاریگەریی لەسەر تەرزی هێز و جۆری دەربڕینی بڕگەییە خاو و گرژەکان نییە. بەراوردکردنی وشە لێکدراوەکانی (۱۰) لەگەڵ ڕستەکانی بەرامبەریاندا، نیشانی دەدات کە بڕگەیی خاوی وشەی بنەڕەتیی لە وشەی لێکدراودا بە یاسایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیانە گرژ دەبێت. دەبێت لەبەر ئەوەی ڕەگی کردار مۆرفێمی لە وشەچووە، وشەی لێکدراو بە ڕەگی کردارەوە هەمان دیاردەی گرژبوون نیشان بدات (۱۲). لە وشەی لێکدراودا، بڕگەیی گرژی وشەی بنەڕەتیی خاو دەرنابڕدرێت، ئەگەر هێزیشی لەسەر بێت (۱۲-ب) و (۱۳). ئەگەر بڕگەیی /وو/ ی /دوور_کوژ/ لە وشە لێکدراوەکەدا خاویش دەربڕدرێت <دورکوژ> ~ دوورکوژ، ئەوا ئەمە بۆ ئەوە دەگڕێتەوە، کە بڕگەییەکە خۆی لە وشە بنەڕەتییەکەیدا خاوە و کە بە هێزخستنەسەری خاو بەرجەستەدەبێت. لەم بارەی کۆتاییاندا وەستان و پشوویەک لەنێوان دوو سەگمێنتەکەی لێکدراوەکەدایە. فۆرمە بنەڕەتییەکەی لێکدراوەکە، بەڵام دەبێت بە بێ وەستان و پشوو بێت. (۱۱) ەیش نموونەیەکە و

هەمان ڕوونکردنەوەی (۱۲-أ) ی هەیە. کەواتە دەتوانرێت هێزێکی جەختخستنەسەر/بە هێز بخرێتە سەر وشەی یەکەمەی وشەی لێکدراویش و بڕگەییەکەی خاو دەربببڕدرێت <سورکردنەوە> ~ سوورکردنەوە، بەڵام ئەمیان باریکی یاسابەندی جیایە لە بارە ئاساییەکەی، کە دەبێت گرژ بێت. یاسابەندیەکەی لەوەیشدا دەردەکەوێت کە هەموو وشە لێکدراوەکان ڕێگە بەم ئەڵتەرناسیۆنە نادەن (<پیرەمێرد> ~ *پییرەمیرد (بیشڕوانە /جوولەکە/ <جوولەکە> ~ جولەکە)، چونکوم هەلومەرجی ئەڵتەرناسیۆنەکەیان بۆ ئامادە نییە. وشەلێکدراوەکانی (١٤) وشە و فرێزی هەماندەنگیین و بە سەگمێنتی سینتاکسییەوەن. بەپێچەوانەی تەرزی هێزی وشەی لێکدراوەوە، تەرزی هێزی فرێزە خستنەپاڵەکەی ۳-۱ە و ئەمەیش لە فرێزی خاوەنداریی <تووی مەلیك> ~ توی مەلیك دا ئاشکرا و ڕوونە (بزانە، کە وەستان و پشوویەکە مەنێوان دوو سەگمێنتەکەیدا هەن): بڕگەیی /توو/ هێزی دووهەمی لەسەرە و بڕگەی کۆتاییش /مەلیك/ هێزی یەکەهەم، بەڵام لەبەر ئەوەی /ی/ مەلێك لە بنەڕەتدا گرژە، ناتوانرێت خاو بەرجەستەبکرێت. بڕگەیی گرژی ڕەگی کرداری ناوی کرداریی لە ناوی لێکدراوی کارادا خاو دەردەبڕدرێت، ئەگەر بڕگەکەی لە کۆتاییدا بێت و داخراوی ساکاریش بێت (۱۲-پ). کە بڕگەیی وشەکانی /سوور/ و /سپیی/ خاون، فرێزی وەك سوور_ی تۆخ <سووری تۆخ> ~ سووری تۆخ و سپیی_ی سادە <سپیی سادە> ~ سپی سادە دەریدەخەن.

ناوی کرداریی فەرهەنگیی و ئەوەی پێکهێناوەکە لەگەڵ کرداڕە شکاوەکانیاندا هەمان تەرزی ئەوانەی بکەردیاریان هەیە (۱۰، أ-ب) و (۱۰-پ). /سوور-کردنەوە/ <سورکردنەوە>:

<سوورمکردەوە> ~ <سووریدەکەمەوە>، <سوورکرایەوە> ~ <سوورەدەکرێتەوە>

بە گشتی هاتنی بڕگەییە گرژ و خاوەکانی سەرەوە پەیکاڵی دابەشبوونی تەواکەرانەیانە لەسەرەتا و ناوەوەی هێزلاوازی بڕگەی وشەدا هەمبەر بەوەی بڕگەی هێزلەسەری کۆتاییدا. تەرزی هێزی وشەی مۆرفۆلۆژییش جیاوازە لەوەی پێکهاتووی سینتاکسیی (/سەر_تاشیین/ <سەرتاشیین> : تاشیین_ی سەر <تاشیینی سەر> ~ تاشینی سەر). هەموو چەشنەکانی وشەی لێکدراو هێزکۆتاییین و وشەی سەرەتاییش هێزێکی لەو جۆرەی لەسەر نییە، بڕگەییەکەی خاو بەرجەستە بکات (بڕوانە *مەنامە* (۲۰۱٦، ۲۱۸-۲۳۳). لەم ڕووەوە تەرزی هێزی وشەی لێکدراو لەوەی فرێزی، بۆ نموونە، خستنەپاڵ جیاوازە. ئەمە بۆ پێکەوەهاتووەکان بە دروستەی خستنەپاڵیشەوە هەمان چشتە. هەروەها لە ڕووی تەرزی هێزەوە کرداری لێکدراوی شکاوە و فرێزی خستنەپاڵ وەکیەکن (۱-۳) و پێچەوانەی ئەوەی وشەی لێکدراون. پەیوەست بە وەستان و پشووەوە، بەڵام

فرێزکه هەیەتی کرداره شکاوەکه به گشتی نییەتی. تەرزی هێزی وشەی لێکدراو لەگەڵ ئەوەی ئاوەڵفرێزەکانیاندا بەراورد بکە (بڕوانە (۳/۱).

بڕگەییەکانی سەرەوە لەپێش بڕگەیی /ه/ ەوە خاون (/کوولەکە/ <کوولەکە> ~ کولەکە)، بەڵام لە وشەی لێکدراودا و لە پێش هەمان بڕگەییەوە گرژە (۱۱_ب).

۱۰- أ. /سوور_کردنەوە/ <سورکردنەوە> : سور_م_کردنەوە <سوورمکردنەوە.>،
/سپیی_کردنەوە/ <سپیکردنەوە> : مەنجەڵەکەی سپیکردەوە <سپییکردەوە.>،
/سوور_هەڵگەڕان/ <سورهەڵگەڕان> : (ئەوان) سورهەڵگەڕا_ن <سوورهەڵگەڕان.>،
/شیی_کردنەوە/ <شیکردنەوە> : (من) شیی_م_کرد_ن_ەوە <شییمکردنەوە>،
/قیژقییژ_کردن/ <قیژەقیژکردن> : <(ئەوان) قییژەقییژەدەکەن.>
/دەستیدەستی_پێکردن/ <دەستیدەستیپێکردن> ~ دەستیدەستییپێکردن :
(ئەوان) <دەستیدەستییمانپێدەکەن>،
/لەبیرچوون_ەوە/ <لەبیرچونەوە> : لەبیر_م_چووەوە <لەبییرچووەوە>
/تووڕە_بوون/ <تووڕەبوون> ~ *کووتێکردن : *(ئەوان) کوونیانتێکرد
/کون_تێکردن/ <کونتێکردن>
ب. /شیین_بونەوە/ <شیبنونەوە> : (پەنجەکانم) شییبنوونەوە <(پەنجەکانم) شییبنوونەوە>،
پ. /دوور_خستنەوە/ <دورخستنەوە> ~ *دووڕخستنەوە
**/دوور_خرانەوە/ <دورخرانەوە> : ئەوان دورخرانەوە <(ئەوان) دوورخرانەوە.>
**/زیندانیی_کران/ <زیندانیکران> : (ئەوان) زیندانییکران <(ئەوان) زیندانییکران>

۱۱- أ. /لییتە_او/ <لیتاو> ~ لییتاو
ب. /پییر_ە_مێرد/ <پیرەمێر> (هەرچەندە /جووڵەکە/ <جولەکە> ~ جووڵەکە یش هەیە)
/دوور_ە_پەڕیز/ <دورەپەڕیز>، /سوور_ە_قەڵات/ <سورەقەڵات>،
/قییژە_قییژ/ <قیژەقییژ> ~ قییژەقییژ ، /شییر_ە_خۆرە/ <شیرەخۆرە> ~ شییرەخۆرە
/پییر_خەلیلە/ <پیرخەلییلە> ~ پییرخەلییلە، /گوڵ_ە_باخ/ <گوڵەباخ> ~ *گووڵەباخ
/کون_ە_پەپوو/ <کونەپەپوو> ~ *کوونەپەپوو
پ. /سووك_و_سۆڵ/ <سوکوسۆڵ> ~ *سووکوسۆڵ

۱۲- أ. /دوور_کوژ/ <دورکوژ> ~ دووڕکوژ، _ب) /کون_بڕ/ <کونبڕ>، /پیاو_کوژ/ <پیاوکوژ>،
ب. /ڕوو_ڕەش/ <ڕوڕەش> ~ ڕووڕەش، /سپیی_دار/ <سپیدار> ~ سپییدار

هەوالنامەی کێبڵ

پ. /نوسیین/ <نوسیین> : /دەست_نوس/ <دەستنووس>، /ڕۆمان_نوس/ <ڕۆمانننووس>.

۱۳- /خەت_خەت/ <خەتخەت>، /کون_کون/ <کونکون>، /گوڵ_او/ <گوڵاو>،

أ. /شەقام_ی_سالم/ <شەقامی سالم>،

/تووی مەلیك/ <توی مەلیك> : تووی مەلیك <تووی مەلیك>،

قاسپە_ی کەو <قاسپەی کەو>،

ب. /گرد_ە_بڕدراو_ەکە/ <گردەبڕدراوەکە>،

پ. /دوور_و_درێژ/ <دوورودرێژ> : دوور_و_درێژ <دوورو درێژ>،

ت. /دوو_زمان/ <دوزمان> : دوو زمان <دوو زمان>، /دوو_قات/ <دوقات> : دوو قات <دوو قات> (<خانوەکە دوقاتە.> : <خانوەکە دوو قاتە>)، /دوو_ڕوو/ <دوڕوو> : دوو ڕوو <دوو ڕوو> (<خانوەکە دوو ڕووی هەیە.>)،

ج. /چیین_چیین/ <چینچیین> : چیین چیین <چیین چیین>.

چوارەمین ئەنجام: (ا) بڕگەیی خاوێ وشەی بنەڕەتی لە وشەی لێکدراودا گۆڕینۆکە (گرژ بەرجەستە دەبێت) و بڕگەییە گرژەکان نەگۆڕن. (ب) دابەشبوون و دەرکەوتنی بڕگەییە خاو و گرژەکانی سەرەوە لە وشەی لێکدراودا هەر بە پێی خاڵەکانی یەکەمین ئەنجامن. پێنجەمین ئەنجام: (ا) بڕگەیی سەگمێنتی یەکەمی ناوی کرداریی لێکدراو گرژە و ئەمەیش پەیکاڵی چوارەمین ئەنجامە. (ب) تەرزی هێزی ناوی کرداریی ئەوەی کردارە شکاوەکەی هەمبەر بەیەك دەوەستنەوە (بڕگەیی بە بێ هێز گرژ: بڕگەیی هێزلەسەر و خاو)، واتە جیاوازن. (پ) ئەم ئەنجامە بۆ کرداری بکەردیار و بکەرنادیاریش هەر وەك خۆیەتی.

۳-۲- تەرزی هێز لە وشەی هەڵگوێزراو و وشەی فرەبەشدا

پێشگر هێزوەرنەگرە (۱۵) و پاشگر هێزوەرگر. هێزی سەرەکیی ئەم وشە مۆرفۆلۆژیانە بەردەوام دەخرێتە سەر دواهەمین پاشگر. ژمارەیەك پاشگر هێزی بناغەکانیان کەمدەکەنەوە و لەگەڵیدا لە خاوێتیی بڕگەییەکانیان کەمدەکەنەوە. تەرزی هێزی ئەم وشە مۆرفۆلۆژیانە پەیکاڵی (۳_۲_۱) ە (١٦). پاشگرەکان هێزی بڕگەیی بناغەکانیان کەم دەکنەوە. بڕگەیی سەرەوەی ئەم پاشگرانە و هێز پێکەوەدێن، بۆیە هەمیشە خاون (۱۷). بڕگەیی بناغەی ئەم دەرکردانە دەتوانرێت سەرپشکیی هێز بخرێتە سەریان و خاو بەرجەستە بکرێن. پێکهاتووی سینتاکسیی وەك کردارە شکاوەکەی ڕستەی <(ئەوان) چوونەوە.> هەمبەر بە ناوە کردارییەکەی /چونەوە/ یان کرداربەندیی

ڕستەی <تۆ سوکییت.> هەمبەر بە ئاوەڵناوی /سووك/ دەیسەپێنن بە سەرماندا نووسینی وشەکان وەك خۆیان جیاواز بن لەوانەی کردار سینتاکسییەکانیان. وشە لێکدراوەکەی /سووکایەتی پێکردن/ و کرداره شکاوەکەی ڕستەی <(ئەو) سووکایەتیی پێکردن>) هەمان نووسین داواده‌کەن. پاشگری /ـن/ هێز_وەرگره و هێزێکیش به بڕگەیی بناغەکەی دەدات (۱۸). هەرچەندە وشەی بنەڕەتیی وەك /تووتن/ <تووتن> و /سییخن/ <سییخن> ئاساییین، بەڵام وشەی ناوازەی وەك /قوژبن/ <قوژبن> یش هەیە. بەڵگە بۆ ئەم تەرزانەی هێزی وشەی مۆرفۆلۆژیی ئەوەیە، کە زۆربەیان وشەی بنەڕەتییان بەو چەشنی هێزانەوە، هەیە. وشە فرەلاگرییەکان، وشە لێکدراوە هەڵگۆێزراوەکان، وشەی فرەسەگمێنتین و هەمان یاسای دابەشبوونی هێزەکانی سەرەوەیان هەیە (۱۹). لەم پێڕەوی فۆنۆلۆژییەدا، لەلایەکەوە بڕگەیی خاو و هێز لە کۆتایی وشەدایە و لەلایەکی تریشەوە هەم بڕگەیی خاو (/وو، یی/) و هەم بڕگەیی گرژ /و، ی/ دەتوانن لە زنجیرە بڕگەییدا ببن بە نیمچەنابڕگەیی وەك /و، ی/[y, w] بەرجەستە ببن.

۱۵- پێشگری هێزبێلایەن

أ. /نە_بوو/ ~ /نەبوو/، /نە_خۆش/ <نەخۆش>، /نا_شیریین/ ~ /ناشریین/، /نا_خۆش/ <ناخۆش>،

/بێگەرد/ <بێگەرد>، /بێ_کەس/<بێکەس>، /بەر_کەوتن/ <بەرکەوتن>،

ب. /لێ_دان/ <لێدان>، /پی_دا_کێشان/ <پێداکێشان>، /تێ_کردن/ <تێکردن>،

پ. /هەڵ_کەندن/ <هەڵکەندن>، /ڕا_کردن/ <ڕاکردن>، /دا_کردن/ <داکردن>.

۱۶- پاشگری هێزەوەرگری بێلایەن

/خانە_دان/ <خانەدان>، /کورد_ستان/ <کوردستان>، /بەیانیی_ان/ <بەیانیان>، /پۆش_اك/ <پۆشاك>، /ترس_ناك/ <ترسناك>، /دەم_ەوەر/ <دەمەوەر>، /جەنگ_اوەر/ <جەنگاوەر>، /قوت_ییلە/ <قوتییلە>، /چاك_ە/ <چاکە>، /جووت_ە/ <جووتە>، /خول_گە/ <خولگە>، /نوست_وو/ <نوستوو>، /گوشرا_وو/ <گوشراو>، /دروستکرا_وو/ <دروستکراو>.

۱۷- پاشگری هێزەوەرگری هێزکەمکەرەوەی بناغە

/شییر_دەر/ <شیردەر>، /لووت_کە/ <لوتکە>، /ژیین_گە/ <ژینگە>، /سپیی_کەلە/ <سپیکەلە>، /سوود_مەند/ <سودمەند>، /سڕیین_ەوە/ <سڕینەوە>، /چوون_ەوە/ <چونەوە>، /جووت_یار/ <جوتیار>، /دیین_دار/ <دیندار>، /ژییر_یی/ <ژیریی>، /سووك_یی/ <سوکیی>، /پییر_انە/ <پیرانە>، /شیریین_یی/ <شیرینیی> ~ <شیرنیی>

/نابووت_یی/ <نابوتیی>، /لوتبەرز_یی/ <لوتبەرزیی>، /ئوتوو_چیی/ <ئوتوچیی>، /زییت_ەڵە/ <زیتەڵە>، /سوکایەتی_پێکردن/ <سوکایەتیپێکردن>.

۱۸- پاشگری هێز_وەرگری هێز_دەر بە بناغەکە

/گوپ_ن/ <گووپن>، /تووك_ن/ <تووکن>، /جییق_ن/ <جییقن>.

۱۹- وشەی مۆرفۆلۆژیی فرە_سەگمێنتیی

أ. /لێبوون_ەوە/ <لێبونەوە>، /نامەرد_یی/ <نامەردیی>،

/بێدەستەڵات_یی/ <بێدەستەڵاتیی>، /سورکەلە_یی/ <سورکەلەیی>،

ب. /بەربووك_یی/ <بەربوکیی>، /سەرسیر_یی/ <سەرسیریی>.

هێزی سەرەکیی ناوی کرداریی، شێوەی وشە سەرەکییەکان لەسەر بڕگەی کۆتاییە، بەڵام ئەوەی کرداری شکاوە لە تافی ڕابوردوودا لەسەر بڕگەی یەکەمەمە، بۆیە بڕگەییەکەی خاوە (۱۸_ب) و (۱۹_ب). ئێستایش دەڕوانینە ئەم بەراوردکارییەی وشەی /دوو/ ی وشە لێکدراوەکەی /دودڵ/: (ا) بڕگەیی گرژ لە وشەی لێکدراوی هەڵگوێزراودا: /دودڵ_یی/ <دودڵیی>: زۆر دوودڵە لەم کارەی. (پ) بڕگەیی خاو لە فرێزە هاوبێژەکەی (ا) دا: مرۆڤی دوو دڵ نەبینراوە. (پ) بڕگەییە گرژەکە وشە لێکدراوەکە لە کرداربەندیدا: نپسێکی زۆر دوودڵیت. لەو تێبینییانەوە دەپەڕینەوە بۆ دەرکەوتنەکانی بڕگەییەکانی سەرەوە لە سینتاکسدا.

هەولێری کتێب

۴- بڕگەیی گرژ و خاو لە پێکهاتووی سینتاکسییدا

بڕگەییەکانی سەرەوە لە پێکهاتەی سینتاکسدا، واتە کاتێك ناوە کرداریەکانیان لەم پێکهاتەیەی ڕێزماندا دەشکێنرێنەوە[1]، تەواو جیاواز ڕەفتار دەکەن وەك لە لەیەکدانیان لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا. ئەمەیش جیاوازیی ئەو دوو پێکهاتەیە نیشان دەدات کە ڕژاونەتە ناو یەکەوە - تێکەڵبوونەکەیان تەواو پەیکاڵی مۆدێلە جیهانییەکەی ڕێزمان نییە. بڕگەیی گرژی ڕەگی کرداری ناوی کرداریی خاو بەرجەستە دەبێت لە کرداری شکاوەدا، ئەگەر بڕگەکەی کراوە و هێز لەسەر بێت (کرداری ڕانەبوردووی (۱۸) کرداری ڕابوردووی (۱۹)(۲۰). ئەم دیاردەیە لە ناوی لێکدراوی کارایشدا هەر بەم جۆرەیە (بڕوانە (۱۲_پ)!). ناوی کرداریی هێزکۆتاییە[2] و کرداری شکاوە لە تافی ڕابوردوودا هێزسەرەتاییە (initial-stress) و لە تافی ڕانەبوردوودا هێزکۆتاییە. بڕگەیی خاوی ڕەگی کرداریش لەهەمان دەوروبەردا هەر خاو دەمێنێتەوە (۲۰).

---

[1] Inflected.

[2] final-stress.

۱۸- أ. /نوستن/ <نوستن> : (ئەوان) نوست_ن <(ئەوان) نوستن.> ~ ده_نوس_ن <دەنوون>

ب. /بیستن/ <بیستن> : بیست_م. <بیستم> ~ ده_بیست_م <دەبیستم.> ~ <دەبییسم.>،

۱۹- أ. /بورانەوە/ <بورانەوە> : (ئەوان) بورانەوە <ئەوان بوورانەوە> ~ ده_بوریّ_ن_ەوە <دەبوریّنەوە>

۲۰- /نوسیین/ <نوسیین> : نوسیی_م <نوسییم.> ~ ده_نوس_م <دەنووسم>، /بینیین/ <بینیین> : بینیی_م <بینییم.> ~ ده_بین_م <دەبیینم.>.

۲۱- /گروون/ : گروو_بوو_م <گروووبووم، ...>

بەپێچەوانەوە، ئەگەر مۆرفێمی تافی ناو ڕەگی کردار بڕگەییەکی گرژ بێت، ئەوا لە فۆرمە شکاوەکەیدا خاو دەبێت، ئەگەر بکەوێتە بڕگەیەکەوە، کە هێزی لەسەر نەبێت (۲۱). بۆ دوورخستنەوەی کاتی ڕوودانی کردارەکەو دانانی لە کاتێکی پێشتری کردارێکی تری ناو ڕستەکەدا، بڕگەیی /بو/ ی یەکەمیش خاو بەرجەستە دەکرێت (۲۲).

۲۲- أ) /بوون/ : بوو_بوو_م <بوبووم بەماموّستا، کاتێك ئێوە دەتانخوێند.>

ب) <دەمێك بو بووبووم بە ماوّستاو کە ئێوە هێشتا هەر دەتانخوێند.>

ماڵپەڕی کێڵبەر

۵- ئەنجام

لەگەڵ ئەوەیشدا کە بڕگەییە خاو و گرژەکانی سەرەوە لە چەشنی بڕگەی کراوە و داخراودا تەواوکەرانە دابەشبوون، بڕگەییەکان و هێز بە جۆرێك بەیەکەوەدێن کە بڕگەیی خاو هەمیشە هێزی سەرەکی یان ناسەرەکی لەسەرە: بڕگەییە خاوەکان گۆڕینۆکن، واتە لە جێکەوتەی بە بێ هێزدا گرژ دەردەکەون. بڕگەیی گرژ چەسپاو و نەگۆڕە. هێز لە کاتەگۆریە سەرەکییە فەرهەنگییەکاندا (ناو، ناوی کرداریی/ چاوگ، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار) لە کۆتاییدایە. بڕگەییە گرژەکان لە بڕگەکانی ناوەوە و سەرەتای وشەکاندان. بڕگەییە خاوەکانی سەرەوە دەشێت لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا گرژ ببن. تەرزی هێزی کرداری بکەردیار و بکەرنادیاری شکاوە وابەستەی تافە (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو). تەرزی هێزی ۳_۲_۱ یش بڕیاردەرە. نووسینی ستانداردی کوردی فۆنیمییە و بەندە بە دەرکردەی پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکانەوە.

سەرچاوەکان

کوردی:

مەحویی، محەمەد (۲۰۰۱). *ڕستەسازیی کوردیی*. وەرگێڕدراو لە نامەی دکتۆراوە. زانکۆی سلێمانیی.

--- (۲۰۰۸). *فۆنەیتیک و فۆنۆلۆژیی*. بەرگی یەکەم و دووەم. زانکۆی سلێمانیی.

--- (۲۰۰۹). *مۆرفۆلۆژیی و تێکڵبونی پێکهاتەکان*. بەرگی یەکەم. زانکۆی سلێمانیی.

مەحویی، محەمەد و نەرمیین عومەر (۲۰۰۵). *مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی*. شارەوانیی سلێمانیی. عێراق.

--- (۲۰۱٦) *مەنامە (بەستانداردکردنی زمانی کوردیی: دروستنوسیین)*. سلێمانیی: چاپخانەی ئەندێشە.

ئینگلیزی:

Chomsky, N. (1980). *Rules and Representations*. Columbia.

Chomsky, N. (1982). *Lectures government and banding*. The Pisa lectures, Dordrecht

Kiparsky, P. (1981). *Explanation in phonology*. Dordrecht

Kiparsky, P. (1985). *Some Consequences of lexical Phonology*. Yearbook 2, 85-138.

Mayerthaler, W. (1974). *Einfuehrung in die generative Phonologie*. Tuebingen.

هەوالنامەی کێبڕکێ

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

گەشتێکی قەسیدە هەمزییە عەرەبییەکەی نالی

هادی ڕێزوان[I]

پرۆفێسۆری یاریدەدەری زمانی و وێژەی عەرەبی، زانکۆی کوردستان سنە

تاریخ دریافت: ۲۶ فروردین ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۲۸ تیر ۱۳۹۸؛ صص ۱۷۷-۱۸۷

چکیده

احمد بن محمد حضراوی که معاصر نالی بوده است، در کتاب *نزهة الفکر* گفته است که ملا خضر افندی نالی در سال هزار و دویست و هشتاد و اندی به مکه آمده و آنجا ساکن شده است. حضراوی یک قصیده‌ی عربی ۱۱۶ بیتی را از نالی که در وصف امیر مکه عبد الله بن عون سروده است به صورت کامل نقل می‌کند. با تأمل در این قصیده، نیز با مقایسه‌ی آن با چند قصیده از دیوان کوردی نالی، می‌توان به معلومات ارزشمندی درباره‌ی سالیان آخر زندگی نالی دست یافت؛ به خصوص که اکنون با کمک اسناد پیدا شده در آرشیو عثمانی می‌دانیم که نالی چه وقت و کجا وفات یافته است. نویسنده‌ی این مقاله که شرحی فارسی هم بر این قصیده نوشته است، برای کشف لایه‌هایی از اوضاع روحی و روانی نالی و زندگی او در غربت، در این قصیده سیری مختصر کرده است. تنها با خواندن این مدح از نالی مشخص می‌شود که شاعر مدتی برای رفتن از مکه دچار تردید شده و خواسته تا به زادگاه خود یا جایی دیگر نقل مکان کند؛ اما در نهایت دلش به ترک حجاز راضی نشده است. هر چند که سالیانی پس از سرودن این قصیده به دلایلی ـ که در دیوان کوردی او هم رگه‌هایی از آن می‌توان یافت ـ برگ سفر پوشیده و به استانبول هجرت کرده و همان‌جا وفات کرده است.

واژگان کلیدی: شعر کلاسیک کوردی، نالی، همزیه‌ی عربی، مکه

کورتە

ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی حەزراوی کە هاوچەرخی نالی بووە، لە کتیبی *نزهة الفکر*دا باسی ئەوە دەکات کە «مەلا خزری ئەفەندی نالی کوردی»، لە ساڵی هەزار و دووسەد و هەشتا و بڕێکی کۆچیدا چووە بۆ مەککە و لەوێ نیشتەجێ بووە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە نالی لەو کاتەدا بە تەمەن بووە و پلەی زانیاریشی ئەوەندە بەرز بووە کە لە کۆڕی ئەمیری مەککەدا شانی داوە لە شانی زانایانی ئەو چەرخە. حەزراوی قەسیدەیێکی عەرەبی ۱۱۶ بەیتی لە نالی ئەهێنێت کە لە ستایشی ئەمیری مەککە عەبدوڵڵای کوڕی عەوندایە. بە تێفکرین و ڕامان لەم قەسیدەدا و هەروەها بەراوردکردنێکیشی لەگەڵ چەند شیعرێکی دیوانە کوردییەکەی نالیدا هەندێک زانیاری بەنرخمان لە بارەی ساڵانی کۆتایی ژیانی نالییەوە بۆ دەردەکەوێ؛ بەتایبەت کە ئێستا بە یارمەتیی چەند بەڵگەنامەی سەردەمی عوسمانی ئەزانین کە نالی کەی و لە کوێ مردووە. نووسەری ئەم باسە کە شەرۆڤەیێکی فارسیشی لەم قەسیدە کردووە، بۆ وەدەرخستنی چەند تووێژێک لە دۆخی دەروونی و ژیانی غەریبانەی نالی، سەرنجێکی ئەم شیعرە دوور و درێژەی نالی ئەدات. هەر تەنها بە خوێندنەوەی ئەم پەسنەی نالیدا بۆمان دەر ئەکەوێت کە نالی ساتەوەختێک بۆ بەجێ هێشتنی مەککە دوودڵ بووە و ئەگەرچی دڵی کەڵکەڵەی شارەزوور و هەندێ شوێنی تریشی کردووە، بەڵام لە ئەنجامدا دڵی نەهاتووە وڵاتی حیجاز بەجێ بهێڵێت. هەرچەند کە دوایی تەنگیان پێ هەڵچنیوە و وەکوو لە دیوانە کوردییەکەشدا بۆمان دیاری ئەدات، مەککەی بەجێ هێشتووە و ئەستەمبوڵ گرساوەتەوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

وشە سەرەکییەکان: شیعری کلاسیک، نالی، هەمزییەی عەرەبی، مەککە

[I] hadirezwan@yahoo.com

۱- پێشەکی

ئەحمەدی کوڕی محەمەدی حەزراوی مەککی هاشمی لە کتێبی *نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث والعبر في تراجم رجال القرن الثاني عشر والثالث عشر*دا کە بەشێکی لە ساڵی ١٩٩٦ی زایینیدا لە چاپ دراوە و باسی زانایان و ئەدیبانی هاوچەرخی نووسەری تێدا کراوە، لە بەسەرهاتی ژمارەی ١٣٩دا لە ژێر ناونیشانی الشيخ خضر أفندي نالي الكرديدا دوای ناساندنێکی کورتی نالی، قەسیدەیەکی عەرەبی ١١٦ بەیتیی نالی هێناوە کە لە پەسنی ئەمیری مەککە، عەبدوڵڵا پاشای کوڕی عەوندایە. حەزراوی کە وادیارە خۆی نالی دییوە، پێناسەی بەم جۆرە دەکات:

> لە عێراق لە شاری شارەزوور لە دایک بوو؛ دوایی دەستی کردە خوێندن و لە ئەدەب و زبانداا بە پلەی تەواو گەیشت. نالی ساڵی هەزار و دووسەد و هەشتاد و هەندێک هاتووەتە مەککەوە و لە لایەن زانایانی ئەم شارەوە ڕێزی لێ گیراوە؛ پەسنی ئەمیری مەککەی وتووە و لە کۆڕی ئەودا لەگەل شێخ محەمەد مەحموودی شەنقیتی وت و وێژی زانستی زۆری کردووە و جاری وەها هەبووە قسە و باس و کێشەیان لە سەر وشەیەک درێژی خایاندووە. نالی شارەزاییەکی تەواوی لە سەر ڕەگەز و وت و وێژ و شێعری عەرەب هەیە و چاوێکی گەورە و زانایە و بەڵام شکاوەتەوە و پیرێکی جوان سیمای نەخشاندووە و قەدر و نێوی ونە و نەناسراوە. (الحضراوي، ١٩٩٦: ٣٥٧)

ئەم پێناسە کورتە، چەند زانیارییەکی گرنگمان پێدەبەخشن؛ لە وانە: نالی چەند ساڵ دوای ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی مانگی لە مەککە بووە کە ئێستایە هۆی چەند بەڵگەنامەی عوسمانییەوە ئەزانین چەند ساڵ دوایی لە ئەستەنبوڵ گیرساوەتەوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە (خۆشناو، ٢٠١٧: ٤٢-٤٣). هەروەها ئەم پێناسەی حەزراوی، لەگەل بۆچوونەکەی مەسعوود محەمەدیشدا یەک ئەگرنەوە کە لەوانەیە نالی ساڵی ١٢٨٩ یان سەرەتای ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی مانگی مەککەی بەجێ هێشتبێت؛ لەبەر ئەوەی کە مەلا عەبدوڵڵای جەلی باپیری مەسعوود محەمەد گێڕاویەتەوە کە نالی لە ساڵی ١٢٨٨ یان ١٢٨٩دا لە مەککە دیوە و لەو کاتەدا زۆریش پیر بووە (محەمەد، ٢٠١٠: ٣١- ٣٢).

هەروەها ئەم کورتە باسەی حەزراوی، پێمان دەڵێت کە نالی پلە و پایەیەکی بەرزی لە نێوان زانایان و ئەدیبانی حیجازدا هەبووە و تەنانەت وەکوو شاعیرێکی گەورەش ناسراوە؛ ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و خولەفای بە هەڵبەستێکی جوان نووسیوە (الحضراوي، ١٩٩٦: ٣٥٧) و شێعری عەرەبی نالی لە ئاستێکدا بووە کە ئەم حەزراوییە قەسیدەیەکی ئەوی بە تەواوی لە کتێبەکەیدا هێناوە. لێرەدا نووسەر نایەوێت هەموو ئەو قسانەی کە لە بارەی ژیان و بەسەرهاتی نالییەوە نووسراون و ئەو زانیارییانەی کە بەڵگەنامەکانی عوسمانی ئەیبەخشن و هێمن عومەر خۆشناو لە

کتێبی *نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا* باسی لە سەر کردوون، دووپات بکاتەوە و تەنها مەبەستی ئەوەیە لە ڕێی ناواخنی خودی قەسیدە عەرەبییەکەی نالییەوە جارێکی تر بڕوانێتە سااڵنی کۆتایی ژیانی نالی لە حیجاز و هۆی بەجێ هێشتنی مەککە و کۆچی بۆ ئەستەنبووڵ. نووسەر پێی وایە خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەم پارچە شێعرە عەرەبییە کونجێکی تاریکی ژیانی نالیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

۲- بوونی ژنێک لە قەسیدەکەدا

بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤخانەی عوسمانی، نالی هاوسەرێکی بە نێوی "زەینەب" هەبووە کە پێنج ساڵ دوای کۆچی دوایی نالی داوای وەرگرتنی مووچەکەی ئەوی کردووە لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی مەککەی موکەڕڕەمەی سەر بە ویلایەتی حیجاز و ئەم داواکارییە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی ئەستەنبوڵ (خۆشناو، ۲۰۱۷: ۳۰). لە ڕاستیدا ئەمە زانیارییەکی زۆر گرینگە کە ئەمە نەزانراوە و تەنانەت بە پێی دیوانە کوردییەکەی نالی نازانین ئایا نالی (حەبیبە)ی خواستووە یان نە؟ یا وەکوو عەلائەدین سەجادی وتوویە «ئایشە» ناوێک لە ژیانی خۆشەویستی نالیدا هەبووە یان نە؟ (بڕوانە: پێشەکی *دیوانی* نالی، ۱۳۹۲: ۳۱- ۳٦؛ سەجادی، ۱۳۹۵: ۲٤٤-۲٤٥).

بەڵام نالی هەر لە سەرەتای قەسیدە عەرەبییەکەیدا باسی ژنێکی بێقەراری ماڵی غەریبی و سەرای گۆشەگیری خۆی دەکات کە تەنگی پێ هەڵچنیوە و زیاد لە توانای نالی داوای لێ کردووە و پەڵپی لێ گرتووە و زۆری بۆ هێناوە؛ هەر دوو پێی کردووەتە کەوشێک و پیرە پیاوێکی دڵشکاوی وروژاندووە و دونیای فەریبای لە بەر چاو تییفتییفە داوە و بیری قیامەتی لە مێشک سڕیوەتەوە:

ثقلتني بحمل ما فوق طوقی ... من أشق الأعباء والإعياء
أزعجتني مزعاج سكنى انزواء ... ودعتنى إلى مخاض الفناء
قصرتني على إطالة نشر ... انطوت عنه جبتى ووحائى
و أطالت في سحب ذيلى على ما ... قصرت عنه جبتى وردائى
قدمتنى و أقدمتنى و ألقت ... فى فؤادى دواعى الادعاء
أذهلتنى بزهرة العاجل الفا ... نى عن الآجل القريب النائى

(الحضراوی، ۱۹۹٦: ۳۵۸)

وشەی «مزعاج» لە بەیتی یەکەمی قەسیدەکەدا ڕاستەوخۆ ئەوەمان پێ دەڵێت کە نالی باسی ژنێک ئەکات و ئەم ژنە ئۆقرەی لە خۆی و لە نالیش سەندووە و جێی پێ لێژ کردووە. لە

فەرهەنگەکاندا «مزعاج» بە «المرأة التي لا تستقر في مكان» یانێ ژنێک کە لە شوێنێکدا ئۆقرە نەگرێت و نەمێنێتەوە مانا لێدراوەتەوە (ابن منظور، ۲۰۰۰، الفيروز آبادي، ۲۰۱۰: زعج) . بە پێی چەند بەیتی تری ئەم قەسیدە ئەو ژنە دڵی هیممەتی نالی لە مەککە هەڵکەندووە و هەڵینیاوە بە دەریا و بیاباندا بەرەو شوێنی نادیار وەرێ کەوێت؛ تاوێک ڕێی بەغدای لێ خۆش کردووە و ساتێک ڕۆم و شام و حەڵەبی لەلا شیرین کردووە و چەلێک هەوای شاری شارەزووری خستۆتە سەر!

زحزحت همة التهامی عن غو ر إلى التيه أو إلى التيهاء
زورت زورة إلى الزوراء أو إلى الروم أو إلى الشهباء
أو إلى شهرزر مسقط رأسی موطن العلو موطیء الآباء
(الحضراوي، ۱۹۹٦: ۳۵۸-۳۵۹)

بە پێی ئەم بەیتانە و چەند بەیتی تریش، دوور نیە ئەو (زەینەب خاتوون)ەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی کە داوای مووچەکەی نالی لە پاش مەرگی کردووە، ئەم (مزعاج)ە بێت و بە هەر هۆیەک بووبێت هانەهانەی نالی دابێت مەککە بە جێ بهێڵێت و پێڵاوی ڕێگای ئەستەنبوڵ لە پێ بکات؛ جا هاوسەری نالی لەم سەفەرەدا هاوسەفەریشی بووبیت یا لە مەککە مابێتەوە، ئەوە باسێکی تری. هەرچەند بە شێواز و ڕواڵەتی قەسیدەکەدا وەها دەردەکەوێت لەگەلی چووبێت؛ ئەنا بۆچی ئەو هەمووە بیانووی پێ ئەگرێت و وەسواسەی دەخاتە دڵەوە؟! دووریش نییە دوای کۆچی دوایی نالی، زەینەب خاتوون گەڕابێتەوە بۆ حیجاز و دوای پێنج ساڵ داوای بەراتی نالی کردبێت. نالی بە پێی ئەم قەسیدەیە لە ئەنجامدا مل بۆ هاوژینی ئاڵۆزی دانانەوێنێت و بۆ بڕیاری کۆتایی پەنا ئەباتە بەر دڵی تەنگ بەڵام ڕوونی خۆی و ئەمجارە خۆی لە کۆچی نابەدڵی ڕزگار ئەکات:

ملت عن زورها و ذاكرت قلبا في سويدائته ذكاء الذكاء
(۳۵۹)

۳- ژیانێکی تاڵ

ئەمەی کە بۆچی نالی لە چوون و نەچووندا دوو دڵ بووە، یان بۆچی هاوسەرەکەی بەو جۆرە تێی هەڵپێچاوە و هەڵیناوە مەککە بە جێ بهێڵێت، پرسیارێکە کە بە ورد بوونەوە لەم قەسیدە عەرەبییەدا لەوانەیە چەند وەڵامێکی بۆ بدۆزینەوە. نالی لە چەند شوێنی ئەم پارچە شێعرە

عەرەبییەی خۆیدا ئاماژە بە بەدحاڵی و شپرزەیی خۆی دەکات؛ لە شوێنێکدا بە درکە ئاماژە بە کورتیی جبە و ڕیدای خۆی دەکات:

و أطالت فی سحب ذیلی علی ما قصرت عنه جبتی و ردائی
(٣٥٨)

لە شوێنێکی تردا ترسی ئەوەی لێ دەنیشێت کە نەکا باق و بریقی دونیای فانی هەڵی بخڵەتێنێت و لە سەرای باقی خافڵی بکات:

أذهلتنی بزهرة العاجل الفا نی عن الآجل القریب النائی
(٣٥٨)

دیارە ئەمە ئەتوانێت ئەو مانا ببەخشێت کە نالی ژینێکی خۆشی نەبووە و مەترسی ئەوە هەبووە کە لایەک لە دونیا بکاتەوە و هەوڵێک بۆ خلستن لەو تاڵییە بدات. لە شوێنێکی تردا بەدحاڵی و شڕۆڵی و ڕووتیی زەقتر دەبێتەوە:

أو حیاء من الرثاثة والعر ی و هذان خلعة الغرباء
(٣٥٩)

هەر لێرەدا نالی خۆی بە نامۆ دادەنێت و ژینێکی نالەبار ئەکا بە بەری ئەم غوربەتەی خۆیدا. لایەنێکی تری ئەم ژینە تاڵەی نالی، بە هۆی هەندێک لە زانایانی دەوروبەری ئەمیری مەککە پێک هاتووە کە نالی بە سەفێح و جڵف و سەرسەری و نەزان ناویان لێ ئەبات و بە دڵ ڕەق و دوو ڕوویان ئەزانێت. کەسانێک کە بە نالیی شکاوەی گۆشە نشینەوە (هەمان سەرچاوە: ٣٥٧) نەوەستاون و لە ڕووی زانا گەورە پێشینەکانیشدا وێستاون:

إن تکن مجاور العصر حقا لا تسل عن فضائل القدماء
(٣٦٣)

نالی جەدەل و شەڕە قسەی نێوان زانایانی بە لاوە خۆش نیە و تەنانەت حازریشە خۆی لە پلەی زانایان بێنێتە خوارەوە:

إن یجادلك عالم فتجاهل و تنزل عن رتبة العلماء
أو یعاتبك جاهل قل سلاما تنج و اغضض عن عورة الجهلاء
لو یثقاسیك قلب قاس کصخر لن ولاینه واجر جری الماء
(٣٦٣)

هەوالنامەی کێبڕکێ

محەمەد مەحموودی شەنقیتی کە حەزراوی لە پێشەکییەکەی خۆیدا ناوی لێ ئەبات و ئەڵێت کە لە کۆڕی ئەمیری مەککەدا باسی دوور و درێژی لەگەڵ نالی کردووە، زۆر متمانەی بە خۆ هەبووە و تەنانەت بە کتێبەکەیدا دەر دەکەوێت کە ئەبێ زۆر لە خۆ بایی و خۆ بە زل زان بووبێت. شەنقیتی لە کتێبی *الحماسة السنية الكاملة المزية في الرحلة العلمية الشنقيطية التركزية* دا بە درێژی باسی هەندێک لە بۆچوونە زمانی و سەرفییەکانی خۆی ئەکات و ئەچێ بە گژی پێشینیاندا (الشنقيطي، ۱۳۱۹، القسم الأول: ۱۱-۱٤). لەم کتێبەدا شەنقیتی بە تووندی بەرانبەری سەید ئەحمەدی بەرزەنجی کە هاوچەرخی بووە ئەوەستێت و بە ناخۆشی هەجوی دەکات(هەمان سەرچاوە، القسم الثاني: ۲-۱٦و ۷٤-۷۹). هەر بەم بۆنەوە شەنقیتی ناوی هەندێکی تر لە زانایانی کوردی نیشتەجێی حیجاز دەبات؛ بەڵام لە هیچ شوێنێکدا ناوی نالی نەهێناوە! ئەم ناو نەهێنانە ئەتوانێت دوو هۆی هەبێت؛ یەک: کێشەی نێوان نالی و شەنقیتی نەگەیشتووەتە ئاستی دژایەتی و ڕقەبەری، دوو: نالی پلە و پایەی زانستی زۆر بەرز بووە و شەنقیتی نەیویستووە ناوی بهێنێت!

سەرەڕای ئەوە کە کتێبی حەماسە پێناسەیەکی باشە بۆ شەنقیتی، شتی تریشمان لە دەستدایە کە ئەو بارە دەروونییەی شەنقیتیمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە؛ یەکەم ئەوەی کە جیا لە حەزراوی هەندێکی تریش وتوویانە کە ئەمیری مەککە بەردەوام شەنقیتی و زانایانی دیکەی مەککەی داوە بە گژی یەکتردا و دژایەتییەکی زۆری لە نێوانیاندا ساز کردووە (الزركلي، ۲۰۰۲، ج۷: ۸۹-۹۰)، دوو ئەوەی کە کاتێک شەنقیتی لە میسر کۆچی دوایی دەکات، شاعیرێکی هاوچەرخی بە نێوی کامیل چەند بەیتێک لە گۆڤارێکدا بڵاو دەکاتەوە کە بەیتی یەکەمیان ئەمەیە:

مـات الإمـام التـركـزی و انقضـی و بموتـه مـات السبـاب و الشغب

(الشنقيطی، ۱۹۸۹: ۳۹۷)

یانێ: ئیمامی تورکوزی مرد و تەواو بوو و بە مردنی جنێو و ئاڵۆزیش دوایی پێ هات!

دوور نیە ئەو بەیتانەی نالی کە باسی نالەباری و ئاڵۆزی و دوو ڕوویی ئەکەن، ئاماژەیەک بن بەم زانا مووریتانییەی کۆڕی ئەمیری مەککە.

۴- کەسایەتیی نالی لەم قەسیدەدا

هیچ زێدەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین ئەم قەسیدە عەرەبییە ئاوێنەیەکی ساف و بێگەردە کە کەسایەتیی نالی بە جوانی تێیدا دەردەکەوێت. نالی ئەگەرچی ژیانێکی دژوار ئەباتە سەر و

گوشارێکی دەروونی زۆری لە سەرە، بەڵام خۆی بێقەرار ناکات و خەمی ئەو ڕەنگە لە ژیان ناخوات و لە ڕێی ڕاست لانادات:

لا تملـــل و لا تمـــل عـــن قـــوام الـــ وسط العـــادل القويـــم الســـواء
(٣٦٣)

نالی جیا لەوەی کە بەردەوام بۆ هاوماڵ و هاوشانی خۆی نەرم و نیانە و لە هەموو بار و دۆخێکدا ئەساچێنێت، بەڵام لە دڵەوە پیاوی ماستاکەر و دەمار گرژی بە لاوە خراپە و دانووی لەگەل ملهوڕان و ڕیاکاران و بێ بەڵێنان ناکوڵێ و ئەوەندەی ڕق لە درۆزن و دووڕوو و مونافیقە کە تەنانەت ئاهەنگ و ڕواڵەتی چەند بەیتێکی بە تەواوی ئەگۆڕێت و خوێنەر هەر بە هاتوچووی وشەکان و بەرزی و نزمی و کەڵەکە بوونی ئاهەنگەکاندا هەست بەو ئێش و ئازارە دەکات کە لە ناخی شاعیردا چڵ ئەدات:

لا تثـــق فـــي المداهنـــات بـتذي نفـــ ـــس و إن كـــان أقـــرب الأقربـــاء
عـــش و فيـــا موفيـــا و حفيـــا و خفيـــا عـــن الريـــا و الريـــاء
فـــي المفاضـــات كـــن أليفـــا أبيـــا لا تمـــاذق فـــي الأنف أو فـــي الإبـــاء
ودع المـــذق للمـــتاذق و اشـــرب لبنـــا سائغـــا كشهـــد الشفـــاء
فتخلـــص عـــن الأذى و تخلـــص عـــن تقاضـــاء خلطـــة الخلطـــاء
كـــتل جـــون ذي جمـــع ضديـــن لونـــا يتـــراءى كالغـــور و الحربـــاء
عـــاذل عـــادل حميـــم حميـــم يتحـــوى كحيـــة رقطـــاء
(٣٦٤)

لێرەدا شاعیر دەنگی بەرزە و بانگەوازی بەرزەدەماخی و سەر بەرزی و ئاشتی دەکات و پیاوی دڵ ساف و بێ غەل و غەشی ئەوێت. نالی خۆی پێش هەموو کەسێک ئەچێ بە دەم بانگەوازەکەیەوە و وەفای خۆی ئەنوێنێت بەرانبەر ئەمیری مەککە عەبدوڵای کوڕی محەمەدی کوڕی عەون کە بە پێی بەڵگەکان باشترین و دادگەرترین ئەمیری مەککە بووە (العبید: ١٠٢). لەوانەیە هەر وەفا و پێزانینی بەرانبەر چاکەی ئەم ئەمیرە بووبێتە هۆی ئەوەی کە نالی ئەم جارە خۆڕاگر بێت و حیجاز بە جێ نەهێڵێت؛ یان بڵێین ئەمەش هۆیەکی تر لە پاڵی ئەو هەموو عیشق و سۆزەی نالیدا کە بۆ مەککە و مەدینە بوویەتی و قەت حازر نەبووە درک و داڵیشی بە گوڵ و گوڵزاری ڕۆم و عەجەم و تەنانەت کەش و هەوای خۆشی شارەزووری زێدی خۆی بگۆڕێتەوە. لە لایەکەوە ماڵی خودایە کە وەحیی تێدا هاتووەتە خوارەوە و شوێنی میعراجی پێغەمبەرەکەیەتی(د.خ):

هەوڵنامەی کێبڕکێ

فـی بنـاء مثابـة لبرایـا و مطـاف إجابـة للدعـاء
(الشنقيطي، ۱۹۸۹: ۳٦۹)

له لایه‌کی تره‌وه، کوڕی عه‌ون له مه‌ککه ئه‌میره که له ڕه‌گه‌زی کچی پێغه‌مبه‌ره و هه‌موو ئاکارێکی جوانه؛ ڕاستگۆ و دادگه‌ر و دلۆڤانه و خاوه‌نی هه‌موو خده و خووی خه‌لیفانه:

و إلـی ظلـه الظلیـل ابـن عـون سبـط أسبـاط آخـر الخلفـاء
جامعـا خلقهـم بأجمـل وجـه حسـن ذکـرهم بلطف الأداء
صدقـه صـدق أصـدق الأصدقـاء عـدله عـدل أعـدل الرحمـاء
(۳٦۹)

له ڕاستیدا چی ڕه‌وشتی جوانه نالی له ئه‌میری مه‌ککه‌دا ئه‌یبینێت و به درێژی له په‌سنی ئه‌ودا ده‌دوێت (۳٦۵-۳٦۹). نالی ئه‌م جاره هه‌توان و مه‌ڵهه‌می برینی خۆی دۆزیوه‌ته‌وه و به ئاسانی له‌م وڵاته که هه‌م پیرۆزه و هه‌م کوڕی عه‌ون ئاوه‌دانی کردووه‌ته‌وه دڵ نابڕێت.

۵- به ئیزنی خودا

به تێفکرین له‌م قه‌سیده عه‌ره‌بییه‌ی نالی و به‌ڵگه‌نامه‌کانی عوسمانی و به‌راوردێکیان له‌گه‌ڵ چه‌ند پارچه شیعری دیوانه کوردییه‌که‌ی، بۆمان ده‌رئه‌که‌وێ که پارچه شیعری «وه‌ی که ڕوو زه‌ردی مه‌دینه» (نالی، ۱۳۹۲: ۳۰۹) به‌رهه‌می سه‌فه‌رێ کۆتایی نالییه له مه‌ککه‌وه به‌ره‌و ئسته‌نبوڵ. به پێچه‌وانه‌ی بۆچوونه‌که‌ی مامۆستا مه‌لا که‌ریم که وتوویه‌تی: نالی ئه‌م پارچه شیعره‌ی له سه‌ره‌تای به جێ هێشتنی کوردستان و گوڕی بیر کردنه‌وه و سۆزدا وتووه و پارچه شیعری «ئه‌ی تازه جه‌وان»ی له سه‌فه‌رێکی سه‌رده‌می پیریدا داناوه (۳۰۹)، وا ده‌ر ئه‌که‌وێت که ئه‌م پارچه شیعره‌ی «وه‌ی که ڕوو زه‌ردی مه‌دینه» دوای هه‌مزییه عه‌ره‌بییه‌که وتبێت. دیار نیه چ بار و دۆخێک بووه‌ته هۆی ئه‌وه که نالی به سه‌ر ئه‌و هه‌موو سۆزه‌دا که له قه‌سیده عه‌ره‌بییه‌که‌دا به‌رانبه‌ر به مه‌ککه و مه‌دینه ئینوێنێت و به سه‌ر ئه‌و هه‌موو خۆشحاڵییه‌ی که له نزیکایه‌تی ئه‌میری مه‌ککه هه‌ستی پێ ده‌کات، خۆی به ده‌رکراو و ده‌ربه‌ده‌ر بزانێت و به ڕوو زه‌ردی و ڕوو سیاهیی مه‌ککه و مه‌دینه، ڕێی ئسته‌نبوڵ بگرێته به‌ر:

وه‌ی که ڕوو زه‌ردی مه‌دینه و ڕوو سیاهی مه‌ککه خۆم ده‌رکراو و ده‌ربه‌ده‌ر یا ڕه‌ب ده‌خیلی عه‌فوی تۆم
(۳۱۰)

نازانم بۆ چی ئه‌م پارچه شیعره نابێ نیشانه‌ی پیری تێدا ببێت و نزیکی پارچه شیعری «ئه‌ی تازه جه‌وان» بکه‌وێت؟! له حاڵێکدا نالی خۆی هاوار ده‌کات چاوم کز بووه:

کەعبە ئیشراقی وەکوو خورشیدە من چاوم زەعیف لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە قوربی بوعدە بۆم
(۳۱۰)

یان خۆی بە وشتری سێ پەل شکاو دائەنێت کە داکەوتووە و کارێکی پێ ناکرێت و بێ حەج و عومرە ماوەتەوە:

تا بە کەی وەک ڕاوییە و وەک سانییەی سێ پەل شکاو بێ تەواف و سەعی و عومرە هەر بخەوم و هەر بخۆم
(۳۱۲)

نالی دوای ئەو هەموو لێبوردەیی و دان بەخۆدا گرتنە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە: «بۆ جیواری حەق لە هەر جێ سیدقی نییەت کافییە» (۳۱۱). کەوابێ، من نابێ خۆم ببەمە ڕیزی ئەوانەی کە فێری خۆهەڵواسین و سواڵن و ناچارن مووچەخۆری ئەم و ئەو بن: «عامیل و ناچار و مەعزوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم» (۳۱۳). دوور نیە مەبەستی نالی لە "ساڵحان" ئەمیری مەکە بووبێت کە نالی هەر بە چاکی زانیوە و بەڵام لە کۆتاییدا نەیتوانیوە لە بەر هەندێ هۆی نادیار لە خزمەتیدا بمێنێتەوە و خۆی کردووە بە خۆشە چینی دانەیی خەرمانی ڕۆم:

لابدە نالی لە ئەنباری جیرایەی ساڵحان گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی ڕۆم
(۳۱٤)

هەوالنامەی کێبڕکێ

بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە شەرحی دیوانەکەدا پەسەند کراوە، «لا بدە»، لە «لا مەدە» باشترە و لەوە ناچێت نالی ئەم جارە پەشیمان بووبێتەوە و ئیستاش ئەزانین چەند ساڵ دوای ئەم سەفەرە لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کردووە.

۶- ئەنجام

ئەم قەسیدە عەرەبییەی نالی جیا لەوەی کە حاڵی دەروونی و ڕۆحی نالیمان بە باشی بۆ ڕوون دەکاتەوە، تیشکیش ئەخاتە سەر بار و دۆخی ئەو ڕۆژەی مەکە و هەڵسووکەوتی زانایانی ئەو سەردەمە و کێشە و ململانێ جیاجیاکانی نێوانیان. لە لایەکی ترەوە پێمان دەڵێت کە نالی هاوسەرێکی هەبووە کە بۆ بە جێ هێشتنی مەکە و حیجاز زۆری بۆی هێناوە و داوای لێ کردووە ملی ڕێ بگرێت و بچێت. بە زۆر بەیتدا دەر دەکەوێت شوێنێکی تایبەتی مەبەست نەبووە و بە هۆ یان چەند هۆیەکەوە تەنها ویستوویەتی لە مەکە نەمێنێت. هەر چەند دوور نیە دوو لەو هۆیانە باری نالەباری ژیانی نالی و ڕەوشتی ناپیاوانەی هەندێک لە نزیکان و زانایانی دەرباری ئەمیری مەکە بن. هەروەها زۆر ڕێی تێدەچێت ئەو ژنە بێقەرارەی قەسیدەکەی نالی، هەمان زەینەب خاتوون هاوسەری نالی بێت کە پێنج ساڵ دوای کۆچی دوایی شاعیر داوای مووچەکەی لە

حکوومەتی عوسمانی دەکات و بەڵگەنامەکانی ئێستا لە دەستدان. بە پێی ناوەرۆکی ئەم قەویدە ئەشتوانین بۆچوونی ترمان بەرانبەر بە هەندێک لە پارچە شیعرە کوردییەکانی نالی ببێت، بە تایبەت ئەو پارچە شیعرەی کە ئاشکرا تێیدا «ئیزنی دەرچوون لە بەیتوڵڵا» وەردەگرێت.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان

کوردی:

خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٧). *نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا چەند زانیارییەکی تازە*. سۆران: زانکۆی سۆران.

سەجادی، عەلائەدین (١٣٩٥). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. سنە: بڵاوکەرەوەی کوردستان، چاپی دووەم.

محەمەد، مەسعوود (٢٠١٠). *چەپکێک لە گوڵزاری نالی*. هەولێر: ئاراس، چاپی سێهەم.

نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایلی (١٣٩٢). *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتێح عەبدولکەریم. سنە: بڵاوکەرەوەی کوردستان، چاپی نۆهەم.

عەرەبی:

ابن منظور، أبوالفضل جمال الدين محمد بن مكرم (٢٠٠٠). *لسان العرب*. بيروت: دار صادر.

الحضراوي، أحمد بن محمد (١٩٩٦). *نزهة الفكر فيما مضى من الحوادث و العبر في تراجم رجال القرن الثاني عشر والثالث عشر*. قطعة منه. القسم الأول. دمشق: منشورات وزارة الثقافة السورية.

الزركلي، خيرالدين (٢٠٠٢). *الأعلام*. بيروت: دارالعلم للملايين، ط٥.

الشنقيطي، أحمد بن أمين (١٩٨٩). *الوسيط في تراجم أدباء شنقيط*. مصر: مطبعة المدني، ط٤.

الشنقيطي، محمد محمود بن التلاميد التركزي (١٣١٩). *الحماسة السنية الكاملة المزية في الرحلة العلمية الشنقيطية التركزية*. مصر: مطبعة الموسوعات.

الفيروز آبادي، مجد الدين محمد بن يعقوب (٢٠١٠). *القاموس المحيط*. بيروت: دارالكتاب العربي.

هەوالنامەی کێتێب

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

ئاوڕدانەوەیەک لە هەندێ تایبەتمەندیی زمانیی هەورامیی کرماشانی

زانیار نەقشبەندی[I]

پڕۆفیسۆری یاریدەدەری بەشی زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی کوردستان سنە

ئێحسان میرەکی[II]

تووێژەری زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی کوردستان، سنە

تاریخ دریافت: ۱۷ فروردین ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۳ تیر ۱۳۹۸؛ صص ۱۸۵-۲۰۵

چکیده

هورامی به مثابه‌ی گویشی گورانی و یکی از زبان‌های ایرانی نو، از این قاعده کلی که زبان‌های مختلف جهان معمولا به علل مختلف دستخوش تغییرات کلی می‌شوند، مستثنی نیست. تاکنون گونه‌های متعددی از این گویش گورانی در مناطقی همچون هورامان لهون (در نواحی کردنشین ایران و عراق)، هورامان تخت، هورامان ژاوەرود و روستای کندوله یافت شده و تا حدی ویژگی‌ها این گونه‌ها در ادبیات موجود در باب هورامی توصیف شده است. مقاله‌ی حاضر درصدد است تا برای اولین بار گونه‌ی جدیدی از این گویش را با نام هورامی کرمانشاهی معرفی نماید و برخی از خصوصیات زبانی مختص به آن را بازشمارد. نیاکان گویشوران این گونه‌ی خاص از هورامی که عموما ساکن کرمانشاه هستند، از اوایل دهه‌ی سی شمسی بنا به علل مختلف اقتصادی، اجتماعی و سیاسی از شهرستان پاوه به کرمانشاه مهاجرت کرده‌اند. تغییرات زبانی رخداده در گویش هورامی نسل دوم و سوم این مهاجران از الگوهای مشابهی پیروی می‌کند که عملا امکان بازشناسی گویش‌شان را به مثابه‌ی گونه‌ی جغرافیایی جدیدی از هورامی ممکن می‌سازد. برخی از این تغییرات که در جستار حاضر در قالب مقایسه‌ای تطبیقی با گونه‌ی پاوه‌ای معرفی خواهند شد عبارتند از: حذف دال هورامی در پاره‌ای از محیط‌های واجی و صرفی خاص، حذف مقوله جنسیت، تغییر سازوکارهای بیان نمود استمراری، تغییر شرایط حاکم بر حالت‌نمایی در صرف اسم، تغییر الگوی انطباق ارگتیو. از آنجایی که بخشی از خصوصیات این گونه از هورامی در گونه‌های دیگری از هورامی، همچون گویش کندوله‌ای، نیز مشاهده می‌شود، خواهیم کوشید تا در پایان این جستار الگویی از تغییرات احتمالی در هورامی بدست دهیم.

واژگان کلیدی: هورامی کرمانشاهی، تغییرات زبانی، جنسیت، حالت‌نمای غیرمفعولی، نمود استمراری، الگوی انطباق ارگتیو

کورتە

هەورامی وەکوو دیالێکتێکی گۆرانی و یەکێک لە زمانگەلی ئێرانیی نوێ، لەم یاسایە کە هەموو زمانەکانی دنیا بە هۆی هۆکارگەلی جیاجیاوە تووشی ئاڵوگۆڕ دەبن، بەدەر نییە. تا ئێستا چەشنگەلێکی جیاواز لەم دیالێکتە گۆرانییە لە ناوچەگەلێک وەکوو هەورامانی لەهۆن (لە هەرێمە کوردنشینەکانی ئێران و عێراقدا)، هەورامانی تەخت، هەورامانی ژاوەرۆ و گوندی کەندوولە دۆزراوەتەوە و تا ڕادەیەک تایبەتمەندیگەلی ئەم جۆرە زمانیگەلە لە لێکۆڵینەوە بەردەستەکاندا لەمەڕ هەورامی، پێناسە و شی کراونەتەوە. لەم وتارەدا دەمانەوێت بۆ یەکەم جار جۆرێکی نوێ لەم دیالێکتە لە ژێر ناوی هەورامیی کرماشانیدا بناسێنین و هەندێك لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی تایبەت بەم جۆرەزمانییە بەرجەستە و ڕوونیان بکەینەوە. باب و باپیرانی ئاخێوەرانی ئەم جۆرە تایبەتە لە هەورامی کە بە گشتی دانیشتووی کرماشانن، لە دەیەی بیستەمی زایینیدا لەبەر هۆکارگەلی جیاجیای ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی لە شاری پاوەوە کۆچیان کردووە بۆ کرماشان. ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە سەر دیالێکتی هەورامیی بەرەی دووهەم و سێهەمی کۆچکردووەکاندا هاتوون، لە ئولگووگەلێکی وێکچوو پێڕەوی دەکەن کە لە ڕاستیدا ڕێگای دیسانەوەناسینی دیالێکتەکەیان وەکوو چەشنێکی جوگرافیاییی نوێ لە هەورامی ساز دەکا. بڕێک لەم ئاڵوگۆڕانە کە لە وتاری بەردەستدا لە دووتوێی هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکارانە لەگەڵ شێوەئاخاوتنی پاوەیی دەخرێنە بەرچاو بریتیین لە: سڕینەوەی */d/ی* هەورامی لە هەندێک لە بەستێنگەلی واچی و وشەناسیی تایبەتدا، نەمانی تایبەتمەندییی ڕەگەز، گۆڕانی شێوەی کۆکردنی ناوەکان، گۆڕانی چۆنیەتیی دەربڕینی نموودی بەردەوام، گۆڕانی دۆخە سەلمێندراوەکان لە سەر دۆخنوێنی لە گەردانی ناودا، گۆڕانی ئولگووی هاوتەریبی ئێرگێتیڤ. هەروا کە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە لە هەورامییە لە جۆرگەلی دیکە لە هەورامی وەکوو شێوەزاری کەندوولەییش دەبینرێت، هەوڵ دەدەین لە کۆتاییی ئەم وتارەدا ئولگوویەک لە ئاڵوگۆڕگەلی ئەگەری لە هەورامیدا بخەینە بەر دەست.

وشە سەرەکییەکان: هەورامیی کرماشانی، ئاڵوگۆڕگەلی زمانی، ڕەگەز، دۆخنوێنی نابکەردی، نموودی بەردەوام، ئولگووی هاوتەریبی ئێرگێتیڤ.

[I] Z.naghshbandi@uok.ac.ir

[II] E.miraki@lit.uok.ac.ir

۱- پێشەکی

هەورامی یەکێک لە زمانەکانی ئێرانیی نوێیە کە لە لقی باکووریی ڕۆژئاواییی ئەم زمانانەدا جێ دەگرێت. بە گشتی ئاخێوەرانی هەورامی لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگا ڕۆژئاواییەکانی ئێران، واتە کرماشان و کوردستان، و بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن. دیاریکردنی شوناسی هەورامی و هەروەها پێگەی ئەو زمانە لە ناسنامەی بنەماڵەیی زمانە ئێرانییەکاندا بەردەوام مشتومڕێکی زۆری بەدواوە بووە. هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئێراننناسە ڕووسی و ئەوروپاییەکان وەکوو: مینۆرسکی، مەکێنزی، بڵو و ئاساتوریان هەورامی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ لە بنەماڵەی کوردی بە ئەژمار دێنن. لەم نێوانەدا مەکێنزی (١٩٦١) بە ئاماژەدان بە بڕێک تایبەتمەندیگەلی واچی لە هەورامی و شێوەی ئاڵوگۆڕی جیاواز لە دیالێکتە کوردییەکان، هەورامی وەکوو دیالێکتێک لە بنەماڵەی زمانی گۆرانی پێناسە دەکات کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دیالێکتی سۆرانی بووە. لە بەرانبەر ئەوەوە بڕێک لە ئەدیبان و ڕووناکبیرانی کورد بە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە جیاوازیی نێوان هەورامی و لقەکانی، هەورامی وەکوو ژێربەشێک لە زمانی کوردی پێناسە دەکەن.

ئەم ڕووناکبیرانە لەسەر ئەو بڕوایەن کە بە پێی لە تەنیشت یەکتروە ژیان بەسەربردنی کوردزمانان و هەورامیزمانان لە ناوچە کوردنیشینەکاندا لە مەودای سااڵیانی ڕابردوودا، هەر جۆرە جیاکردنەوەیان دوور لە ڕاستییە و دەبێت هەورامی لە چەم کرمانجی و سۆرانی و کوردی باشوور وەکوو چوارەمین ژێربەشی بنەماڵەی زمانی کوردی پێناسە بکرێت. گەییشتن بە هەر چەشنە دەرکەوتێکی یەکگرتوو لەم بابەتەدا پێویستی بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەگەلێکی زمانی و مێژووییی قووڵ هەیە. هەورامی وەکوو زۆربەی زمانە ئێرانییەکان خاوەن دیالێکتگەلێکی جوگرافیاییی جۆراوجۆرە، چەشنگەلی سەرەکیی هەورامی دەتوانین بە سێ ناوچەی جوگرافی هەورامانی لەهۆن (پارێزگای کرماشان و بەشێک لە ناوچەگەلی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق)، هەورامانی ژاوەرۆ (بە گشتی لە پارێزگای کوردستان) و هەورامانی تەخت (لە پارێزگای کوردستان) دەبیندرێت. لە هەر یەک لە سێ ناوچەی ئاخێوی ئاماژەپێکراویش جیاوازیی زمانی زۆر دەبیندرێت بەو شێوەیە کە ناتوانین تەنیا یەک جۆری تایبەت لە هەورامی وەکوو چەشنی لەهۆنی، ژاوەرۆیی و تەختی بناسێنین.

وێڕای ناوچەگەلی باسکراو هەورامی خاوەن دوورگەگەلی دیالێکتیی دیکەشە لە پارێزگاگەلی کرماشان و کوردستاندا. دانیشتوانی گوندی کەندووڵە (لە نزیکی دینەوەر) لە پارێزگای کرماشان و هەروەها گوندی قەڵا لە نێزیکیی قوروەوە لە پارێزگای کوردستان ئاخێوەرانی چەشنێکی تایبەت لە هەورامین، ئەگەرچی لە باری جوگرافییەوە مەودایەکی زۆریان

لەگەڵ یەک هەیە بەڵام وێکچوونگەلێکی زمانیی زۆر لە ئاخاوتنیاندا بەدی دەکرێ. چاو خشاندنێکی خێرا بە سەر ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە لە مەڕ هەورامییەوە ئەوەمان پیشان دەدات کە جۆرگەلی هەورامی لە ناوچەگەلی لهۆن و تەخت زۆرتر سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆخۆی ڕاکێشاوە و جۆرگەلی دیکەی هەورامی بە گشتی نەناسراو ماونەتەوە. هەورامیی کرماشانی وەکوو جۆرێک لە هەورامی دێتە ئەژمار کە هەوڵ دەدەین بۆ یەکەم جار لە ئەم وتارەدا پێناسەی بکەین و بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی زمانیی شرۆڤە بکەین.

هەورامیی کرماشانی لێرەدا لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جۆرگەلی دیکەی هەورامیدا، تەمەنی کەمتر و لێکەوتەی کۆچی هەورامیزمانانی دانیشتووی پاوە بۆ کرماشانە کە لە دەیەی بیستی زایینی بەم لاوە کۆچیان کردووە. ئەگەرچی لە سەرچاوەگەلی مێژوویی هاوچەرخدا ئاماژەیەک بۆ کۆچی بەردەوامی دانیشتووانی پاوە بۆ کرماشان کە ئێستاش بەردەوامە نەکراوە، بەڵام دەتوانین هۆکارگەلی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی وەکوو سەرەکیترین هۆکارگەلی ئەم کۆچە بە ئەژمار بێنین، کە هێدی هێدی لەگەڵ لەدایکبوون و گەورەبوونی بەرەگەلی ئاخێوەرانی کۆچکردوو لە دەیەی ۵۰ و ٦۰ـی هەتاوی بە دواوە لە کرماشان شێوەیەکی نوێ لە دیالێکتی هەورامی لە ئەم شارەدا دروست بووە کە بە شێوەی ئاشکرا جیاوازیگەلی زمانیی زۆری لەگەڵ دیالێکتی بنەڕەتیی بەرەی یەکەمی کوچکردووەکاندا هەیە.

لە ڕوانینی یەکەمدا وەها بەرچاو دەکەوێت کە جیاوازیگەلی بەردەست لە دیالێکتی هەورامیی دانیشتووانی کرماشان بە گشتی شێوەیەکی ڕووداوەکییان هەیە کە هیچ جۆرە ئولگوویەکی تایبەتیان تێدا بەدی ناکرێت و لە باشترین دۆخدا دەبێت ئەو ئاڵوگۆڕە زمانییانە کە لە دیالێکتی هەورامیدا دەبیندرێت، دەرکەوتی ڕاستەوخۆی ئەوە بزانرێ کە بەرەیێکی نوێ بایەخێکی کەمتریان بە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی زمانی کۆنی هەورامی داوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە کۆکردنەوەی زانیاریگەلی زمانی لە چەندین کەسی بەرەی دووهەم و سێهەمی ئاخێوەرانی کۆچکردوو لە لایەکەوە، لێکدانەوەی جۆرگەلی هەورامی لە شوێنگەلێک وەکوو کەندوولە لە لایەکی ترەوە، ئەمەی بۆ لێکۆڵەرانی ئەم توێژینەوە سەلماند کە دەتوانرێت ئەم جۆرە زمانییە وەکوو دیالێکتێکی نوێ لە هەورامی بە تایبەتمەندیگەلی زمانیی تایبەت بە خۆیەوە پێناسە بکرێت.

بە هەمان شێوە کە پێشتر وترا جۆری ئاماژە پێکراو کە لێرە بە دواوە لە ئەم وتارەدا لە ژێر ناوی «هەورامیی کرماشانی»ـدا پێناسە دەکرێت، تەمەنێکی کەمی هەیە. سەرەڕای ئەم لێکدانەوەیە دۆخی گشتی پیشان دەدات کە ئەم دیالێکتە مەترسیی نەمانی لە سەرە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ڕەوتی گشتی لە بەرەی نوێی بنەماڵەگەلی کۆچ کردوودا بەرەو ئەوێ دەڕوات کە بەرەو

سڕینەوەی کەڵکوەرگرتن لە هەورامی بە سوودی زمانگەلی فارسی و کوردیی سۆرانی (جافی و کوردیی باشووری بە گشتی جۆری کەڵهوڕی و کرماشانی) دەڕوات.

لێکۆڵینەوەی بەردەست هەوڵ دەدات تا لە ڕێگای نووسینەوە و شرۆڤەکردنی بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی زمانیی ئەم دیالێکتە تایبەتە نە تەنیا هەوڵ بۆ مانەوەی ئەم جۆرە زمانییە وەکوو میراتێکی فەرهەنگی بدات بەڵکوو بتوانێت تایبەتمەندیگەلی بگۆڕی هەورامی تا ڕادەیەکی زۆر بناسێنێت. تایبەتمەندیگەلێک کە لە جۆرگەلی هەورامی وەکوو کەندوولەییشدا دەبینرێت. هەر بەم بۆنەیەوە بۆ پیشاندانی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان هەر یەک لە تایبەتمەندیگەلی هەورامیی کرماشانی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەورامیی پاوەییدا پێناسە دەکرێت. پێکهاتەی گشتیی وتارەکە لە پاش ئەم بەشە بەو شێوەیەیە کە بەشی سێهەم تەرخان دەکرێت بۆ پێناسەی بڕێک لە جیاوازیگەلی دەنگیی دوو دیالێکتی کرماشانی و پاوەیی. لە بەشی چوارەمدا جیاوازیگەلی وشەناسانەی جۆرگەلی کرماشانی و پاوەیی بە تایبەت لە بەشگەلی نیشانەگەلی کۆ و نیشانەگەلی ڕەگەزدا لێک دەدرێنەوە، لە بەشی پێنجەمدا جیاوازیگەلی بەردەست لە دەڤەری ڕستەناسانەی نموودی بەردەوامساز لە دوو جۆری کرماشانی و پاوەیی لێک دەدرێنەوە و لە بەشی شەشەمیشدا شێوەگەلی جیاوازی وتنەوەی ئولگووی هەڵسەنگاندنی ئێرگەتیف لە جۆرگەلی کرماشانی و پاوەییدا شرۆڤە دەکرێن. لە بەشی کۆتاییشدا لێکەوتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی کورت دووپات دەکرێتەوە.

هەوڵنامەی کێبڕ

۲- تایبەتمەندییە دەنگییەکان

جۆری کرماشانی هەورامی لە باری بینای دەنگی و واچییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ جۆرگەلی دیکەی هەورامی بە تایبەت هەورامیی پاوەیی نییە. ڕەنگە تەنیا جیاوازیی بەرچاوی دەنگیی جۆری کرماشانی لەگەڵ دیالێکتەکانی تری هەورامی تەنیا لە نەبوونی دااڵی هەورامی یان دااڵی زاگرۆسی لە هەورامیی کرماشانیدا بێت. بە بڕوای نەقشبەندی (۱۳۹۷) دەنگی دااڵی هەورامی لە ڕاستیدا شێوەی ئەپراکسیمێنتی[1] تەقینەوەگەلی پووکی[2] واتە واچگەلی /t/ و /d/ـیە کە لە پێکهاتەگەلی دەنگیی تایبەتدا ڕێگای دەرکەوتنیان هەیە و دەتوانین ئەوان بە نیشانەی [ɪˠ] لە خشتەی IPAدا نیشان بدەین. نیشانەی [ˠ] لە پیشاندانی ناوبراودا نوێنەری ئەو ڕاستییەیە کە یەکەم دەنگی ئەپراکسیمێنت کراوی باس کراو لە کاتی بێژەکردندا تووشی ڕەوتی نەرمەمەڵاشوویی‌بوویی[3] دەبێت بەو واتایە کە لە ڕەوتی داهێنانی دەنگدا بەشی کۆتاییی زمان

[1] Approximation.
[2] Alveolar plosives.
[3] Palatalization.

نزیک دەبێتەوە بە نەرمەمەڵاشوو. نەقشبەندی (هەمان) بینایەکی گشتیی لە وشەگەلی خاوەن دالّی هەورامی خستووەتە بەر دەست کە چوار وێنەی لە ئەم بەشەدا وەکوو نموونە دەبینن.

1. a. ʔæɪ̯ʸa دایک
   b. ʔæɪ̯ʸaɪ̯ʸ دایکت
   c. χuɪ̯ʸa خودا
   d. deːɪ̯ʸe پوور

لە هەورامیی کرماشانیدا دەنگی باس‌کراو لە زۆرینەی وشەکاندا بێژە ناکرێت و لە جیاتیی، واچگەلی /t/، /r/ و /w/ بەکار دەبرێن.

۳- تایبەتمەندییە وشەناسانەکان

بڕێک لە بەرچاوترین جیاوازییەکانی هەورامیی کرماشانی لەگەڵ هەورامیی پاوەییدا، لە باری وشەناسیی ئەم جۆرە لە هەورامییەدا خۆی دەنوێنێت؛ لە چاوی یەکەمدا وەها بەرچاو دەکەوێت کە ڕەوتی گشتی لە هەورامیی کرماشانی بەرەو سادەتربوونی بەرانبەربوونەوە گەردانییەکان دەڕوات. لەم بەشەدا دوو تایبەتمەندیی گەردانی ئەم جۆرە زمانییە لێک دەدرێتەوە: سڕینەوەی بەرانبەربوونەوەی ڕەگەز و هەروەها گۆڕینی ئۆلگووی نیشانەگەلی کۆ.

۳-۱- سڕینەوەی بەرانبەربوونەوەی ڕەگەزێتی

لە زۆرینەی سەرچاوەکانی بەردەستدا جیاکردنەوەی گەردانی جیاوازی ناوگەلی نێر و مێ وەکوو یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییە وشەناسانەکانی هەورامی دەناسێندرێت. بە پێی ئەوەیکە ناوە هەورامییەکان بە گشتی بە بزوێنێکەوە کۆتاییان پێ دێت، چۆنایەتی بزوێنگەلی کۆتایی لە ناوەکاندا ڕەگەزی ئەوان دیاری دەکات. مەکێنزی (۱۹٦٦) شێوەی پۆلێنبەندیی ڕەگەز لە ناوگەلی هەورامی لە سەر پێوەری بزوێنی کۆتایی بە شێوەی خوارەوە باس دەکات:

أ: ناوگەلێک کە بە دەنگی نەبزوێن یان بزوێنگەلی جەختدار کۆتاییان پێدێت، نێرن. وەکوو: mamoʹ (مامۆ)، hænniʹ (شووتی)، pja (پیاو)

ب: ناوگەلێک کە بە دەنگگەلی بزوێنی بێجەختی æ و i کۆتاییان پێ دێت یان بە بزوێنی جەختداری e کۆتاییان پێ دێت مێن وەکوو: wałeʹ (خوێشک)، daʹdæ (وشەی بانگکردنی ڕێزدارانە بۆ ژنەکان) 3æni (ژن).

ج: ئەگەرچی ئەو ناوانەی کە بە بزوێنی جەختداری æ کۆتاییان پێ دێت لە هەورامیدا بە گشتی زۆرینەیان نێرن بەڵام لە نێویاندا بڕێک ناوی مێش دەبیندرێت.

ڕەگەزی ناوە هەورامییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر گەردانی ئەوەڵناو و کردارگەلێک کە لەگەڵیاندا ڕێککەوتنیان هەیە. بۆ تێگەییشتن لە ئەم خاڵە سەرنجی نموونەگەلی خوارەوە بدەن:

2. a. pija y pir
man Ezafe old

«پیاوی پیر»

b. ʒæni i pir-æ
woman ezafe old-FEM

«ژنی پیر»

لە نموونەی (b1)دا ئاوەڵناوی بینراو لە کۆناوەکەدا بە هۆی ڕێککەوتن لەگەڵ ناوی مێ، تەکواژ[1]ی مێسازی æ– وەردەگرێت لە کاتێکدا کە هەر ئەو ئاوەڵناوە لە نموونەی (a1)دا بە هۆی ڕێککەوتن لەگەڵ ناوی نێر تەکواژی æ–ی نییە. ڕێککەوتن بە پێی ڕەگەز لە کردارە هەورامییەکانیشدا دەبیندرێت.

3. a. behnam mærd-Ø
behnam die.PAST-3SG.M

«بێهنام مرد»

b. mæhnaz-æ mærd-æ
mahnaz-NOM die.PAST-3SG.FEM

«مەهناز مرد»

هەوالنامەی کێبڕکێ

لە ڕستەگەلی سەرەوەدا ڕێککەوتنی کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەردی نێر و مێ بووەتە هۆی ئەوەیکە ناسەی کرارەکە بگۆڕدرێت. لە هەورامیی کرماشانیدا ناوەکان بزوێنگەلی کۆتایی خۆیان لە دەست داوە. بە هۆی نەمانی کەرەستەگەلی جیاکردنەوەی ڕەگەزەوە باسی گەردانی ڕەگەزێتی لە ئەم شێوەزارەدا بە گشتی لە ناوچووە، لەناوچوونی بینای جیاکردنەوەی ڕەگەز لە هەورامیی کرماشانیدا بووەتە هۆی ئەوەی کە گەردانی ئاوەڵناوەکان و کرارەکانیش وەکوو یەکیان لێ بێت. بە وتەیەکی تر شێوەی گەردانی ئەم ماکە زمانیگەلە لە هەورامیی کرماشانیدا پێوەندی بە ڕێککەوتن لەگەڵ ناوگەلی مێ یان نێرەوە هەیە و بەم خاڵەوە بەستراوە و ئاڵوگۆڕێک بە خۆیەوە نابینێت.

4. a. pija y pir
man Ezafe old

«پیاوی پیر»

[1] Morpheme.

b. 3æni i pir
woman ezafe old-FEM

«ژنی پیر»

5. a. behnam mærd-Ø
behnam die.PAST-3SG.M

«بێهنام مرد»

b. mæhnaz-æ mærd-Ø
mahnaz-NOM die.PAST-3SG.FEM

«مەهناز مرد»

لە جۆری پاوەیی هەورامیدا مانەوەی بینای ڕەگەزێتی و هەروەها جیاوازیی نێوان ناوگەلی مێ و نێر لە سەر چۆنیەتیی پیشاندانی تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی لە سەر کۆناوی بەرکار لە ڕستەگەلی تێپەڕی کاتی ئێستاشدا کاریگەریی هەیە. بەم شێوەیە کە بەرکارگەلی ناسراوی نێر لە تەکواژی دۆخنوێنی i- کەڵک وەردەگرن و لە بەرانبەرەوە بەرکارگەلی ناسراوی مێ تەکواژی دۆخنوێنی e– وەردەگرن.

6. a. æmen behnam-i mæ-win- u
I Behnam-OBL.M IMPRF-see.PRS-1SG

«من بێهنام دەبینم»

b. æmen mæhnaz-e mæ-win- u
I Mahnaz-OBL.FEM IMPRF-see.PRS-1SG

«من مەهناز دەبینم.»

بە هەمان شێوە کە لە ڕستەگەلی سەرەوەدا دەبینرێن ناوگەلی بەرکاری نێر و مێ بە ڕێزەوە تەکواژگەلی دۆخنوێنی (ئی و ئێ) وەردەگرن. بە هۆی نەمانی بینای جیاکردنەوەی ڕەگەزێتی لە هەورامیی کرماشانیدا تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی بە پێی نێر و مێی ئەو ناوەی کە وەریاندەگرن، ناگۆڕدرێت و لە هەر دۆخێکدا شێوەیەکی وەستاوی هەیە.

7. a. æmen behnam-i mæ-win- u
I Behnam-OBL IMPRF-see.PRS-1SG

«من بێهنام دەبینم»

b. æmen mæhnaz-i mæ-win- u
I Mahnaz-OBL IMPRF-see.PRS-1SG

هەوالنامەی کێڵبڕ

«من مەهناز دەبینم».

۳-۲- گۆڕان لە ئولگووی نیشانەی کۆدا

جۆری هەورامیی پاوەیی وەکوو زۆرینەی دیالێکتە هەورامییەکان خاوەنی دوو تەکواژی گەردانی وەکوو نیشانەی کۆیە؛ تەکواژی یەکەم تەکواژی an–ــە کە بۆ کۆکردنەوەی ناوگەلی خاوەن دۆخی بەرکارانە بەکار دەبردرێت و تەکواژی دووهەم تەکواژی e–یە بۆ کۆکردنەوەی ناوگەلی خاوەن دۆخی ڕاستەوخۆ یان نابەرکارانە بەکار دەبردرێت:

8. a. æmen mašɪn-æk-an mæ-šur-u.
I car-DEF-PL.OBL IMPRF-wash.PRS-1SG
«من ماشینەکان دەشۆم»

b. zawru-k-e mæ-ræm-an
child-DEF-PL.NOM IMPRF-run.PRS-3SG
«منالەکان هەڵدێن»

لە ڕستەی (a۸)دا کۆناوی ماشین کەوەکوو کۆناوێکی بەرکارانە لە ڕستەی تێپەڕی کاتی ئێستادا خاوەنی دۆخی بەرکارانەیە، تەکواژی کۆسازی an– ی وەرگرتووە بە وتەیەکی تر لە ڕستەی (۸-a)دا تەکواژی an– بە شێوەی هاوکات پیشاندەری باری گەردانی کۆ و دۆخی بەرکارانەیە. لە بەرانبەر ئەوەوە لە ڕستەی ۸-bدا کۆناوی منالّ وەکوو ماکەی بکەرد لە پێکهاتەی تێنەپەڕی کاتی ئێستادا خاوەن دۆخی ڕاستەوخۆ یان نابەرکارانەیە و هەر بەم هۆیە بۆ پیشاندانی دۆخی کۆ، تەکواژی e– ی وەرگرتووە. لە ڕستەی ناوبراودا تەکواژی e– وەکوو تەکواژێکی چەند لایەنە بە شێوەی هاوکات بێژەری ژمارەی کۆ و دۆخی نابەرکارانەیە.

لە هەورامیی کرماشانیدا هیچ جۆرە جیاکردنەوەیەک لە نیشانەگەلی کۆدا بوونی نییە و تەنیا لە تەکواژی کۆسازی an– کەڵک وەردەگیردرێت. بە وتەیەکی تر هەم کۆناوگەلی خاوەن دۆخی بەرکارانە و هەم کۆناوگەلی خاوەن دۆخی ڕاستەوخۆ تەکواژی کۆسازی an– وەردەگرن:

9. a. æmen mašɪn-æk-an mæ-šur-u.
I car-DEF-PL IMPRF-wash.PRS-1SG
«من ماشینەکان دەشۆم»

b. zawru-k-an mæ-ræm-an
child-DEF-PL IMPRF-run.PRS-3SG
«منالەکان هەڵدێن»

وێڕای ئەمە لە نێوان بڕێک لە ئاخێوەرانی هەورامیی کرماشانیدا ئەم ڕاکێشانە بوونی هەیە کە بۆ کۆکردنی ناوگەلی خاوەن دۆخی بەرکارانە لە دۆخنوێنی نابەرکارانە کەڵک وەربگیردرێت. بەم شێوەیە ڕستەی (۹- a) ئەگەری ئەوەی هەیە فۆرمی خوارەوەش لە خۆ بگرێت.

10. æmen mašɪn-æk-an-i mæ-šur-u.
I car-DEF-PL-OBL IMPRF-wash.PRS-1SG
«من ماشینەکان دەشۆم»

لە ڕستەی سەرەوەدا کە لە جۆری هەورامیی کرماشانییەوە وەرگیراوە گرووپی ناوی بەرکار وێڕای تەکواژی کۆساز تەکواژی دۆخنوێنی بەرکارانەشی وەرگرتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە هەورامیی پاوەییدا وەکوو بڕێکی تر لە دیالێکتە هەورامییەکان تەکواژی گەردانی نیشانەی دۆخی بەرکاری تەنیا لە وشەگەلی تاکدا ئیزنی بەکارهێنانی هەیە. لە وێنەگەلێک کە گرووپی ناوی بەرکاری خاوەن تایبەتمەندیی ژمارەی کۆیە، تەکواژی گەردانیی کۆ بە شێوەیەکی هاوکات زانیاریگەلێک سەبارەت بە ژمارە و دۆخیش پیشان دەدات.

۴- تایبەتمەندییە ڕستەناسانەکان

وێڕای بواری وشەناسی هەورامیی کرماشانی تایبەتمەندیگەلی ڕستەناسانەی تایبەتی بە خۆی پیشان دەدات کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە تایبەتە لە هەورامی لەگەڵ جۆرگەلی تر وەکوو پاوەیی جیا بکرێتەوە. لەم بەشە تەنیا ئاماژە بۆ دوو نموونە لە جیاوازییە ڕستەناسانەکانی نێوان جۆری کرماشانی و پاوەیی دەکرێت.

۴-۱- پیشاندانی نموودی بەردەوام

دیالێکتی هەورامیی پاوەیی لە پێکهاتەگەلێکی زمانی تایبەت بۆ شێوەبەندی نموودی بەردەوام لە کاتی ئێستا و ڕابردوودا کەڵک وەردەگرێت. ئەم پێکهاتە زمانیگەلە کە پێشتر کەریمی و نەقشبەندی (۱۳۹۰) ناوی بەردەوامی-جەختی[1]یان لە سەر ناوە. لە تێکەڵبوونی چاوگ و کرداری گەردانکراوی ئێستا و ڕابردوو پێک دێن. نموونەگەلی خوارەوە بەکارهێنانی ئەم پێکهاتە تایبەتگەلە لەگەڵ کردارگەلی تێپەڕ لە هەورامیی پاوەییدا ڕوونتر دەکاتەوە:

11. ræmay mæ-ræm-u
to run IMPRF-run.PRS-3SG
«ئەو دەردەچێت»

[1] Progressive-emphatic.

12. geɬay geɬ-ene
to wander wander.PRS-1SG

«من دەگەڕام»

لەمەڕ پێناسەی ماکی یەکەمی بەکارهاتوو لە ئەم پێکهاتە زمانیگەلەدا بیروڕاگەلێکی جیاجیا وتراوە. دەبیر موقەدەم (۱۳۹۲) بەم ماکە دەڵێت ئاوەڵناوی بەرکارانە، مەکێنزی (۱۹٦٦) وەکوو جۆرێک ئاوەڵکار پێناسەی دەکات کە واتای بەردەوامبوون بە هەمووی گرووپە کرداریەکان زێدە دەکات. زاهدی (۱۳۸٦) ئەم بەشە تایبەتە لە دەستەواژەگەلی کرداری بەردەوام وەکوو ماکەی موزاعەفسازی‌کراو[1] پێناسە دەکات. بە پێی ئەم خاڵە کە تەکواژی /ay/ لە هەورامیدا وەکوو تەکواژی چاوگساز پێناسە کراوە و هەروەها بە سەرنجدان بەو بابەتە کە چاوگ لە زمانگەلی تری ئێرانیشدا بۆ ڕاگەیاندنی چەمکی بەردەوامی بەکار هێنراوە، دەتوانین بە ڕادەیەک لە متمانەوە بەشی یەکەم لە پێکهاتەگەلی زمانیی باس‌کراو وەکوو چاوگ بە ئەژمار بێنین. ڕوون و ئاشکرایە کە هێنانەوەی هۆکارگەلی زۆرتر لە ئەم بوارەدا پێویستی بە وتارگەلێکی جیا جیای تر هەیە.

بەکارهێنانی پێکهاتەگەلی ناوبراو لەگەڵ کردارگەلی تێپەڕدا یەک بەرگری گەورەی هەیە، تەنیا لە یەک شێوەدا دەتوانین ئەم مکانیزمە لەگەڵ کردارگەلی تێپەڕدا بەکار بێنین کە بەرکاری ڕاستەوخۆ ناسراو بێت و بتوانرێت بە شێوەی ناشکرا یان وشەبەستی کەڵکی لێ وەربگیردرێت. کەڵک وەرگرتن لە گرووپە ناوگەلی بەرکاری لە پێکهاتەگەلی ناوبراودا دەبێتە هۆی خراپ‌سازبوونی ڕستەکە.

13. wardæ y mu-wær-u
to eat IMPRF-eat.PRS-1SG

«من دەیخۆم»

14. warday=š mu-wær-u
to eat=3SG IMPRF-eat.PRS-1SG

«من دەیخۆم»

15. * Cašt-ækæ-y wardæy mu-wær-u
food-DEF-OBL to eat IMPRF-eat.PRS-1SG

لە ئەگەری بەدی‌نەهاتنی مەرجی پراگماتیکی سەرەوە و یان لێکدراوبوونی کرداری سەرەکی، ئاخێوەری پاوەیی ناتوانێت لە مکانیزمی باس‌کراو کەڵک وەربگرێت و دەبێت بۆ پیشاندانی

[1] Reduplicated Elemant.

نموودی بەردەوامی لە بینایەکی تر کەڵک وەربگرێت کە لە دیالێکتگەلی جیاوازی کوردیش کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت.

16. Xærik-an-an cašt-ækæ-y mu-wær-u
busy-to be-1SG food-DEF-OBL IMPRF-eat.PRS-1SG
«من خەریکم نانەکە دەخۆم»

هەورامیی کرماشانی تەنیا لە مێکانیزمی دووهەمی پیشاندانی نموودی بەردەوامی کەڵک وەردەگرێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لە شێوەی یەکەم کە لە هەورامیی پاوەییدا دەبینرێت کەڵک وەربگرێت، ئەمە دەتوانین وەکوو سادەتربوونەوەی دەزگای گەردانیی کردارەکان لە جۆری کرماشانیدا بە ئەژمار بێنین.

۴-۲- ڕاگەیاندنی ئولگووی ڕێککەوتنی ئێرگتیف

پێکهاتەی هاوتەریبیی ئێرگتیف لە دیالێکتگەلی هەورامیدا تەنیا بەستراوە بە ڕستەگەلێکەوە کە کرداری سەرەکییان لە بنی کرداری ڕابردوو جیا بووبێتەوە. دیالێکتی هەورامیی پاوە وەکوو زۆرینەی جۆرەکانی تری هەورامی لە ناوچەی لهۆن، تەخت و ژاوەرۆدا لە دوو مکانیزمی جیاواز بۆ پیشاندانی ئولگووی ئێرگتیف کەڵک وەردەگرێت. مکانیزمی یەکەم، کە لە دیکەی زمانگەلی ئێرانیشدا کە خاوەنی ئولگووی ئێرگتیفن دەبینرێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەگەلێک کە بە ئێرگتیفی بێنیشان ناوزەد دەکرێن و مکانیزمی دووهەم دەبێتە هۆی پێکهاتنی ڕستەگەلێک کە نەقشبەندی (۱۳۹۰) وەکوو ڕستەگەلی ئێرگتیفی نیشاندار پێناسەی کردوون.

لە پێکهاتەگەلی بێنیشاندا لە ڕستەگەلی تێنەپەڕدا بکەری ڕستەکە لەگەڵ کرداری سەرەکی پێوەندیی ڕێککەوتنی هەیە و لەبەرانبەردا لە ڕستەگەلی تێپەڕ، بەرکاری ئاشکرا لەگەڵ کرداری ڕستەکە ڕێککەوتنی هەیە. لەم ڕستەگەلەدا بکەرد لەگەڵ وشەبەستی هاوسەرچاوە لەگەڵ خۆیدا ڕێککەوتنی هەیە. شایانی ئاماژەیە کە لە هەورامیی پاوەییدا بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەگەلی ئێرگتیفی تێپەڕدا لە ڕێگای تایبەتمەندیگەلی کەس و ژمار و ڕەگەزیشدا لەگەڵ کردارەدا ڕێککەوتنی هەیە. نموونەگەلی ۱۷ تا ۱۹ بە شێوەی ڕوون ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە دەکات.

17. Hiwa færš-ækæ=š šet-Ø
hiwa carpet-DEF=3SG wash.PAST-3SG.M
«هیوا قاڵییەکەی شۆرد»

18. Hiwa færš-æk-e=š šet-e
hiwa carpet-DEF-PL-3SG wash.PAST-3PL
«هیوا قاڵییەکانی شۆرد»

19. qoli færzane=š kušt-æ
qoli farzane-3SG beat.PAST-3SG.FEM
«قولی لە فەرزانەی دا»

هەورامیی کرماشانیش لە ئەم مێکانیزمە بۆ پیشاندانی ئولگووی رێککەوتنی ئێرگتیڤ کەڵک وەردەگرێت، بەم جیاوازییەوە کە لە ئەم دیالێکتەدا رێککەوتنی بەرکار و کردار تەواو سنووردارە و تەنیا گیرەکی رێککەوتنی سێهەم کەسی تاکی نێر لەسەر کرداری ڕستە پیشان دەدرێت. جۆری وتنی ڕستەگەلی سەرەوە لە دیالێکتی هەورامیی کرماشانیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

20. Hiwa færš-ækæ=š šet-Ø
hiwa carpet-DEF-3SG wash.PAST-3SG.M
«هیوا قاڵییەکەی شۆرد»

21. Hiwa færš-æk-an=eš šet-Ø
hiwa carpet-DEF-PL=3SG wash.PAST-3SG.M
«هیوا قاڵییەکانی شۆرد»

22. qoli færzane=š kušt- Ø
qoli farzane-3SG beat.PAST-3SG.M
«قلی لە فەرزانەی دا»

هەواڵنامەی کتێب

لە پێکهاتەگەلێک کە لەسەر بنەمای مێکانیزمی دووهەمی پیشاندانی ئولگووی هاوتەریبیی ئێرگتیڤ لە دیالێکتی هەورامیی پاوەییدا ساز دەکرێت، سازەگەلی بکەرد و بەرکاری ڕاستەوخۆ بە ریزەوە دەستخۆشی مکانیزمگەلی فۆکێسبوون[1] و تاپیکبوون[2] دەبن و هەروەها خوێندنەوەی واتایی فۆکێسی و تاپیکی وەردەگرن. هەر بەم هۆیەوە ئەم پێکهاتەگەلە بە نیسبەت جۆرگەلی یەکەم نیشاندار بە ئەژمار دێن. لەم پێکهاتەگەلەدا سازەی بکەرد لە جیاتی رێککەوتن لەگەڵ وشەبەست لەگەڵ تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی پیشان دەدرێت. بەرکاری ڕاستەوخۆ کە لە ئەم پێکهاتەگەلەدا وەکوو سازەی تاپیکبوو کار دەکات لە بواری واتاییەوە خاوەن زانیاری کۆنە و بە گشتی لەگەڵ تەکواژی ناسراوسازدا لە ڕستەدا ئامادە دەبێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنج

[1] Focusing.

[2] Topicalization.

ڕاکێشەکانی پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤی نیشانەدار لە دیالێکتی پاوەیی هەورامیدا ڕیزی نەگۆڕی سازەگەلی پێکهێنەری ڕستەیە. لەم پێکهاتەگەلەدا بەرکاری ڕاستەوخۆ واتە تاپیک لە پێگەی یەکەمینی ڕستەدا دەوەستێت، پاشان سازەی بکەر لە پێگەگەلی دواییدا دەبینرێت و لە ئاکامدا کرداری ڕستە کە لە بنی کرداری ڕابردوو جیا بووەتەوە لە پێگەی کۆتاییی ڕستەدا جێگیر دەبێت. هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە ریزی وەستانی سازەگەلی بکەرد و بەرکاری ڕاستەوخۆ دبێتە هۆی نارێزمانیبوونەوەی پێکهاتەگەلی بەردەست. لەم پێکهاتەگەلەدا هەروەها، هەر وەکوو پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤی بێ نیشان بەرکاری ڕاستەوخۆ دەتوانێت لەگەڵ کرداری تێپەڕ پێوەندیی ڕێککەوتن دروست بکات. وێنەگەلی ۲۳ و ٢٤ بەکارهێنانی ئەم پێکهاتەگەلە لە هەورامیی پاوەییدا نیشان دەدات.

23. dar-ækæ særda-y bærd-Ø
tree-DEF coldness-OBL take.PAST-3SG
«سەرما دارەکەی لە ناو برد [نە هۆکارگەلێکی تر]»

24. dar-æk-e særda-y bærd-e
tree-DEF-PL coldness-OBL take.PAST-3PL
«سەرما دارەکانی لە ناو برد [نە هۆکارگەلێکی تر]»

هەورامیی کرماشانی لە ڕێزمانی خۆیدا کەرەستەگەلی ئاوای بۆ پیشاندانی ئولگووی ڕێککەوتنی ئێرگتیڤ نییە. بە وتەیەکی تر پیشاندانی ئولگووی ئێرگتیڤ لە جۆری کرماشانیدا تەنیا سنووردارە بە کەڵکوەرگرتن لە وشەبەست و تەکواژی دۆخ نوێنی نابکەردی ناتوانێت وەکوو کەرەستەیەک بۆ پیشاندانی نیشانەدارکردنەوەی بکەرد لە پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤدا کەڵکی لێ بگیردرێت. ئاخێوەری هەورامیی کرماشانی بۆ ڕاگەیاندنی واتەی تاپیک و فۆکێس تەنیا لە کەرەستەگەلی دەنگی کەڵک وەردەگرێت و بە هیچ شێوەیەک لە مکانیزمی دووهەم کەڵک وەربگرێت.

وێڕای پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤی نیشانەدار لە حاڵێکدا کە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەی ئێرگتیڤدا بە شێوەی بەرچوو ئامادە نەبێت جۆری پاوەیی لە تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی بۆ پیشاندانی بکەری ڕستە کەڵک وەردەگرێت. لە ئەم حاڵەدا تەنیا ئامرازی دیاریکردنی بەرکار گیرەکی ڕێککەوتن لەسەر کەرداڕەکەیە.

25. Ben a m-i yawn-ane.
Behnam-OBL take.PAST-1SG
«بێهنام منی گەیاند»

له هەورامیی کرماشانیدا بۆ وتنەوەی وێنەی ۲۵ له جیاتی کەڵکوەرگرتن له تەکواژی دۆخنوێن له سەر بکەرد دیسانەوە له وشەبەستی هاوسەرچاوە لەگەڵ بکەرد لەسەر کردار کەڵک وەردەگیرێت.

26. Benam yawn-ane=š
Behnam take.PAST-1SG=3SG

«بێهنام منی گەیاند»

بە هەمان شێوە کە لە نموونەی سەرەوەدا دیارە وشەبەستی هاوسەرچاوە لەگەڵ بکەرد لە هەورامیی کرماشانیدا پاشوەندی ڕێککەوتنی بەرکاری و لە کۆتایی دەستەواژەی کرداریدا دێت. جیاوازیی دواییی دیالێکتگەلی پاوەیی و کرماشانی لە ئەم باسەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەگەلێک کە لەواندا نە بکەرد و نە بەرکار بە شێوەی ئاشکرا دیار نین. لە دیالێکتی پاوەییدا تەنیا شێوەی ڕاگەیاندنی بکەرد لەم جۆرە پێکهاتە ئێرگتیڤگەلەدا لە ڕێگەی وشەبەستێکەوەیە کە لە کۆتایی دەستەواژەی کرداریدا دێت (پێکهاتەیەک وەکوو ڕستەی ٢٦ لە جۆری کرماشانیدا).

27. kušt-ane=š
kill.past-1SG=3SG

«ئەو منی کوشت»

ئاخێوەرانی کۆنتر و بە سالاچووی کرماشانیش بۆ وتنی بکەرد و بەرکاری نەماو لە پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤ لە ڕستەیەک وەکوو ڕستەی ۲۷، کە تایبەت بە پاوەییە، کەڵک وەردەگرن. بەڵام بەرەی نوێی ئاخێوەرانی ئەم دەورە زمانییە مکانیزمێکی تەواو نوێی بۆ ڕاگەیاندنی بکەرد و بەرکاری ڕستە لە ئەم حاڵەدا بەکار دەبەن. لەم مکانیزمەدا هەم بکەرد و هەم بەرکار لە ڕێگەی وشەبەستەوە دەناسێندرێن لە ڕستەی خوارەوە بە پێچەوانەی ڕستەی ۲۷ کە تایبەتە بە هەورامیی پاوەیی بەرکاری ڕستە نە لە ڕێگای گیرەکی ڕێککەوتنەوە کە لە ڕێگای وشەبەستەوە پیشان دەدرێت.

28. kušt=m=š
kill.past=1SG=3SG

«ئەو منی کوشت»

بوونی پێکهاتەگەلێک بەم شێوە لە دیالێکتی کرماشانیدا دەتوانێت پیشاندەری گۆڕانی هێدی هێدیی ئولگووی ڕێککەوتن لە کرماشانیدا لە ئێرگتیڤەوە بۆ ئولگوی نابکەردی بێت. ئاڵوگۆڕێک کە بە بڕوای برێک لە زمانناسان سەرەتای لاوازبوونەوەی ئولگوی ئێرگتیڤ و گۆڕانی ئەو بۆ ئولگوی بەرکاری یەکدەست (هێگ ۲۰۰۸). ڕەوتی گۆڕانی سەرەوە کە باس کرا، تەنیا سنووردار بە هەورامی نییە و لە برێک لە زمانگەلی ئێرانی تریشدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت. بۆ نموونە لە

هەوالنامەی کتێب

دیالێکتی ئەردەڵانی زمانی کوردیدا بە پێچەوانەی دیالێکتگەلی مەحافزەکارتر وەکوو بانەیی و مەهابادی بۆ ڕاگەیاندنی بکەرد و بەرکار لە پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤ کە دەستەواژەی ناوی ئاشکرایان نییە لە ئولگووی نابکەردی کەڵک وەردەگیردرێت.

۵- دەرکەوتی وتار

وتاری بەردەست هەوڵی دا تا بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی دەنگی، وشەناسانە و ڕستەناسانەی هەورامیی کرماشانی وەکوو جۆرێکی نوێ و دوایی لە هەورامی بناسێنێت و شرۆڤە بکات. ئەم جۆرە بە گشتی لە بەرەی دووهەم و سێهەمی کۆچ‌کردووان کە لە دەیەی بیستی زایینی بەم لاوە لەبەر هۆکارگەلێکی جیا جیا لە شاری پاوەوە بۆ کرماشان کۆچیان کردووە، بەرچاوە و تا ئێستا لێک‌نەدراوەتەوە و لە لایەن ئاخێوەرانی نیشتەجێی هەورامی تەنیا وەکوو جۆرێکی نابنەڕەتی لە هەورامیی پاوەیی ناسێندراوە. وێڕای ئەمەش، چاوخشاندنێکی ورد بە بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی ئەم دیالێکتە لە لایەکەوە هەڵسەنگاندنیی لەگەڵ بڕێکی تر لە جۆرگەلی هەورامی وەکوو جۆری کەندووڵەیی و قەڵایی ئەوەی بۆ نووسەرانی ئەم وتارە سەلماند کە دەتوانین ئەم جۆرە تایبەتە وەکوو جۆرێکی نوێ لە هەورامی بناسێنین و لێکی‌بدەینەوە. زۆربەی تایبەتمەندیگەلی دیتراو لە جۆری هەورامیی کرماشانیدا وەکوو سڕینەوەی داڵی هەورامی، لە ناوچوونی جیاوازی ڕەگەزێتی، سادەتربوونەوەی ئولگووی وشەگەلی کۆ، گۆڕانی شێوەگەلی ڕاگەیاندنی نموودی بەردەوام و ئولگووی ڕێککەوتنی بەرکاری لە دیالێکتگەلی دوور نادراوسێی کەندووڵەیی و قەڵاییدا دەدۆزرێتەوە. هەر بە پێی ئەم هۆکارە دەتوانین ئاڵوگۆڕگەلی ناسێندراو لە جۆری کرماشانیش وەکوو دەڤەرگەلی ئاڵوگۆڕ لە جۆرگەلی تری هەورامی لە ناوچەگەلی لهۆن، تەخت و ژاوەرۆ بناسێنین.

سه‌رچاوه‌کان

فارسی:

ارانسکی، ای. ام. (۱۳۵۸). *مقدمه‌ی فقه اللغه ایرانی*. ترجمه کریم کشاورز. تهران: انتشارت پیام.

دبیرمقدم، محمد (۱۳۹۲). *رده‌شناسی زبان‌های ایرانی*. دو جلد. تهران: سمت.

زاهدي، محمدصدیق (۱۳۸٦). «مضاعف‌سازی (تکرار) در گویش هورامی». مجله‌ی *زبانشناسی*. سال بیست‌ودوم. شماره‌ی اول.

کریمی، یادگار و زانیار نقشبندی (۱۳۹۰). «ساخت‌های فعلی استمراری-تأکیدی در گویش هورامی». مجله‌ی *پژوهش‌های زبانی*. دوره ۲. ۸۳-۱۰۰.

محمودویسی، پروین (۱۳۹۰). عروض در شعر کردی سورانی. *جشن‌نامه ابوالحسن نجفی*. به کوشش امید طبیب زاده. تهران: نیلوفر.

مولایی، چنگیز (۱۳۸۱). «مفعول مطلق در زبان فارسی (تحقیقی در حاشیه دستور تاریخی در زبان فارسی)». مجله‌ی *زبان و ادب فارسی*. دوره ۴۵. ۹۵ – ۱۰۲.

نقشبندی، شهرام (۱۳۷۵). *نظام آوایی گویش هورامی (گونه شهر پاوه) از دیدگاه واج‌شناسی زایشی و واج‌شناسی جزمستقل*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد. تهران: دانشگاه علامه طباطبایی.

نقشبندی، شهرام (۱۳۹۷). «ناسوده‌شدگی انفجاری‌های لثوی در هورامی گونه پاوه». *جستارهای زبانی*. در دست چاپ.

نقشبندی، زانیار (۱۳۹۰). *ساخت‌های ئێرگتیف در گویش هورامی*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد. سنندج: دانشگاه کردستان.

نقشبندی، زانیار (۱۳۹۴). *بررسی مقوله وجهیت در گویش هورامی: رویکردی رده شناختی*. پایان‌نامه دکترای تخصصی. همدان: دانشگاه بوعلی سینا.

ئینگلیزی:

Haig, G. (2008). *Alignment Change in Iranian Languages: A Construction Grammar Approach*. Berlin: Mouton de Gruyter.

Hassanpour, A. (1998). The identity of Hewrami speakers: reflections on the theory and ideology of comparative philology. in *Anthology of Gorani Kurdish Poetry* (ed. by A. Soltani). London: Soane Trust for Kurdistan.

Kreyenbroek, P. & B. Chamanara. (2014). Literary Gurāni: Koinè or Continuum? In H. Bozarslan & C. Scalbert-Yücel (eds.), Joyce Blau: L'éternelle chez les Kurdes (151-167). Istanbul: Institut français d'études anatoliennes

MacKenzie, D. N. (1961). The Origins of Kurdish. *Transactions of the Philological Society.* (68-86).

Leezenberg, M. (1993). Gorani Influence on Central Kurdish: Substratum or Prestige Borrowing? *Amsterdam, Institute for Logic, Language and Computation, University of Amsterdam, ILLC Prepublication.*

MacKenzie, D. N. (1966). *The Dialect of Awroman (Hawrāmān-ī Luhōn): Grammatical Sketch, Texts and Vocabulary*. København: Munksgaard.

Mahmoudveisi, P. Deins Bailey, Ludwig Paul, Geoffrey Haig. (2012). *The Gorani of Gawraju, a village of west Iran: Text, Grammar, and Lexicon.* Wiesbaden: DR Ludwig Reichert Verlag.

Mahmoudveisi, P. Deins Bailey. (2013). *The Gorani of Zardeh, a village of west Iran: Text, Grammar, and Lexicon.* Wiesbaden: DR Ludwig Reichert Verlag.

Minorsky, V. (1943). The Guran. *BSOAS XIII*. (75-103).

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

شێوەکانی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیاب‌دا

حەسەن سەرباز [I]

ماموّستای یاریدەدەری زمان و وێژەی عەرەبی، زانکۆی کوردستان سنە
ئەندامی لێژنەی زانستیی توێژینگەی کوردستانناسی

سەیوان محەمەد تاهێر بینابی [II]

خوێندکاری دوکتۆری زمان و وێژەی فارسی، زانکۆی کوردستان

تاریخ دریافت: ۲۰ اردیبهشت ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۱۷ مرداد ۱۳۹۸؛ صص ۲۰۷-۲۲۹

چکیده

اوضاع سیاسی و اجتماعی عراق در زمان جنگ جهانی دوم بسیار آشفته بود و این کشور از پیامدهای این جنگ و اشغالگری انگلیسی‌ها در امان نمانده بود. در چنین فضایی تضارب افکار و اندیشه‌ها و کشمکش‌های سیاسی و اجتماعی گسترش پیدا کرد و در نتیجه‌ی چنین فضایی مکاتب ادبی متعددی همچون رمانتیسم، رئالیسم، سمبولیسم در عرصه‌ی ادبیات پیدا شدند و مردم از نظر روحی و روانی تحت تأثیر این شرایط قرار گرفتند. پیرەمیرد و سیاب نیز در چنین شرایطی زندگی می‌کردند. آنان برای این که خود را از این اوضاع نابسامان روحی و روانی نجات دهند، تلاش کردند که با بازگشت به گذشته به آرامش درونی برسند و این امر به خوبی در شعر آنان منعکس شده است که از آن به شعر نوستالژی یاد می‌شود. در واقع شعر نوستالژیک، یک فرایند ادبی است که در آن شاعران تلاش می‌کنند خود را از وضعیت نابسامان موجود نجات دهند و به گذشته‌ی خود پناه ببرند تا آرامش روحی و روانی را به دست آورند. در این پژوهش تلاش شده است که با استفاده از روش توصیفی ـ تحلیلی به بررسی تطبیقی نوستالژی در شعر پیره میرد شاعر برجسته‌ی کرد و بدر شاکر السیاب شاعر نوگرای عراقی پرداخته شود.

واژگان کلیدی: نوستالژی، انواع نوستالژی، پیرەمیرد، بدر شاکر السیاب

کورتە

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بەجۆرێك بوو کە ئاڵۆزی تەواوی بەخۆیەوە دیتبوو، لە ساڵانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، عێراق بەگشتی بێبەش نەبوو لەو جەنگە و داگیرکاری بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی عێراقی داگیرکرد. عەقلییەتی کۆن و تازە کێشمەکێشی زۆریان تێکەوتبوو، لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە هەمان کێشە دروست ببوو، ڕێبازی ئەدەبی تازە هاتبوە ناوەوە وەك ڕۆمانسیزم و ریالیزم و سمبولیزم هەموو ئەمانە بارودۆخێکی تازەیان لەسەر باری دەروونی خەڵکی دروست کردبوو. «پیرەمێرد و سەیاب»یش لەو سەردەمەدا ژیاون، هەرچەندە نێوانی تەمەنیان زۆر بووە، بەڵام کاریگەرییەکە لەسەریان زۆر بووە. بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە رزگاریان بێت و دەروونیان ئاسودە بکەن، لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە هەوڵی گەڕانەوەیان بۆ ڕابردوو داوە، باشترین ڕێگەش بۆ رزگار بوون لەو بارودۆخە شیعری نوستالیژی بووە. کەواتە شیعری نوستالیژی دیاردەیەکی ئەدەبییە کە شاعیران پەنایان بۆ بردووە و کردویانەتە ویستگەیەك تا بتوانن لە ژیانی هەنووکەییاندا رزگاریان بێت و بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوویان لە ڕووی دەروونییەوە ئاسودەیی بەدەست بهێنن. لێرەدا هەوڵمان داوە نوستالژیا لە ڕووی مێژوویی و زاراوە و نوستالژیا لە کۆن و تازەدا روون بکەینەوە و بە شێوازێکی بەراوردکارانە ئەم چەمکە لە شیعری پیرەمێرد و سەیاب‌دا شرۆڤە بکەین.

وشە سەرەکییەکان: نوستالژیا، شێوەکانی نوستالژیا، پیرەمێرد، سەیاب

[I] h.sarbaz@uok.ac.ir

[II] saewan.mt@gmail.com

۱- پێشەکی

نوستالژیا بوونێکی کۆنی لە نێو شیعردا هەیە، کە ئێش و ئازار و مەینەتی و دووریی وڵات و زێدی لە دایك بوون دەخاتە روو. شیعری نوستالیژی هەستی راستەقینەی مرۆڤەکان دەخاتە روو، زیاتریش ئەمە بە شیعرەوە پەیوەستە، چونکە شیعر لە هەستی مرۆڤەکانەوە زیاتر نزیکترە و کاریگەری زووتر و زیاتری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان و بەشێکە لە هەست و ویژدانیان. بوونی ئەم جۆرە شیعرەش لە نێو ئەدەبیاتی عێراقی بەگشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە تێیدا بوون و تووشی هاتبون لە دەربەدەری و نائارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی؛ کەواتە کۆچی شاعیران و ئەدیبان بۆ دەرەوە بە هۆکاری جۆراوجۆر و دووریان لە وڵات و زێدی خۆیان هۆکاری دروستبوونی ئەم جۆرە شیعرەیە کە لە نێو بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە. کەواتە نوستالژیا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، بۆ ژیاری کۆن و بۆ سەردەمی منالّی. هەموو ئەمانەش هۆکاری نائومیدیە لە ژیان و لە نێو چوونی سەروەری و فەرهەنگی مێژوویی و ژیاریی ئەو نەتەوەیەیە، هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ دروستبوونی شیعری نوستالیژی لە ئەدەبدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش تیشك خستنەسەر شیعری نوستالیژییە لە ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا بە نمونەی شیعری پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیاب دا. لێکۆڵینەوەکەمان خۆی لە دوو بەشی سەرەکی دەبینێتەوە، کە لە بەشی یەکەمدا نوستالژیامان لە ڕووی چەمك و زاراوەوە باس کردووە، دواتر لە بەشی دووەمدا شێوەکانی نوستالژیامان لە شیعرەکانی پیرەمێرد و سەیابدا شی کردووتەوە، لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکانمان خستۆتە ڕوو.

۲ـ پێشینەی توێژینەوە

سەبارەت بە پێشینەی توێژینەوە، ئەم کارەی ئێمە یەکەم کاری بەراوردکارانە لە نێوان دوو شاعیری نوێخوازی کوردی و عەرەبی لە ڕووی نوستالژیایەوە، ئەو لیکۆڵینەوانەی کە لەسەر شیعرەکانی پیرەمێرد ئەنجام دراون هیچیان باسی لە دیاردەی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێردا نەکردووە، بۆ شیعرەکانی بەدر شاکر سەیابیش لیکۆڵینەوەی هەمەجۆر کراوە، ئەوی لەسەر نوستالژیا کرابێت بە ناونیشانی الاغتراب یا خود اشکال الحنین لە شیعرەکانی سەیاب ئەنجام دراوە، وەک «الاغتراب فی شعر بدر شاکر السیاب، احمد شقیرات، ۱۹۸۷» و «اشکال الحنین الی الماضی فی شعر بدر شاکر السیاب»، مجله دراسات فی اللغه العربیه، العدد ۱۱، ۲۰۱۲م.

هەوالنامەی کتێب

٣- نوستالژیا لە ڕووی چەمك و زاراوەوە

دیاردەی نوستالژیا بۆتە جێگای بایەخی زۆرێك لە لێکۆڵەرانی ئەدەبی، ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، کە خۆی لە نێو زۆربەی شێوازەکانی ژیاندا دۆزیوەتەوە، بۆیە واتاکانی نوستالژیا بە پێی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. نوستالژیا ڕەگ و ڕیشەی بۆ ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە ئاماژەیە بەو ئازارەی کە نەخۆش لە ئەنجامی حەزی بە گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو دەیچێژێت، یا خوود ترسی لەوەی کە هەرگیز جارێکی تر بۆی نەگەڕێتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بنەڕەتی زاراوەکە، ئەوا لە بنەڕەتدا بۆ زاراوەی (Alienation)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای حەواڵەکردنی ماڵی کەسێك بۆ کەسێکی تر بە زۆرەملێ (شاخت،١٩٨٠: ٦٣)، وشەی نوستالژیا وشەیەکی فرەنسیە[1] کە بە واتای گەڕانەوە بو ماڵ دێت و بەشی دووەمی وشەکەش «ALGIA» بە واتای دایك یا بیرکردنی گەڕانەوە بو ڕابردوو دێت (نفیسی، ١٣٧٥:ج ٣: ٢٤٨).

لە زمانی عەرەبیدا وشەی «الاغتراب» کە لە ڕیشەی «الغربه» یە بە واتای نوستالژیا دێت، ئەمەش بە واتای «ڕۆیشتنی لە جێگایەك یان نیشتمان دێت چ بە ئارەزوو یا خود زۆرە ملێ» (ابن منظور، ١٩٨٨: ٤٠)، هەروەها لە وشێك لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا زاراوەی ناموییی «الغربه» هاتووە کە بە واتای دابڕان لە نیشتمان و ڕوشتن و دابڕان لە خەڵکی و شکاندنی نەفسیەتە. «دەڵێن ناموییی فلانەکەس ئەوەیە کە ڕەواج لەگەڵ بیگانەدا بکات» (ابن منظور، ١٩٨٨م:٣١١١٠)، یا خود بە واتای «حەسرەتی ڕابردوو، خەمی غوربەت» (باطنی،١٣٨٠: ٥٧٢)، یا خود بە واتای «لێك جودایی، دەردی دابڕان، هەستی غەریبی، حەسرەتی ڕابردوو و ... دیت» (آریان پور، ١٣٨٠: ٣٥٣٩). بەڵام لە زمانی کوردیدا جگە لەوە، نوستالژیا بە واتای نامۆییش هاتووە، کە «بریتییە لەوەی مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە هەڵکەندرێت بۆ ژینگەیەکی تر» (سەرکەوت قادر، ٢٠١٠: ٢٠). لێرەدا شوێن کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر دروستبوونی نوستالژیا هەیە، کە دواتر کاریگەری دەخاتە سەر تاکەکان. لە کورتترین حاڵەتیشدا نوستالژیا بە واتای گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو و ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان و یادەوەرییەکانی ڕابردوویان.

لە ڕوانگەی فەلسەفیشەوە نوستالژیا بە واتای بێبەشبوونی مرۆڤە لە ماڤە سروشتی و یاساییەکانی، ئەفلاتونیش بە هۆی ئەوەی کە لە ڕەوشت و سەردەم و کۆمەڵگەکەی نامۆ بوو، بانگەشەی دامەزراندنی کۆمارێکی نموونەیی کرد، کە فەیلەسوفەکان حوکمی تێدا بکەن و یەکسانی تێدا بەر قەرار بێت، بەڵام ئەفلاتون مەبەستی لە "نوستالژیا- نامۆبوون" ئەوە بوو کە مرۆڤ لە جیهانی نموونەیی دوورکەوێتەوە و لە جیهانی خوارەوە بە بێ ویستی خۆی بژیت. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕینسانس لە ئەوروپا دیاردەی نوستالژیا بە ئاشکرا دەرکەوت، لەوانەش بەلای

[1] NOSTOS.

دیکارتەوە نامۆبوون بریتییە لە نامۆبوونی مرۆڤ لە خودی خۆی. بەلای ئەمەوە نوستالژیا بە سێ جۆر دەردەکەوێت، کە بە "کۆجیتۆی دیکارت" ناسراوە، ئەوانیش بریتین لە:

۱- کۆجیتۆی دیکارتی: کە من لە خود نامۆ دەبێت؛
۲- نوستالژیای ئەنتۆلۆجی: هەڵچوونەکانی ژیان بەرەو ئالییەتی رۆحی ئاژەڵی دەگەڕێتەوە؛
۳- نوستالژیای وجوودی: خود لە باریکی هەڵچوونیدا دەژیت، ئەویش لە چوارچیوەی «من بیردەکەمەوە» (الشاروقی، ۱۹۷۹: ۷۰). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ پیشکەوتنی مرۆڤایەتی مرۆڤەکان زیاتر لە خودی خۆیان نامۆ دەبن و دەیانەوێت بەرەو ڕابردوو بگەڕێنەوە، ژیانێکی ئاسوودەتر لەوەی کە هەیانە بۆ خۆیان بونیاد بنێن. بە شێوەیەکی گشتی نوستالژیا بۆ چەند بەشێك دابەش دەبێت ئەوانیش بریتین لە "گەڕانەوە بۆ شوێنەواری کۆن و دێرینەکان، گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکان و گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان"، ئەمانە پێیان دەگوترێت نوستالژیای گشتی. هەر یەکەیان بە شێوەی خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە:

الف. نوستالژیای گەڕانەوە بۆ شوێنەواری کۆن و دێرینەکان: شاعیران بەردەوام هەوڵی گەڕانەوە بۆ شوێنەوار و بەرهەمە کۆنینەکانی نەتەوەکەیان دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارە زیندوو بوونەوەی ئەو شوێنەوار و بەرهەمانە لە ویژدانی شاعیران دا.

ب. نوستالژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژووییەکانی نەتەوەیی: شاعیران هەوڵدەدەن کەسایەتییە مێژووییەکانی نەتەوەکەیان زیندوو بکەنەوە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبێت، ئەمەش پێی دەلین نوستالژیای گەڕانەوەی تاکەکەسی، زۆرجاریش کەسایەتییەکە مێژووییە، بەمەش دەڵێن نوستالژیای گەڕانەوەی کەسایەتییە میژووییەکان. زۆرجاریش ئەو کەسایەتییانە شاعیرانی نەتەوەیین، ئەم جۆرە گەڕانەوەیەش بریتییە لە «هێنانی کەسایەتییەکان لە ڕێگای ناو هێنان یان ناوبانگەکەیەوە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، پێویستە ئەو کەسایەتییانە لە سیاقی شیعرەکەدا وەك سیاقی شیعری یا گشتی بە کار بهێندریت» (طعمەحلبی، ۲۰۰۷: ۲۱۶-۲۱۷)، چونکە ئەگەر ئەو کەسایەتییانە لە چوارچێوەی دەقەکەدا نەبن، ئەوا جوانی و کاریگەری کۆدی شیعری لە دەست دەدات.

پ. نوستالژیای گەڕانەوە بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان: فۆلکلۆر هۆکارێکی تری گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هەروەها هۆکارێکە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەدەبی نەتەوەیی و نوێبوونەوەی

شیعری لای میللەتان بەگشتی، چ لە ڕووی ریتم و کێش و سەروا بێت یا خود وشە و دەستەواژە فۆلکلۆرییەکان بێت.

٤- نوستالژیا لە نێوان کۆن و تازەدا

نوستالژیا دیاردەیەکی کۆنە، مرۆڤ زۆر زوو هەستی بە بوونی ئەم دیاردەیە کردووە. چونکە مرۆڤ بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ چواردەوری خۆیدا. لە ڕووی مێژووییەوە دیاردەی نوستالژیا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە حەزرەتی ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەرکران، کە تووشی خەم و ئازارێکی زۆری کردن، بۆیە مرۆڤەکان هەمیشە هەستی نامۆبوون لە نێو دەرونیاندا بوونی هەیە، هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شوێنی مەبەست کە شوێنی ڕەسەنە دەکەنەوە کە ئەویش نیشتمانی بەهەشتە. بۆ ئەمەش لە نێو ئەدەبدا دەتوانریت گوزارشت لەو هەستانە بکرێت. کە واتە نوستالژیا دیاردەیەکی تازە نییە، چەمکێکی فەلسەفی و مێژووییە، چەندەها هۆکاری وەکوو (ئایین و رامیاری و کۆچکردن و عەشق و ...) ڕۆلیان لە دروستبوونی دیاردەکەدا هەبووە. دوورکەوتنەوە لە نیشتمان یەکێکە لە دیارترین هۆکارەکانی غوربەت و نامۆیی لە ژیانی مرۆڤەکاندا، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە. چونکە هەر تاکێک کە لە نیشتمانێکدا چاوانی هەڵدێنێت هۆگری ئەو شوێنە دەبێت، جا شوێنەکە لادێ بێت یا شارێکی گەورە. هەموو ئەمانە سەرچاوەی دروستبوونی نامۆیین لای مرۆڤەکان. کە واتە دەتوانین بڵێین نوستالژیا خەمی ڕابردوو و شکات کردنە لە ڕۆژگار. ئەم خەم و حەسرەتەش تاکەکەسی یا کۆمەڵییە، کە پەیوەندی بە یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی یا لاوێتی یا یادگارییەکانی سەردەمی خوێندن و ... هەیە. «لە چوارچێوەی نوستالژیای کۆمەڵیدا شوێنی زەمەنی تاکییەتی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا لە نێو بەرهەمەکانی ڕۆمانسیزمدا وەک بەرهەمەکانی "گۆتە و کوپر و لیل"دا دەتوانرێت بە دی بکرێت» (فورست، ١٣٨٠: ٥٣). سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، دەقە کۆنەکانی کە لەبەر دەستماندایە ئەوەی لێ دەردەکەوێ کە ئەم زاراوەیە لەلای ڕەخنەگرانەوە نامۆ نەبووە، واتا کەرەستەکە لەبەر دەستیاندا بووە، بەڵام خودی زاراوەکە تازەیە و زیاتر لەم سەردەمەدا پەرەی پێدراوە. ئەمەش بە هۆی ئاشنایەتیی ئەدەبی نەتەوەییمان بە ئەدەبیاتی جیهانییەوەیە، بۆیە دەکرێت ئەم چەمکە لە نێو شیعری ئەدەبی کۆنی کوردیدا بە دی بکەین تا دەگاتە شیعری نوێی کوردی. چامەکەی نالی بۆ سالم بەڵگەیە لەسەر دیاردەی نوستالژیا لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا کە دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

(نالی، ١٩٧٦: ٥٦)

حەسرەتی دووریی شاعیر لە وڵات و شار هۆکاری لە دایکبوونی ئەم چامەیەیە، بۆیە کۆنترین پێناسەش بۆ نوستالژیا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو و یادەوەرییەکانی ڕابردوو و کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانە. سەبارەت بە ئەدەبیاتی تازەش ئەو دیاردەیە لە نێو شاعیرانی کوردیدا بوونی هەیە کە پەنا دەبەنە بەر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و گەڕان بە دوای ئەو شتانەی کە لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ونبوون، بۆیە بەرەو ڕابردوو دەگەڕێنەوە وەک چۆن شاعیرانی ڕۆمانسیزم ئاڕەزووی گەڕانەوەیان بۆ ڕابردوو دەکرد. نوستالژیا لە شیعری شاعیرانی کوردیدا بە شێوەیەکی زەمەنی دەردەکەوێت، زۆریک لە شاعیران لە غوربەت ژیاون، شیعری نوستالیژییان نووسیوە، کە حەزی گەڕانەوەی نیشتمان و ڕابردوویان کردووە، ئاوات بە ژیانی ڕابردوو دەخوازن. هۆکاری گەڕانەوەی مرۆڤیش بۆ ڕابردوو بریتییە لە «بێزاربوون و هەست نەکردن بە ڕەزامەندی لە ژیان و ئەو ئازارانەی کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا هەڵیدەگرێت» (جعفر، ۱۹۹۹: ۲۵).

شیرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە تاراوگە ژیاوە، لە «دەربەندی پەپولە»دا حەزی گەڕانەوە بۆ وڵات دەکات و هەست بە نامۆیی و غەریبی دەکات، (با) دەکاتە هۆکارێک بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و دەڵێت:

هەوالنامەی کتێب

ئەگەر جارجار با هەڵبکات
را ئەکەم بۆ چەند ساتێك ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشکوو ئەمجارەیان
ئا، ئەم، با، یە
وەك ڕەشەبای سلێمانی
بە پرۆتاو بێو هەلم بگرێو
تۆزێ خۆڵ بکاتە چاوم (بێکەس، ۱۹۹۸: ۱۳٤)

لێرەدا ڕەگەزی نوستالژیا بە ڕوونی دیارە، دووری نیشتمان هەستی شاعیری بزواندووە، لەم شیعرەدا هەست بە بیرکردنی جوگرافی دەکرێت.

نوستالژیا لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا دیاردەیەکی کۆنە، وەك پیشتر ئاماژەمان پێدا نوستالژیا دیاردەیەکی کۆنە بۆ سەردەمە زووەکانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ ناسیبێتی. سەبارەت بە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام ناتوانین ئەم دیاردەیە بە ڕوونی دیاری بکەین، چونکە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەوکات کۆمەڵگەیەکی خێلەکی بووە و دەستە جەمعی ژیاون. «بۆیە ناتوانین بە ڕوونی هەست بەو دیاردەیە بکەین، چوونکە پەیوەندییە پتەوەکانی خێلەکی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی پتەو دروست دەکات تا بتوانێت پارێزگاری لە ڕۆحی کۆمەڵی بکات» (زامل، ۲۰۰۳: ۱۳). لە سەرەتادا «شیعری جاهیلی داماڵین الخلعی ناسی هەمان بارودۆخیش لای شاعیرانی «الصعالیك» هەبووە، هەروەها لای امرؤ القیس حاڵەتی «دەرکردن = الطرد» ناسرابوو، هەروەها

حاڵەتی نەفی کردن لە ناوەوە و دەرەوە هەبووە، دەرچوون هەبووە بۆ بەدەست هێنانی مادیەت وەك نابغە و الاعشی بەوە ناسرا بوون» (بدوی، ١٩٨٦: ٦٤).

کاتێک کە ئیسلام هات شێوەی جیاوازی تازەی نوستالژیا بە دیارکەوت، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ کۆچکردنی خێڵە عەرەبییەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی لە نێو خۆیاندا و دواتریش بۆ دەرەوەی خۆیان کۆچیان دەست پێکرد، وەك کۆچی هاوەڵانی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) بۆ حەبەشە، و کۆچی موسڵمانان بۆ مەدینە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی هەستی نوستالیژی لای موسڵمانەکان، بە تایبەت پێغمبەری خوا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دووركەوتنەوە لە نیشتمان و زێدی خۆی کاریگەریەکی زۆری لەسەر دروست کردبوو. لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکاندا دیاردەی غوربەت شێوەی تازەتری وەرگرت و تەواو چڕبۆیەوە. بە شێکی زۆری شاعیران نەیان دەتوانی لەگەڵ ژینگەی خۆیان بگونجین، چونکە فەسادێکی زۆر بلاو ببوەوە، خەلافەت لاواز ببوو، دابەشی چەند دەولەتۆکەیەك ببوو. «بە جۆرێك کە تاکی عەرەبی هەستی بە نامۆیی دەکرد و لە ڕابردووی خۆی دابڕابوو کە لە کاتێکدا خاوەن سەروەری خۆیان بوون، دەگریان بۆ ئەو شتانەی کە لە دەستیان دابوو» (زامل، ٢٠٠٣: ٢٧). لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا «یەکەم کتێب کە ئەم ناوەی گرتە خۆی کتێبی *ادب الغرباء*ی ابوالفرج الاصبهانی بوو» (بدوی، ١٩٨٦: ٦٩).

٥- شێوەکانی نوستالژیا لە شیعرەکانی پیرەمێرد و بەدر شاکر سەیابدا

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەسێکی نوستالیژیست گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، ئەمەش لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکان و یادەوەرییەکانی تاکەکەسی لە دیارەوە بۆ نادیار لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا.

> گەڕانەوە بۆ یادگە، گەڕانەوەیە بۆ حیکایەت و یادەوەری، گەڕانەوەیە بۆ ئەو پردی خەیاڵەی کە سۆزێکی گەورەی تێدایە و ئەبێتە ئەو پردی پەیوەندییە گەورەیەی کە مرۆڤی گرفتار حیکایەتەکانی ئەو یادگەیە دەکات و فڕی دەداتە ئەو یادەوەرییە بێشوماردی کە ڕووبەڕێکی گەورەی داگیرکردووە لە ئایکۆنی یادەوەرییەکاندا، لە دونیای حیکایەتەکاندا. (ئاسۆ جەبار، ٢٠٠٦: ٢٨٠)

کەواتە هۆکاری ئارەزووی شاعیر بۆ ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە لە ئێستادا ڕادەکات و پەنا دەباتە بەر ڕابردوو. بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش بەشێک لە لێکۆڵەرانی تازە وایدەبینن کە هۆکاری ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی تازەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیران بە دوای نادیارێکدا دەگەڕین کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەمێکە لێی ڕۆیشتووە، بۆیە بۆ ڕابردوو دەگەڕێنەوە تا وەکوو ئەو بزربووەیان بدۆزنەوە و قسەی لەگەڵ بکەن و شکاتی حاڵی خۆیانی لا بکەن. بەم شێوەیە لە ئێستادا بەرەو ڕابردوو دەڕۆن

و تام و چێژی یادگارییەکانی ڕابردوو دەچێژن و یادگارییەکانی ڕابردووش زیندوو دەکەنەوە. هۆکاری گەڕانەوەی مرۆڤیش بۆ ڕابردوو لەوانەیە بە چەند هۆکارێکی کەسییەوە بێت، ئەو هۆکارەشی کە پاڵ بە هاووڵاتی بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی دەنێت بریتییە لە «بێزاری و هەست کردن بە ناڕازی بوون لە ژیان و ئەو ئازار و نەهامەتیانەی کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەیچێژێت» (جعفر، ۱۹۹۹: ۵۲). هۆکاری ئەم دیاردەش لە شیعری کوردی و عەرەبیدا بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکان و نەتەوەییەکانی ساڵانی بیستەکان بە دواوە دەگەڕێتەوە. واتە سەرەتاکانی سەدەی بیستی ڕابردوو، کە شۆڕشەکانی گەلی کورد و عەرەب سەریان هەڵدا و باری سیاسیی خەڵک گۆڕانکاری زۆری بە سەردا هات، ئەمەش لە ئەدەبیات و زەینی شاعیراندا ڕەنگی دایەوە و چووە نێو ئەدەبیاتەوە.

سەبارەت بە شێوەکانی نوستالژیا لای هەر دوو شاعیر، سەرەتا پیرەمێرد ژیانێکی دردێژ ژیاوە و لەو ماوەیەشدا هەمیشە خەونی بە ڕابردووی خۆی و نەتەوەکەیەوە دیتووە. شاعیرێکە زۆر بە ڕابردووەوە پەیوەست بووە، کە خۆشی و ناخۆشی تێدا باس کردووە بە شێوەیەك توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە. پیرەمێرد ژیانێکی دوو لایەنەی هەبووە. کە لە تورکیا بووە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی بەرز و سیاسیی باشی هەبووە. کاتێکیش کە هاتەوە کوردستان و شاری سلێمانی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی بەرز و باڕێکی گوزەرانی خراپی هەبووە. ئەمەش وای لێکردووە بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە پەنا بەرێتە بەر ڕابردوو، واتە پێش ئەوەی سەفەری تورکیای سەردەمی خەلافەتی عوسمانی بکات، تا وەکوو لەو بارەگرانەی تێیدایەتی ڕزگاری بێت.

بە هەمان شێوە سەیاب کە مناڵ بووە و لە لادێیەکەی خۆیان بووە ژیانێکی خۆش و ئارامی بووە، بەڵام کاتێک کە دایکی دەمرێت لە منااڵیا و دواتر لە کاتی گەورە بوونیدا تووشی نەخۆشی سەخت و زیندان و دوورخستنەوە دەبێت و شکستی بەردەوامیشی لە ژیانی سۆزداری کە زۆر هیلاکی کردووە، لە نێو ڕابردووی خۆیدا گیری کردبوو. ئەمەش شێوەی ژیانی بە تەواوەتی گۆڕیوە و لە شیعرەکانیدا حەسرەتی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو بەیان کردووە، بۆتە کەسێکی نوستالژیست. بۆیە بەشەکانی نوستالژیا لای پیرەمێرد و سەیاب دابەش بووە بەسەر چەند بەش.

۵-۱- نوستالژیای تاکەکەسی

نوستالژیا لە سەرەتادا تایبەتە بە ژیانی تاکەکەسی پیرەمێرد، کە بەرەو گەنجێتی و خۆشەویستی ئافرەت و گوند و شار دەگەڕێتەوە. هەروەها تایبەتە بە ژیانی سەیابیش وەك گەڕانەوە بۆ ژیانی لادێ و منااڵی و خۆشەویستەکانی و دایکی و خێزانی. یەکێک لە جۆرەکانی نوستالژیای تاکەکەسی لە شیعری دوو شاعیردا گەڕانەوەیە بەرەو زێدی خۆیان. پیرەمێرد یەکێکە لەو

شاعیرانەی کە زۆر بە خاکەوە پەیوەست بووە، بۆیە هەمیشە بیری هەر لای شار و نیشتمانەکەی بووە. سلێمانی ئەو شارە بووە کە هەرگیز لە بیری نەکردووە، بە لای ئەوەوە شارێکە کە لە کاتی دڵتەنگیدا پەنای بۆ ڕابردوو بردووە بۆی گەڕاوەتەوە. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٥دا (ئاشنا، ٢٠٠٩: ١١١) بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

ئەوا رووم کردە تۆ ئەی دایکی مشفق بیست و پێنج ساڵە — لە غوربەتدا بە یادی تۆ ئەژیم خوا شاهیدی حاڵە

(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ١١٧/١)

دواتر بە جۆرێك وەسفی سلێمانی دەکات کە تۆز و خۆڵی سلێمانی زۆر لە تۆز و خۆڵی «چیای تور» باشترە/ بۆنی گوڵەکانی و سەیرانگاکانی و تیشکی ڕووناکی کە لە چیای «عومەر گەدروون» دەدات زۆر لە دوڕ و گەوهەری قارون پێی باشترە/ گەزۆی سلێمانی هەموو خواردنی دونیا دێنێت:

بە چاوما بێ ئەگەر تۆزی، لە تۆزی بای سلێمانی — کە نووری (گۆر)ە، تووڕێك نایەنێ، سوورمەی سلێمانی

گزنگی ڕۆژ، ئەداتە بەفرەکەی شاخی عومەر گەردوون — بریقەی خۆشترە لای من، لە دوڕ و گەوهەری قاروون

(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ١١٧/١)

ئەمە ئەوە دەردەخات کە پیرەمێرد لەگەڵ ئەوەی ژیانێکی خۆشی لە تورکیا هەبووە، بەڵام شاری سلێمانی زۆر لەوێ پێخۆشتر بووە وبە هەوای شاری سلێمانی ژیاوە. بەمەش شاعیر باری دەروونی خۆی سووك دەکات و بە ئاواتەکەی دەگات. لای پیرەمێرد سلێمانی بۆتە سومبول و لە کاتی نامۆبوونیدا پەنای بۆ بردووە. بەڵام لای سەیاب گەڕانەوە بۆ ژیانی لادێ سومبولە و پەنای بۆ بردووە، سەیاب یەکێکە لەو شاعیرانەی کەوا زۆر هەستی بە نامۆیی و غەریبی کردووە لە ژیانیدا «ڕەگ و ڕیشەی دەیگەڕێننەوە بۆ ژیانی لادێ و منالّی کە ماڵ ئاوایی لە لادێیەکەی کردووە، لە کاتێکدا یاری کردووە لە کێڵگەکانی جیکۆر و مەلەوانی لە ڕووباری بویب دەکرد» (فهمی، ١٩٨١: ١٥٨). «جیکۆر» ئەو لادێیەیە کە سەیاب تێیدا ژیاوە و هەرگیز لە یادی نەکردووە، هەمیشە عەودالّی ئەوێیە، لە قەسیدەی «افیاء جیکور» بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

نافورة من ظلال، من أزاهير و من عصافير، جيكور، جيكور، يا حفلا من النور/ يا جدولا من فراشات نطاردها/ في الليل، في عالم الأحلام والقمر/ ينشرن أجنحة أندى من المطر في أول الصيف. (السياب،٢٠٠٠: ١/ ١٨٦)

لە قەسیدەی شیعری «جيكور أمي»دا دەڵێت:

تلك أمي، و إن أجئها كسيحا/ لاثما أزهارها و الماء فيها، و الترابا/ و نافضا، بمقلتي، أعشاشها و الغابا/ تلك أطيار الغد الزرقاء والغبراء يعبرن السطوحا. (٦٥٦/١)

شاعیر لە خۆشەویستیدا «جیکۆر» بە دایك دەچوێنێت، بەهەشتێکی ونبووە و هێشتا بە دوایدا دەگەڕێت. «جیکۆر» بە تەواوی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کاریگەری تەواوی لەسەر

جێهێشتووە، عەشقی شاعیر بۆ جیکۆر بە جۆرێکە کە تەواو باری دەروونی شاعیری شێواندووە، پێی وایە جارێکی تر لەسەر دەستی ئەو لە دایك دەبێتەوە. لە قەسیدەی «تموز جیکور»دا دەڵێت:

جیکور ... ستولد جیکور/ النور سیورق و النور/ جیکور ستولد من جرحي/ من غصة موتي، من ناري/ سیفیض البیدر بالقمح،/ و الجرن سیضحك للصبح. (۱/ ٤۱۱)

لە شیعرێکی تردا باسی رووباری «بویب» دەکات کە لە نزیك لادێیەکەیاندا بووە، مایەی شادی و خۆشبەختی بووە لە منالّیا، یادگارییەکانی منالّی و خۆشییەکانی ژیانی ئەو کاتی لە نێو ئەو ڕووبارەدا جێهێشتووە و هێشتا لە بیری نەکردووە، لێرەدا ڕووباری «بویب» بەشێکە لە «جیکور» بۆیە باسمان لێوە کردووە، لە قەسیدەی «یا نهر»دا دەڵێت:

یا نهر عاد إلیك بعد شتائه/ صب یفیض الشوق من زفراته/ حیران یرمق ضفتیك بلوعة/ فیکاد یصرع شوقه عبراته (۳۰۳/۲)

لە قەسیدە شیعری «النهر و الموت» دووبارە باسی رووباری «بویب» دەکاتەوە، خەسڵەتی ڕۆمانسیزمەکانە کە یادگارییەکانی خۆیان بەو شێوازە بەیان دەکرد و دەگێڕایەوە، دەڵێت:

بویب/ بویب/ أجراس برج ضاع فی قرارة البحر/ الماء فی الجرار والغروب فی الشجر/ وتنضح الجرار أجراسا من المطر/ بلورها یذوب فی أنین/ بویب ... یا بویب! ... (٤٥۳/۱)

هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی شاعیر ئاماژەیەك بە دەروونی خۆی ببەخشێت، هەرچەندە ئازارەکانی بە جۆرێك بووە کە نەیتوانیوە لەو بڕوودۆخەی تێدا بووە ڕزگاری بێت. یادکردنی خۆشەویستان تەوەرێکی دیکەی نۆستالیژیایە لە شیعری دوو شاعیردا. ئەوەی جێگای تێڕامانە لە ژیانی پیرەمێرد ئەوەیە کە ئەو ژیانە سۆزداری ڕاستەقینەیەی کە تێیدا ژیاوە، کاریگەرییکی زۆری لەسەر ژیانی جێ هێشتووە. بە تایبەتی لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا زیاتر بە بیری هاتۆتەوە و ئازارێکی دەروونی زۆری بە هۆی ئەو خۆشەویستییەوە چێشتووە.

پیرەمێرد لە گۆڤاری گەلاوێژدا دەنووسێت: «شەوێکم لە زیندەگانی گوزەشتە هاتەوە یاد، وەك شەونم فرمێسك بەسەر ریشی سپیما باری» (ژیان، ژمارە ٤۸۳ی ساڵی ۱۹۳٦، دیوانی پیرەمێرد: ۷۹). دوای پەنجا ساڵ پیرەمێرد ئەو عەشقەی دێتەوە یاد کە ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕابردوو بۆ پیرەمێرد بەشێک بووە لە داهێنانی هونەری و دروستبوونی نوستالژیا لە شیعرەکانیدا.

چەنـد خـۆشە یـادی هیجـرانی یـاران فـرمێسک بـە چـاومـا بێنـی وەک بـاران
(پیرەمێرد، ۲۰۰۹: ۲٤۷)

ئەوەی دیارە یەکەم خۆشەویستی پیرەمێرد «میهرەبان» بووە، جا نازاندرێت ئەو ناوە خوازراوە یا خۆد راستەقینەیە. وەك خۆی دەڵێت «ئەم ماجەرایە پەنجا ساڵی بەسەرا رابوارد، لەم یەك دوو

رۆژەدا لەگەڵ جەنازەیەکی ئازیز رێم کەوتە مەلبەندی میهرەبان» (*ژیان*، ژمارە ٤٨٣ی ساڵی ١٩٣٦، بڕوانە *دیوانی پیرەمێرد*، ٨٠).

کەوتــە کڵێشــەم کەوتــە کڵێشــەم شەوێک ســەودای لــەیل کەوتــە کڵێشــەم
پەروانــە ئاســا تەوافــتی ڕووی شــەم تێکــی هەڵشێــلا هــۆش و ئەنــدیشــەم
(پیرەمێرد، ٢٠٠٩: ١/ ٢٤٧)

هەروەهاش لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

لەبیرتــە شەوێک هــاتییــە لام بــۆ دڵنــەوایــی و تــەسەلام
بــە زولف و خــاڵت سوێنــدت دەدام کــە تــا دەمــرم تــۆ ببــی لام
(٢٤٩/١)

ئەوەی دەتوانین لە شیعرەکانی پیرەمێرد دەری بخەین ئەوەیە کە پیرەمێرد زۆر عاشقی میهرەبان بووە، دڵ و دەروونی داگیر کردووە. بەڵام کە دەزانیت کۆچی دوایی کردووە بە تەواوی نائومێد دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تا دەمرێت لە یادی بمێنێت و بەردەوام شیعری بۆ بنووسێت، هەروەها توانای ئەوەشی نەبێت کە لە بیری بکات. بەڵام شکستی بەردەوامی سەیاب لە ڕووی خۆشەویستییەوە وایکردووە کە بەردەوام دەروونی نائارام بێت، ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە، کە هۆکاریش لە دەستدانی دایکی بووە بە منااڵی، ئەم دیاردەیە لە ژیانی تایبەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی شکستی بەردەوامی لە خۆشەویستی. خۆی ئاماژە بەو هۆکارە دەکات و دەڵێت: «منااڵ بووم کاتێک دایکم لەدەستدا، دوور لە خۆشەویستی و سۆزی ئافرەت گەورە بووم. ژیانم هەمووی گەڕان بوو بە دوای کەسێك کە ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. هەموو تەمەنم لە چاوەڕوانی ئافرەتێکی نمونەییدا بوو» (حمود، ١٩٩٤: ٣٣٤). سەیاب بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەم بۆشاییە دەروونییە بکاتەوە بە دوای خۆشەویستی ئافرەتدا وێڵ بووە، بەڵام لە هیچ کامێکیاندا ئەم خۆشەویستییەی بەدی نەکردووە و بە شکست کۆتایی پێ هاتووە. خۆشەویستی زۆری هەبووە بە ناوەکانی «هالە، المندیل الاحمر، المندیل الاصفر، لمیعە، لمیا، الاقحوانە، لبیبە، اقبال، ...» (بڕوانە دیوانی سەیاب، بەرگی یەکەم و دووەم، ٢٠٠٠م).

سەیاب هەوڵی داوە زۆر لە ئافرەت نزیك بێتەوە، هەستیان پێبکات، بەڵام هەموو ئەمانەی وێڵ کردووە تا لە کۆتاییدا «اقبال» ی خواستووە و بۆتە دایکی منااڵنی، لە شیعرەکانیدا باسی لێوە کردووە کە دواتر باسی لێی دەکەین. لە قەسیدەی «جیکور أمی» باسی «هالە» دەکات، کە هێشتا لە یادی نەکردووە و دەڵێت:

أه لو أن السنين الخضر عادت، يوم كنا/ لم نزل بعد فتيين لقبلت ثلاثا أو رباعا/ و جنتى هالة و الشعر الذي نثر أمواج الظلام/ في سيول من العطور التى تحمل نفسي إلى بحار عميقة/ و لقبلت، برغم الموت، ثغرا من وفيقة.

بەردەوام دەبێت و لە هەمان شیعردا باسی اقبال دەکات و دەڵێت:

ولأوصلتك يا إقبال فى ليلة رعد ورياح وقتام/ حاملا فانوسي الخفاق تمتد الظلام. (السياب، ۲۰۰۰: ۱/ ٦٥٨)

خۆشەویستی ئافرەت بۆتە بەشێک لە شیعرەکانی و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ژیانی ڕابردووی دەکات و ناتوانێت چاوپۆشی لێبکات. لە باسی خۆشەویستەکەی «لەمیعە» دا دەڵێت:

ذكرتك يا ليمعة والدجى ثلج وأمطار/ ولندن مات فيها اليل ، مات تنفس النور/ رأيت شبيهة لك شعرها ظلم ونهار/ وعيناها كينبوعتين فى غاب من الحور. (٢٦٨/١)

لە شیعرەکانی سەیاب‌دا سێ بەشی تری نوستالژیا بە دی دەکرێت کە لە شیعرەکانی پیرەمێردا بەرچاومان نەکەوتووە. ئەوانیش نوستالژیای سەردەمی منالّی و یادی دایك و یادی منالّەکانییە، بەڵام لای سەیاب هەر سێ بابەتەکە بوونی هەیە ئەوانیش.

۵-۱-۱- گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی

سەردەمی منالّی پاکترین سەردەمی مرۆڤە، سەردەمێکە کە لاپەڕەکانی ڕەش نەبونەتەوە و تووشی خەم و ئازار نەبووە. سەردەمێکی زۆر خۆشەویستە لای شاعیر، چونکە وێنەیەکی جوان و ڕوونە بەرامبەر بەو نەهامەتی و نامۆیی و غوربەتەی کە تێیدا دەژیت. «گومانی تیدا نییە کە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی شیعری ریبازی ڕۆمانسیزمەکان» (حاوی، ۱۹۸۳: ۷۲). لە قەسیدەی شیعری «دار جدی»دا یادی منالّی دەکاتەوە و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە دەکات و دەڵێت:

مطفأة هي النوافذ الكثار/ و باب جدي موصد و بيته انتظار/ وا أطرق الباب، فمن يجيب، يفتح؟/ تجيبني الطفوله، الشباب منذ صار. (السياب، ۲۰۰۰: ۱٤۳/۱)

لە هەمان قەسیدەدا ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منالّی دەکات و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی تێدا دەبینێتەوە دەڵێت:

طفولتي صباي، أين ... أين كل ذاك؟/ أين حياة لايحد من طريقها الطويل سورذ/ كشر عن بوابة كأعين الشباك/ تفضي إلى القبور؟/ والكون بالحياة ينبض، المياه والصخو/ وذرة الغبار والنمال والحديد/ وكل لحن كل موسم جديد/ الحرث والبذور والزهور. (١٤٦/١)

ڕابردوو لای سەیاب تامێکی تایبەتی پێ دەبەخشیت، بە تایبەت کاتێک کە خەم و خەفەتباری سەرشانی گرانتر دەکات، غەریبی لاوازتری دەکات، بۆیە لەم شیعرەدا ئەوەمان بۆ دیاردەخات کە

منالّی هەرگیز کۆتایی پێنەهاتووە، بە سەرچاوەی خۆشییەکانی ژیانی دەزانێت کە ئاو و بەرد و تۆز و گەرد و گوڵ و ئاسن و کێڵانی زەوی و چاندنە، هەموو ئەمانە نیشانەی بەهارن کە ئومیدی تازە بونەوەی ژیانن.

٥-١-٢- نوستالژیای بیرکردنی دایك

دایك ڕۆح و گیانە، ئێستا و داهاتووە، سەرچاوەی خۆشەویستییە، دایك نیشتمانێك دروست دەکات، هەموو ئەمانە کاریگەری تەواویان لەسەر سەیاب دروستکردوە کە بەشێکی شیعرەکانی بۆ دایکی بەژنێتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە بیری دایکی کردووە. کاریگەری ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەوەیە کە سەیاب دایکی لە تەمەنی منالّی لە دەست دەدات و لە سۆزی دایك بێبەش دەبێت و کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر جێ دەهێلّێت. لە قەسیدەی «انشوده المطر» کە شیعرێکی بە ناوبانگی سەیابە سەبارەت بە دایکی لە نێو ئەو شیعرەدا نوسیویەتی و دەلّێت:

كأن طفلا بات يهذي قبل أن ينام/ بأن أمه التي أفاق منذ عام/ فلم يجدها ثم حين لج فی السؤال/ قالوا له «بعد غد تعود»/ لابد أن تعود/ و إن تهامس الرفاق أنها هناك/ فی جانب التل تنام نومة اللحود/ تسف من ترابها و تشرب المطر/ كأن صيادا حزينا يجمع الشباك/ و يلعن المياه و القدر/ و ينثر العناء حيث يأفل القمر؟ (٤٧٥/١- ٤٧٦)

دیمەنێکی ڕاستەقینەی پر ئازار و کارەسات پێشان دەدات کە منالّ دایکی دەمرێت و دەپرسێت دایکم لە کوێیە؟ پێی دەلّێن چووە بۆ ئاسمان یا چووە بۆ مێوانی دێتەوە. بەلّام دەزانێت دایکی نایتەوە، ئەوکات تێدەگات کە بەرەو ناخی زەوی گەڕاوەتەوە و دووبارە دەبێتەوە بە خۆڵ. سەیاب لە قەسیدەی «الباب تقرعه الرياح» گفتوگۆیەکی تەواو لە نێوان خۆی و دایکی دەکات، شیعرەکە کاتێک نووسیویەتی کە لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بووە، نەخۆشی تەواو تینی بۆ هیناوە و دایکی تەواو بیر و هۆشی تەنیوە، چاوەرێ دەکات کەسێك لە دەرگا بدات. لێدانی دەرگا ڕۆحی دایکییەتی کە زۆر میهرەبانە و هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕێت:

حب الأمومة فهي تبكي «آه يا ولدي البعيد عن الديار/ ويلاه كيف تعود وحدك، لادليل ولا رفيق؟/ اماه ... ليتك لم تغيبي خلف سور من حجار/ لا باب فيه لكي أدق ولا نوافذ في الجدار/ كيف انطلقت على طريق لا يعود السائرون/ من ظلمة صفراء فيه كأنها غسق البحار؟» (٦١٥/١- ٦١٦).

٥-١-٣- نوستالژیای منالّ

سەیاب کاتێک بە هۆی نەخۆشییەوە دەچێتەوە دەرەوەی عێراق و باری تەندروستی تەواو تێکدەچێت و لە پێ دەکەوێت، بیری منالّەکانی دەکات، بیری کورەکەی «غیلان» دەکات، کە چییان لێدێت دوای مردنی ئەو، لە قەسیدەی شیعری «اسمعه يبكي»دا دەلّێت:

أسمعه يبكي، يناديني/ في ليلي المستوحد القارس/ يدعو أبي كيف تخليني/ وحدي بلا حارس؟/ غيلان لم أهجرك عن قصد .../ الداء يا غيلان أقصاني. (۲۸۷/۱)

خەیاڵ دەکات کە کورەکەی دەگرێت و بانگی باوکی دەکات، سەیاب دەزانێت منداڵەکانی لە دووری ئەو سەرگەردانن، بۆیە دەڵێت نەخۆشی هۆکاری دوورکەوتنەوەمە نەك خۆم.

۵-۲- نوستالژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی

نوستالژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری دوو شاعیردا لە چەندین بواردا خۆی دەنوێنێ. یەکێک لەم بوارانە نوستالژیای نیشتمانە کە سروشتێکی مرۆڤایەتییە و پەیوەستە بە کەرامەتی مرۆڤەکانەوە. دووركەوتنەوەش لە نیشتمان خەمێکی گەورە بووە، شاعیرانیش بەهۆی ئەو هەستەی کە هەیانە زیاتر لە کەسانی ئاسایی هەستی نامۆیی و غوربەت دایان دەگرێت. مەسەلەی نیشتمانیش پەیوەستە بە ڕۆح و جەستە و بوونی مرۆڤەکانەوە. مرۆڤ بێ نیشتمان بوونێکی لاوازی هەیە. ئەم هۆکارانە وایکردووە شاعیران بە تایبەتی و مرۆڤ بە گشتی کە لە زێدی خۆی دوور دەکەوێتەوە بیری نیشتمانەکەی بکات، هەست بە دڵتەنگی بکات بۆی. بۆیە شاعیران ئەم هەستەیان بە شیعر دەربڕیوە. چەمکی نیشتمانیش لە کۆن و تازە دا جیاوازن، لە کۆندا چەمکی نیشتمان تایبەت بوو بە کووچە و کۆڵان و شوێنی مانەوە. بەڵام لە تازەدا چەمکەکە لەوە فراوانتر بووە و تەواوی نیشتمان دەگرێتەوە، بە تایبەت لە شیعری تازەدا ئەم هەستە زیاتر پەرەی پێدرا و لە شیعردا بەکار هات.

یادکردنی نیشتمان پەیوەستە بە مرۆڤەکانەوە، تایبەتمەندیی مرۆڤایەتییە؛ بەجۆرێك دووربوون لە نیشتمان تا وەکوو ئێستاش خەمێکی گەورەیە بۆ مرۆڤەکان بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی. پیرەمێرد شاعیرێك بووە بەردەوام یادی نیشتمانی کردووە. دڵ و دەروونی پەیوەست بووە بە نیشتمانەکەیەوە، ئەمەش بۆتە هۆی لەدایك بوونی چەندین شیعری نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا.

لە ئەستەمبوڵەوە هەڵسام، لە خەودا بووم، هەتا ئێرە
حەیاتێکی ترم دی، خزم و خۆیشان دەوریان دابووم

لە سەیری (فی المنام)دا بووم کە چاوم کردەوە لێرە
سەر لەنوێ هاتمەوە دنیا، بەرۆح وەك توفلی ساوا بووم
(پیرەمێرد، ۲۰۰۹: ۹/۱)

ئەڵێن نەفخەی حەیاتی پێوەیە بادی بەهار وایە

بەسروەی بای وەتەن ماوم، بەهار و بای لای لەلام بایە
(۲۰۰۹: ۱۱۷/۱)

ئەوەی کە ڕوونە هەستکردن بە نامۆیی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سیفەتێکە لە سیفەتەکانی ڕۆمانسیزمەکان. بێگومانیش شیعرەکانی پیرەمێرد تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانسیزمی

تێدایە، بۆیە لە کاتی ژیانی لە تورکیا هەست بە غوربەت دەکات و هەموو شتێکی لا جوان و خۆشە، بوون و مانی ئەویش بە نیشتمانەکەیەتی.

سەیاب شاعیرێکی نوێخوازە و بە هۆی ئەوەی کە ڕۆحی ڕۆمانسیزمی تێدایە، «هەستکردنیش بە دابڕان و غوربەت بە تایبەتی خەسڵەتی ڕۆمانسیزمەکانە» (مغنیە، ٢٠٠٤: ٢٠)، هاتووە بە شیعر باسی خەمی دابڕانی نیشتمان دەکات. دیارترین شیعرەکانی کە باسی نیشتمان دەکات شیعری «غریب علی الخلیج و انشوده المطر»ە، هەروەها لە قەسیدەی شیعری «حنین فی روما» بیری وڵات و بۆنی وڵات و خواردنی و کۆڵانەکانی دەکات. لە شیعری «غریب علی الخلیج»یشدا دەڵێت:

صوت تفجر في قرارة نفسي الثكلى: عراق/ كالمد يصعد، كالسحابة، كالدموع الى العيون/ الريح تصرخ بي: عراق/ و الموج يعول بغ: عراق، عراق، ليس سوى عراق!/، البحر أوسع ما يكون و أنت أبعد ماتكون/، والبحر دونك يا عراق (السياب، ٢٠٠٠: ٣١٧/١)

کاتێک کە سەیاب لە نیشتمان دوورە و دیمەنە جوانەکانی وڵاتی بیر دەکەوێتەوە، تەنانەت شەپۆلی ئاو و بای بەهێزی سەر دەریاش دەڵێن عێراق. کە واتە دووری لە نیشتمان کاریگەری تەواوی لەسەر دروستکردووە، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات، لە غوربەتدا هاواری عێراق دەکات و بیری دەکات، بۆیە لە شیعری «لأني غريب» دا دەڵێت:

لأني غريب/ لأن العراق الحبيب/ بعيد، و أني هنا في اشتياق/ إليه، إليها ... أنادي عراق (٢٠٠٠: ١٩٥/١).

کە واتە غوربەت هۆکاری سەرەکیی لەدایك بوونی شیعری نوستالژیایە، شاعیر پەنای بۆ دەبات تا دەروونی ئارام بکاتەوە. یەکێ تر لە بوارەکانی نوستالژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی، نوستالژیای کەلەپووری نەتەوەیی و میللی یە. شیعری نوێی کوردی و عەرەبی توانییان سوود لە کەلەپووری نەتەوەیی وەربگرن، شاعیران ئەو کەلتوورە نەتەوەییەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێنا، کە لە ڕابردوودا بوونیان هەبوو، بۆیە ئەوان لە نێوان ئێستایەکی پڕ لە ناخۆشی دەژیان و بە دڵیش لە ڕابردوویەکی پڕ لە سەرکەوتن و بەرزیدا بوون. زیندوو کرنەوە و گەڕانەوە و یادکردنەوەی کەلەپووری میللی-نەتەوەیی بەشێکی گرنگە لە شیعرەکانی پیرەمێرد و سەیابدا، کە توانیوویانە سوود لە هێما و بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەربگرن و جارێکی تر بە شیعر دای بڕێژنەوە. بابەتەکانیشی خۆی لە چیرۆکی فۆلکلۆری و میللی و کەسایەتییە مێژووییەکان و ئەفسانەییەکان دەبینێتەوە، بەو پێیە دەتوانیین کەلەپووری نەتەوەیی لە شیعرەکانی پیرەمێرد و سەیابدا بۆ چەند بەش دابەش بکەین، ئەوانیش.

۵-۲-۱- یادی چیرۆکی میللی و حیکایەتە فۆلکلۆری و کەسایەتییە مێژوویییەکان

پیرەمێرد ژمارەیەکی زۆری چیرۆك و حیکایەتی میللی و پەند و قسەی نەستەقی لە نێو شیعرەکانیدا بەکارهیناوە. ئەمەش وایکردووە ئەو بابەتانە لە نێو بیری خەڵکیدا بە زیندوویی بمێنێتەوە. بەشێک لەو بابەتانەش چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵانە کە بەو شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

پـــتورە تلیخـــان بزنێکـــی بـــوو سبەینـــان بـــۆ ئێـــرە ئەچـــوو
کیتـــەڵی ئـــەبـــرد ئەیدۆشـــی لـــە مـاڵـــەوە دای ئەپـۆشـــی
رۆژێ مـــام رێـــوی دۆزیـــەوە ستـەری لادا بـە دزیـــەوە ...
(پیرەمێرد، ۲۰۰۹: ۲۹/۲)

زیندووکردنەوەی ئەو حیکایەتانە «بابەتێکی زیندووە لە نێو ویژدانی شاعیری نوێخوازدا ڕەهەندێکی ڕۆحی و هزری هەیە. ئەمەش پەیوەندیی شاعیر بە کێشەکان و بە دواداچوونەکانییەوە ڕەنگ دەداتەوە لە بەرهەماکانیدا» (اسماعیل، ۱۹۸۸: ۳٦). لە لایەکی ترەوە، چیرۆکی «مەم و زین» دەکاتە بابەتی شیعرەکانی، کە لە نێو کەلتوور و مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەگوترێتەوە، کە بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

هـــەی ڕۆ ئەمـــڕۆ ڕووی، شیـــن و ڕۆڕۆمـــە کەمەم ڕۆیی ڕووی پەژارەی خۆمە
ئـــەم زولفـــە لولـــەم بـــۆ مـــەم شانـــەکرد دەک فـــەلەک کوێـــر بـێ، بۆنێکـــی نـــەکرد
(۲۰۰۹: ۲۵۷/۱)

لێرەدا ئەوەمان وەبیر دەخاتەوە کە چۆن ئەو چیرۆکە کاریگەری لەسەر بیری کۆمەڵگە بە گشتی جێ هێشتووە، ئەو تەجروبەیە دەخاتە ڕوو کە لەو ناوچەیەدا ڕوویداوە وەك چیرۆکێکی فۆلکلۆری نەتەوەیی باسی لێوە دەکات:

بـا دەست لـەمل کـەین، مـــەم یەکجـــارییە نـەرای بێگانـــە، نـــە بـەدکـــارییە
ئـــاخ بـــۆ دەنگخـــۆشی، لـە ژوور سەرینمـــان بـە بـەیتـــی کـــوردی بـــدا تەلقینمـــان
(۲۰۰۹: ۲۵۷-۲۵۸)

لێرەدا ئەو تەجروبەیە دەخاتە ڕوو کە لە نێو نەتەوەی کوردا بوونی هەبووە. تەجروبەی خۆشەویستیی پاك و بێگەرد، بە هەمان شێوە چیرۆکی وەلی دێوانە و شەم هەمان تەجروبەیە کە لە نێو کورددا ڕوویانداوە. ئەمانەش لە هزر و بیری پیرەمێرددا ڕەگیان داکوتاوە و بوونەتە بابەتی شیعری. بەدر شاکر سەیابیش لە شیعرەکانیدا هەوڵی زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی خۆی داوە. بەشێک لە شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو کەلتوورەن و هەوڵی داوە لە بیر و هۆشی خەڵکیدا زیندوویان بکاتەوە و ببێتە مایەی شانازی نەتەوەکەیان.

هەورامانەی کێڵێ

مێژوو و قارەمانێتی سیحری تایبەتی خۆی هەیە لە لای شاعیر، لە میانی ئەوەوە کە زۆرێك لە خواستەکانی ناتوانێت لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بە دەست بهێنێت، ئەوا شاعیری نامۆ هاوسەنگی لە نێوان ڕابردوویەك کە دەوڵەمندە بە حیکمەت و نامۆ نییە لە گەڵ ئێستایەکدا کە پڕە لە ناخۆشی و نامۆیی دروست دەکات. (جعفر، ۱۹۹۹: ۲۵٦)

لە قەسیدەی «ارم ذات العماد» چیرۆکی خۆشەویستیی «عنتره وعبله»دا دەقۆزیتەوە و دەڵێت:

في عالم النعاس، ذاك عنتر يجوب/ دجى الصحارى إن حي عبلة المزار. (السياب، ۲۰۰۰: ٦۰٤)

لە هەمان قەسیدەدا دەڵێت:

يا صدى أراجع/ أنت من المقابر الغريبة؟/ أحس في الصدى/ برودة الردى/ أشم فيه عفن الزمان والعوالم العجيبة/ من إرم و عاد. (۲۰۰۰: ٦۰۵)

لەم قەسیدەیەدا چیرۆکیك دەگێڕێتەوە، کە باپیری لە منالّی بۆی گێڕاوەتەوە، دەربارەی تەجروبەیەکی بێنراوی شاری ئیرەمی ئەفسانەیی دواوە. «سەیاب وێنەی نامۆیی بەردەوامی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە بۆ خۆشبەختی و هەوڵی بەردەوامی بۆ دۆزینەوەی واتای بوونی خۆی، کە زۆر کات لاوازی جەستەی ڕێگرە لەگەیشتن بەو بوونەی خۆی» (بلاطه، ۱۹۸۹: ۱٤٦ - ۱٤۷). کەسایەتییە مێژوویییەکان و ئەفسانەییەکان بەشێکی گرنگی کەلەپووری هەر نەتەوەیەکن. ئەو کەسایەتییانەش یا خۆد ئایینین یا مێژوویی یا ئەفسانەیین، شاعیر شانازییان پێوە دەکات و لە شیعرەکانیدا بە کاریان دەهێنێت. ئەمەش لە ڕابردوو دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئێستا و خۆی بەوان دەچوێنێت، وەك کەسایەتییەکانی سندباد و قابیل و هابیل و کەسایەتیی پیرۆزی پیغمبەری خوا محمد (سەلامی خوای لەسەر بێت)، کەسایەتیی حەزرەتی ئەیوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەموو ئەمانە نموونەی شیعرین لە لای سەیاب. یەکیك لەو کەسایەتییە مێژوویی و ئەفسانەییانەی کە لە شیعرەکانیدا بە کاری هێناوە «سندباد»ە، خۆی بەو دەچوێنێت و «وادەبینێت کە سندبادە، شکست خواردو و کەساسە، خوای دەریا دیلی کردووە لە قەڵایەکی ڕەشدا، داوا لە خێزانە بەوەفاکەی دەکات کە چاوەڕوانی نەکات و ئیتر ئەو ناگەڕێتەوە» (عشری زاید، ۲۰۰٦ :۷۸- ۷۹). لە قەسیدەی «رحل النهار»دا دەڵێت:

ها إنه انطفأت ذبالته على أفق توهج دون نار/ و جلست تنتظرين عودة سندباد من السفار/ و البحر يصرخ من ورائك بالعواصف و الرعود/ هو لن يعود/ أو ماعلمت بأنه أسرته آلهة البحار/ فى قلعة سوداء في جزر من الدم والمحار/ هو لن يعود/ رحل النهار/ فلترحلي، هو لن يعود (السياب، ۲۰۰۰: ۲۲۹/۱).

۵-۲-۲- یادی زیندووکردنەوەی ژیاری ونبوو

نوستالژیا بابەتێکە مرۆڤ لە کۆنەوە هەستی پێکردووە، ئەوەش بابەتی ونبوونی ژیار و شارستانییەتەکانی کۆنە. هۆکاری ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوەی مرۆڤەکان و کەمبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی مادیدیەت و ژیانی شارستانییەتی. ئەم هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی کە خانووی بەرد جێگای سروشتی جوان بگرێتەوە. گەڕانەوە بۆ شارستانییەت و ژیار و فەرهەنگی کۆنی کوردی بەشێکە لە شیعری تازەی کوردی، ئەمەش زیندووکردنەوەی کۆنە لە ئێستادا. چونکە کۆن تەنها لە ئێستادا زیندوو دەکریتەوە. پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی بەردەوام هەوڵی زیندووکردنەوەی ژیاری کۆن و ونبووی کوردی داوە. لەوانەش گەڕانەوە بۆ ژیانی کۆچەری (هەوارگەی جافان و جەژنی نەتەوەیی نەورۆز) دیارترین ئەو شیعرانەن کە پیرەمێرد زۆر یادیی کردوون و کاریگەری لەسەری جێهێشتووە. سەبارەت بە نەورۆز لە منداڵییەوە *نەورۆزنامەی* خوێندووتەوە و لە بیر و دەروونیدا چەسپاوە. ئەمەش کاریگەری لەسەری جێهێشتووە و بەردەوام هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ژیارە کۆنەی کوردی داوە. دواتر پیرەمێرد توانی ئەو جەژنە نەتەوایەتییە زیندوو بکاتەوە و بیکاتە جەژنێکی نەتەوەیی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ زیندووبوونەوەی ئەو ژیارە کۆنە لە ئێستادا.

ئەمـــرۆژی ســـاڵی تـــازەیە، نـــەورۆزە هـــاتـــەوە جەژنێکـــی کۆنـــی کـــوردە، بەخۆشی و بە هاتەوە
(پیرەمێرد، ۱/۲۰۰۹)

هەواڵنامەی کتێب

مێژووی نەورۆز لە بیری پیرەمێرددا هەر ماوەوە، بۆیە دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان بەردەوام یادی کردووتەوە. ئەمەش بوونی خۆشەویستنی ڕابردووە لای پیرەمێرد و بوونی نوستالژیایە لە ئیلهامی شیعری ئەودا.

چەندساڵ، گوڵی هیوای ئێمە، پێ پەستبوو، تاکوو پار هەر خوێنی لاوەکان بوو، گوڵی ئاڵی نێو بەهار
(۲۰۰۹: ۱۵۳)

جگە لەم مێژووە، ژیاری کۆنی کورد بەشێکی خۆی لە ڕەوەندی دەبینێتەوە، کە هەست و بیری پیرەمێرد دەخاتە جۆش و وایلێدەکات بەردەوام بیری ئەو ژیارە فەوتاوە بکات و لە ڕابردووەوە بیهێنێتەوە ئێستا و ئاواتی بۆ بخوازێت.کاتێک کە باسی ئەو ژیارە دەکات، وێنەیەکی هونەریی جوان دەنەخشێنێت و خوێنەر دەباتەوە نێو ژینگەیەکی سرووشتی دوور لە مادییەت و ماڵی بەردین.

بۆچـــی نانوێنـــی، وێنـــەی فۆتۆگـــراف وێنـــەی شیرینـــی، نازدارانـــی جـــاف
نموونـــەی دەستـــی، پەروەردگـــاربوون بـــەدەوری تـــۆدا، گوڵـــی بەهـــاربوون
(۲۰۰۹: ۱۸٤/۱)

وێنەکانی ڕابردوو بەشێکن لە ژیاری ونبووی ژیانی کۆچەری کورد، «نازدارانی جاف» وێنەی ڕابردووی ئافرەتی کۆچەری کوردن، بەزم و سازی شەوانی ژیانی کۆچەری جافان و دەنگی ئەسپ و مایین بازی ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر دەروونی پیرەمێرد جێهێشتووە.

دەنگی نەکیسا و بەزمی خوسرەویی — لای محمود پاشا ئەکەوتە نەوی
ئاوازەی باز و سەقڕ و باڵەبان — حیلەی مایین و ئەسپی کحێلان
(٢٠٠٩: ١٨٤)

شاعیر هەست بەوە دەکات کە ئەوەی کورد هەیەتی هەمووی شانازی و مەردایەتییە. بەجۆرێك کاریگەری لەسەر دروستکردووە مردنی ئەو ژیارە بە مردنی خۆی دەزانێت. بۆیە ژیاری ئێستا بە «درِك و دالّ و قەلەرەش» دەچوێنێت کە هەموو نیشانەی مەرگ و وێرانین، شوێنی ئەو ژیارە کۆنە خۆشەیان گرتۆتەوە کە هەبووە:

ئەو درِک و دالّە و ئەو قەل و دالّە — جێگیرن لە شوێن ئەو گەورە مالّە
(٢٠٠٩: ١٨٥)

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە پیرەمێرد هەستی بە خەم و دڵتەنگی کردووە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو ژیارە لە دەستچووە و ئەو کەلتوورەی کە پێشتر هەبووە جارێکی تر ناگەڕێتەوە، لە تواناشماندا نییە بیگەڕێنینەوە. چوونکە مادیەت بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا زاڵ بووە و ئەو شارستانییەتە کۆنە بۆتە بەشێک لە ڕابردوو. گەڕانەوە بۆ ڕابردووی کۆن و شانازی کردن بەو ڕابردووە خەسڵەتێکی ڕۆمانسیزمەکانە، کە ئاڕەزووی گەڕانەوەیان بۆ شارستانییەتە کۆنەکانی سەردەمی یۆنان و ڕۆمانییەکان دەکرد. ئەم کاریگەرییە لە سەر شیعری عەرەبیشدا بەدیدەکرێت، کە یادی ڕۆژگارە پڕ لە سەروەری و شکۆمەندییەکانی سەردەمی پێغمبەر (سەلامی خوای لە سەر بێت) و سەردەمی فتوحات و بەهێزبوونی موسڵمانانیان دەکرد لە سەردەمی خەلافەتەکاندا. شاعیرانی عەرەب هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو شارستانییەتەیان دەدا کە لەدەستیان دابوو، کە پڕ بووە لە سەخاوەت و ئازایەتی و کەرامەت و عیززەت. سەیاب لە قەسیدەی شیعری «فی المغرب العربی» ئەمە بەیان دەکات و دەڵێت:

قرأت اسمي على صخرة.../ وبين اسمين في الصحراء/ تنفس عالم الأحياء/ كما يجرى دم الأعراق بين النبض والنبض/ ومن آجرة حمراء ماثلة على حفرة/ أضاء ملامح الأرض بلا ومض.
(السياب، ٢٠٠٠: ١/٤٠٠-٤٠١)

لەم شیعرەدا سەروەریی عەرەب و ئیسلاممان پێشان دەدات. بەڵام لە ئێستادا بۆتە گۆڕستان و شوێنی ئەو هەموو سەروەرییەی گرتۆتەوە کە پێشتر هەبووە. کە واتە لەم شیعرەدا «دەربارەی سەروەری ئیسلام دەدوێت، کە تەنها شوێن پێیەکانی ماوە، کە گوزارشت لە سەروەریی ڕابردوو و

شەرمەزاری ئێستادا دەکات» (حاوی، ۱۹۸۳: ۹۷-۹۸). هەموو ئەمانەش وەك گۆڕستانیان لێهاتووە کە مێژووی عەرەبی تێیدا نێژراوە. دەڵێت:

فنحن جميعا أموات/ أنا و محمد و الله/ و هذا قبرنا: أنقاض مئذنة مغفرة/ عليها يكتب اسم محمد و الله/ على كسرة مبعثرة/ من الآجر والفخار (السياب، ۲۰۰۰: ۳۹۵).

هەروەها باسی شارستانییەتی کۆنی عێراق و خواکانی کۆنی سەردەمی بابلی و ئاشوریيەکانیش دەکات وەك *تموز* و *أتيس* و *عشتار* لە قەسیدەی شیعری «رؤيا فی عام ١٩٥٦» دەڵێت:

تموز هذا أتيس/ هذا، وهذا الربيع/ ياخبزنا يا أتيس/ أنبت لنا الحب وأحي اليبيس/ التأم الحفل و جاء الجميع (٤٣٤).

شاعیر هەوڵی داوە کەلتووری نەتەوەکەی کە مایەی شانازین زیندوو بکاتەوە و لە یادی خەڵکیدا بیهێڵێتەوە، چونکە کەلتوور بەشێکە لە شارستانییەت و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك. سەیابیش هەستی بەوە کردووە کە هەر نەتەوەیەك کەلتوور و شارستانییەتی لە بەین بچێت ئەوا وەکوو گەردێکیان لێدێت کە لە بیابانەدا بادەیبات و دەیهێنێت.

۶- ئەنجام

فەلسەفەی نوستالژیا بەشێکە لە هەستی مرۆڤەکان و پەیوەستە بە ژیانیانەوە. هەر دوو شاعیر پیرەمێرد و سەیاب هەستیان بەم دیاردەیە کردووە و لەگەڵیدا ژیاون، ئەمەش وایکردووە لە شیعرەکانیاندا ئەم هەستە دەربڕن. هەر دوو شاعیر بەو پێیەی کە نوێخواز بوونە، توانیویانە سوود لەو ڕەوتە تازانە وەربگرن کە هاتونەتە نێو ئەدەبەوە، هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتەکەیان داوە. هەرچەندە نێوانی تەمەنیان زۆر بووە، پیرەمێرد زووتر ئەم جۆرە شیعرانەی نووسیوە، بەڵام لە ڕووی نوستالژیاوە هاوشێوەی یەکن ئەمەش بۆ ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەگەڕێتەوە کە بنەماکانی یەکێکن. هۆکاری دروستبوونی نوستالژیا لەلای هەر دوو شاعیر، دوورکەوتنەوە لە وڵات و زێدی لە دایك بوونە، هەروەها تێکچوونی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە نێوچوونی ژیاری نەتەوەیی هۆکارێکی تری بوونی نوستالژیایە لە شیعری هەر دوو شاعیردا.

پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا نوستالژیای منداڵ و خێزان و دایك بەدێناکریت، هەرچەند منداڵی هەبووە و لە تورکیادا بە جێهێشتوون، بەڵام یادیان ناکاتەوە و شیعری بۆیان نەوتوە. بە پیچەوانەوە سەیاب زۆر بە قوولی یادی خێزانەکەی، «اقبال»، دەکاتەوە، یادی منداڵەکانی بە تایبەت «غیلانی» کوڕی دەکاتەوە، شیعری بۆ دەچڕێت، خەمی گەورە و کۆستی گەورەی ئەوانن. نوستالژیای نیشتمان لای دوو شاعیر جیاوازە؛ لای پیرەمێرد نیشتمان کوردستانە، لای سەیاب نیشتمان

عێراقە بەگشتی. لای پیرەمێرد شاری سلێمانی مایەی ئارامی بەخشینە و بیری دەکات و یادگارییەکانی لەوێ جێهێشتووە. بەڵام لای سەیاب «جیکۆر» ئەو لادێیەیە کە بە تەواوی بیر و هۆش و هەستی لە غوربەت داگیر کردووەوە ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆی. چونکە هەموو یادگارییەکانی منالّی لەوێ جێهێشتووە. هەر دوو شاعیر خەمی کەلتوور و ژیار و شارستانییەتی نەتەوەکەیان دەخۆن و هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو کەلتوور و مێژووە کۆنە دەکەن کە پێشتر مایەی شانازییان بووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەر دوو شاعیر کێشەی دیاریکردنی ناسنامەی خۆیان هەیە، بۆیە پەنایان بردووتە بەر زیندووکردنەوەی ژیاری نەتەوەیی و کەلتووری تا بتوانن ناسنامەی خۆیان و نەتەوەکەیان دیاری بکەن.

هەوالّنامەی کێبڕ

سەرچاوەکان

کوردی:

بێکەس، شێرکۆ (۱۹۸۸). *دەربەندی پەپوولە*. سلێمانی: چاپخانەی بێسارانی، چ۳.

جەبار، ئاسۆ (2004). «مۆدێرینە حیکایەتەکان». گۆڤاری *رەهەند*، ژمارە ۱۷-۱۸.

قادر، سەعدی سەرکەوت (۲۰۱۰). *نامۆیی لە رۆمانەکانی سەڵاح عومەردا*. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین. کۆلێژی پەروەردەی هەولێر.

مەلا کەریم، محمد،() *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەریس و فاتیح مەلاکەریم. بغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

ئاشنا، ئومێد (۲۰۰۹). *کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی پیرەمێرد*. هەولێر: دەزگای ئاراس، چاپی دووەم.

--- (۲۰۰۹). «دیوانی پیرەمێرد». گۆڤاری *ژیان*، ژمارە ٤٨٣.

عەرەبی:

ابن منظور، محمد بن مكرم (۱۹۸۸). *لسان العرب*. بيروت: دار إحياء التراث العربی.

إسماعيل، عزالدين (۱۹۸۸). *الشعر العربی المعاصر قضاياه و ظواهره الفنية و المعنويه*. بيروت: دارالعوده. الطبعه الخامسه.

بدوی، عبده (۱۹۸٦). *قضايا حول الشعر*. الكويت: ذات السلاسل.

بلاطه، عيسى (۱۹۸۱). *بدرشاكر السياب حياته وشعره*. بيروت: دار النهار للنشر، الطبعة الثالثة.

بلوحی، محمد (۲۰۰۰). *الشعر العذري في ضوء النقد العربي الحديث*. دمشق: اتحاد الكتاب العرب.

حاوی، ايليا (۱۹۸۱). *بدر شاكر السياب شاعر الاناشيد والمراثي*. بيروت: دار الكتاب اللبناني، الطبعة الثالثة.

حسن فهمی، ماهر (۱۹۸۱. *الحنين و الغربة في الشعر العربي الحديث*. الكويت: دار القلم، الطبعة الثانية.

حلبی، احمد طعمة (۲۰۰۷). *التناص بين النظرية و التطبيق شعر البياتی نموذجا*. دمشق: الهيئة العامة السورية للكتاب.

هەوالنامەی ڕێنێر

حمود، محمد العبد (١٩٩٤). *الحداثة في الشعر العربي المعاصر بيانها و مظاهرها*. بيروت: الطبعة الثانية.

راضی جعفر، محمد (١٩٩٩). *الاغتراب في الشعر العراقي*. دمشق: اتحاد الكتاب العرب.

ريتشارد، شاخت (١٩٨٠). *الاغتراب*. ترجمة كامل يوسف حسين. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية.

زامل، صالح (٢٠٠٣). *تحول المثال- دراسة لظاهرة الاغتراب في شعر المتنبى*. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر.

السياب، بدر شاكر (٢٠٠٠). *ديوان*. (المجلد الأول و المجلد الثانى). بيروت: دار العودة.

الشاروقى، حبيب (١٩٧٩). *الاغتراب فى الذات*. الكويت: عالم الفكر.

عشرى زايد، على (٢٠٠٦). *استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر*. القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع.

العشماوى، محمد زكى (١٩٨٦). *دراسات في النقد الادبي المعاصر*. بيروت: دار النهضة العربية.

المغنيه، احمدجواد (٢٠٠٤). *الغربة في شعر محمود درويش*. بيروت: دار الفرابى.

هەواڵنامەی کتێب

فارسی:

آریان‌پور، منوچهر (۱۳۸۰). *فرهنگ پیشرو آریان پور*. تهران: جهان رایانه.

باطنی، محمدرضا (۱۳۸۰). *فرهنگ معاصر انگلیسی – فارسی*. تهران: فرهنگ معاصر.

فورست، لیلیان (۱۳۸۰). *رمانتیسم*. ترجمه مسعود جعفری. تهران: مرکز.

نفیسی، سعید (۱۳۷۵). *فرهنگ فرانسه به فارسی*. تهران: انتشارات صفر علیشاه، چاپ هفتم.

پژوهشنامه ادبیات کردی دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

کێشەی مۆرفیم و پۆلێن کردنی: تۆێژینەوەیەکی وشەسازانە

حۆسین ڕەسوول [I]
پرفێسۆری زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر

ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز [II]
مامۆستای یاریدەدەری زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر

تاریخ دریافت: ۲۱ اردیبهشت ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۳ مرداد ۱۳۹۸؛ صص ۲۳۱-۲۵۹

چکیده

تأکید بر تکواژ از سوی دانشمند آمریکایی، بلومفیلد، جنبش تازه‌ای را در پژوهش‌های مربوط به ساختواژه ایجاد کرد و زمینه‌های پیدایش شاخه‌ی تازه‌ای را از مورفولوژی و فراموشی شاخه‌های ریشه‌شناسي لغات (اتیمولوژی) و واژه‌شناسي (لکسیکولوژی) را به وجود آورد؛ افزون بر این امیدها را در دل زبان‌شناسان زنده ساخت که معیاری برای معنا کشف شده است که مشکلات واژه را حل می‌کند. اما اگر به دقت به مسأله‌ی تکواژ، تعریف، ساختار و طبقه‌بندی‌های تکواژ توجه کنیم، کمبودهای زیادی به چشم می‌آید و با تکیه بر دستور زبان سنتی زبان‌شناسی را دچار چندین اشتباه کرده است. همین امر باعث شده است که بیشتر به جنبه‌ی ظاهری و مشکلات در صدای تکواژ اهمیت داده شود و محتوا و جنبه‌ی معنایی آن فراموش گردد. این پژوهش چگونگی پیدایش مسأله‌ی تکواژ را مورد بحث و بررسی قرار می‌دهد. همچنین تلاش‌هایی را که برای طبقه‌بندی انواع و اصلاح آنها صورت گرفته، همراه با مشکلاتی که در ساختار تکواژ وجود دارد و به دنبال آن، مطابقت و تفکیک تکواژ، واژه و اقسام حروف را مورد بررسی قرار می‌دهد.

واژگان کلیدی: مورفیم، طبقه‌بندی، واژه‌سازی، زبان‌شناسی

کورتە

دۆزینەوەی مۆرفیم لە لایەن زانای ئەمریکی بلومفیلد جوولەیەکی نوێی خستە توێژینەوە وشەسازییەکان و بووە هۆی سەرهەڵدانی لقی تازەی مۆرفۆلۆژی و فەرامۆش کردنی لقەکانی ئیتیمۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی. لە لایەکی تریشەوە، ئەو هیوایەی خستە دڵی زمانەوانان کە یەکەیەکی پێوان بۆ واتا دۆزرایەوە و کێشە و گرفتەکانی وشەی چارەسەر کرد. کەچی گەر بە وردی سەرنجی بیردۆزەی مۆرفێم و پێناسە و پێکهاتە و پۆلێن کردنەکانی مۆرفێم بدەین، کەموکۆڕی زۆرمان دەکەوێتە بەرچاو و بە پشتبەستن بە ڕێزمانی لاسایی کەرەوە زمانەوانانی تووشی چەندین هەڵە کردووە و پتر بایەخ بە لایەنی ڕوخسار و کەرەسە دەنگییەکانی مۆرفێم دراوە و لایەنی ناوەرۆك و واتاکەی فەرامۆش کراوە. ئەم توێژینەوەیە باس لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی بیردۆزەی مۆرفێم دەکا و ئەو هەوڵانەی کراون لە پۆلێن کردنی جۆرەکانی و ڕاست کردنەوەیان، لەگەڵ ئەو گرفت و کێشانەی لە پێکهاتەی مۆرفێمدا هەن و دواتریش بەراوردکردن و جیاکردنەوەی مۆرفێم و وشە و ئامراز.

وشە سەرەکییەکان: مۆرفێم، پۆلێن کردن، وشەسازی، زمانناسی

هەوالنامەی کێش

[I] abdulla.raswl@su.edu.krd

[II] rezhna.azeez@su.edu.krd

۱- پێشەکی

هەر زانستێك بریتییە لەو بابەتەی لە ڕوخسار و ناوەرۆکی کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە. وشەسازیش وەك هەر زانستێك لە فۆرم و واتای کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا بە پێویست زانرا، کەرەسە سەرەکییەکانی وشەسازی کە مۆرفیمە بە شێوەیەك پۆلێن بکەین، کە دووبارەکردنەوەی ڕێبازی ڕێزمانی لاساییکەرەوە[1] نەبێ و بتوانرێ، لایەنە دەرنەکەوتووەکان یان باسنەکراوەکانی ڕوخسار و ناوەرۆکی مۆرفیم بخرێنەڕو.

زمانەوانە کوردەکان لە بەرهەمە ڕێزمانییەکانیان بە گشتی و بەرهەمە وشەسازییەکانیان بەتایبەتی درێغییان نەکردووە لە پۆلێنکردن و خستنەڕووی کەرەسەکانی وشەسازیی زمانی کوردی و جۆرەکانیان، بەڵام ئەوەی سەرنجدەدرێ، تێکڕای ئەو سەرچاوانە پەیڕەوی ڕێزمانی لاساییکەرەوەیان کردووە و هاوشێوەی «Traditional grammar»ی ئینگلیزی و «القواعد التقلیدیة»ی عەرەبی تاوتوێکردنی کەرەسەکانیان لەیەك دەچن. ئەوەی پۆلێنکردن و تاوتوێکردنی ئەم بەرهەمە لەوانی پێشتر جیادەکاتەوە، لە کێشەکانی مۆرفیم و پۆلێنکردنەکانی دەکۆڵێتەوە و بە وردی و بەبێ لاساییکردنەوەی ناپێڕەوبەندانە[2] یەکالایانەکاتەوە.

۲ـ مۆرفیمەکان

بیرکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان وشەکان بە گشتی و ناوەکان بەتایبەتی لەگەڵ ناوەرۆك یان واتاکانیان، واتە، پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژوو و فەیلەسوفە یۆنانییەکان. وەك لە پەرتووکی کراتیلۆسی[3] ئەفلاتوندا (بالمر، ۱۹۸۱: ۱۵) هاتووە، کە تیایدا گفتوگۆ لەسەر بیر و ڕاکانی سوکراتی مامۆستاکەی دەکا، کە تیایدا هاوڕان لەسەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو پەیوەندییەکی سرووشتییە، یان خودیە (انیس، ۱۹۷٦: ٦۲). بۆ نموونە: دەربڕاوی زنجیرە دەنگی «گوڵ» هەر لە سرووشتدا، یان لە خودی خۆیەوە واتای «گوڵ» دەدا. بەڵام ئەرستۆی قوتابیی ئەفلاتون لەو باوەڕەدابوو کە پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو یان وشە و واتاکەی پەیوەندییەکی نەریتییە، واتە؛ کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتوە (Stork and Widdowson, 1974: 116). بۆ نموونە: تێکڕای کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر ئەوە ڕێکن کە بە گوڵ بڵێن: گوڵ. هەڵبەتە ئەو مشتومڕی سرووشتی و نەرێتییە زۆر جار بە شێوەیەك لە شێوەکان تاوتوێدەکرایەوە، تاکوو فردیناد دی سۆسێر کۆتایی بەوە هێنا، بەوەی ڕوونیکردەوە کە پەیوەندیی

[1] Traditional Grammar.
[2] Non-systematic.
[3] Cratylus.

نێوان ناو (ئاماژەکەر)[1] و واتا (ئاماژەپێکراو)[2] پەیوەندییەکی لەخۆوەیە[3] (دوسوسور، ۱۹۸۵: ۱۲٤).

دەربارەی ناو و ناولێنراو، یان ئاماژە و ئاماژەپێکراو بەردەوام بۆچوونی جیاواز هەبوون، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەرەسەی واتا، چونکە واتا کەرەسەیەکی نەپێوراوی دەرجەستەیە. وشە پێکهاتووە لە دەنگ و واتا، دەنگ کەرەسەیەکی بەرجەستەیە و یەکەی پێوانی هەیە، بەڵام واتا هیچ یەکەیەکی پێوانی نییە. بۆیە هەندێ لە زمانەوانانی وەك لیۆنارد بلۆمفیلد و هاوڕاکانی بە توندی دژی سەرقاڵ بوون بە واتا بوون. لە ژێر کاریگەریی دەروننasیسیی ئەزموونگەریی سەر بە پاڤلۆڤ و سکینەر، هەڵگری ئەو بیرۆکەیە بوون کە واتا وەك کەرەسەیەك لە ئارادا نییە، بەڵکوو زنجیرە دەنگەکان یان کارتێکەرن[4]، یان کاردانەوە (reaction) (أولمان، ۱۹۷۳: ۱۸ـ۱۹). کاتێك منداڵێك برسی دەبێ، برسیبوونەکە کارتێکەرە (s) و وا لە منداڵەکە دەکا بە دایکی بڵێ: برسیمە. وشەی «برسیمە» بۆ منداڵەکە کاردانەوەیە (R) و بۆ دایکەکەی دەبێتە کارتێکەر (s)، دایکەکە خواردنێك دەدا بە منداڵەکەی دەبێتە کاردانەوە (r) بۆ داوای منداڵەکە. کەواتە دەشێ وشە کارتێکەر بێ، یان کاردانەوە، بەڵام ئەگەر کارتێکەریش بێ، کاردانەوەیە بۆ کارتێکەرێکی هەستی، چ هەستییەکە دەرەکی بێ یان ناوەکی:



ئەو کاردانەوانە لای بلۆمفید و هاوڕاکانی لە ڕێبازی زمانەوانیی ئەمریکی پشتیان بە لایەنی ڕوخساری وشە دەبەست بۆ دەستنیشانکردنی ناوەرۆکەکەی. لایەنی ڕوخسار واتە، لایەنە دەنگییەکەی، چونکە دەنگ کەرەسەیەکی ماددی بەرجەستەیە. بەڵام لایەنی ناوەرۆك کە واتایە،

[1] Signifier.
[2] Signified.
[3] Arbitrary.
[4] Stimulus.

کەرەسەیەکی دەرجەستەیە و یەکەی پێوانی نییە، بۆیە پێویستە فەرامۆشبکرێ و ناکەوێتە بەر ئەرکی تۆێژینەوەی زمانەوانی. بەم پێیە، بلومفیڵد وشە سادەکانی وەك «گوڵ، دار، بەرد، چیا، ڕوبار» ناونا «مۆرفیم». مۆرفیمیش بەوە پێناسە کرا کە: بچووکترین دانەی واتاداری زمانە (Bloom Feld, 1933: 178). گرفتی ئەو بیردۆزە یان بیرۆکەیە لەوەدایە، ناتوانرێ هەمو وشەکان بە کاردانەوەی هەستی لێکبدرێنەوە، چەندەها وشەی هۆشەکی هەن، لە ڕێگەی لێکدانەوەی هۆشەکی هاتوونەتە ئارا و کەمتر لەسەر بنچینەی هەستی ناوەکی و دەرەکی دروستبوون وەك خودا، ئەهریمەن، جنۆکە و دێو.

زمان دیاردەیەکە، بە هۆی هێما دەنگییەکانەوە (دوسوسور ، ۱۹۸۵: ٤٠) ئەرکی سەرەکیی گواستنەوەی مەبەست و پەیامەکانە لە مێشکی قسەکەرەوە بۆ مێشکی بیسەر. پەیامیش واتە، بیر و واتا. واتاش کەرەسەیەکی دەرجەستەیە (abstract)، ناپێوریّ و هیچ یەکەیەکی پێوان نییە بتوانرێ واتای پێی بپێورێ. لەبەر گرنگیی واتا لە وشەسازیدا، چونکە لای گرنگ و ڕووی دووەمی وشەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێ بخرێتە ژێر باری تۆێژینەوە، پێویستە بە شێوەیەك بپێورێ، یان هەر نەبێ یەکە ورد و درشتەکانی دەستنیشان بکرێن. دیارە گرفتەکە لەوەدایە کە واتا کەرەسەیەکی بەرجەستە نییە و نایێتە ژێر باری پێوانەوە، ئەمەش بوو، وای لە بلومفیڵد کرد، دژی باسکردنی واتا بوەستێ لە چوارچێوەی زمانەوانی و ناچاری کرد، بە دوای کەرەسەیەکی تردا بگەڕێ بۆ پێوانی واتا. بۆیە پەنای برد بۆ دیوەکەی تری وشە کە دەنگە و کەرەسەی بەرجەستە و پێوراوە و دەسەڵاتی تۆێژەری بەسەردا دەشکێ. بەم پێیە، ئەو زنجیرە دەنگانەی کە کورتترینن و بچووکترین بڕە واتا هەڵدەگرن، ناوی نان مۆرفیم.[1] ئەمەش وایکرد، بوترێ: مۆرفیم، بچووکترین دانەی واتاداری زمانە (Bloom Feld, 1933: 178). بەم پێیە، ئەگەر «سەر» مۆرفیمێك بێ و کورتترین واتایەك بدا، لە خۆی بچووکتر نەکرێتەوە. ئایا لە فۆرمی «سەرناکەوین»دا چەند مۆرفیم یان وردە واتای هەیە؟ (حوسێن ڕەسوول، ۲۰۱٤: ٦٧):



[1] Morpheme.

کەواتە، توانرا شەش وردە واتا (مۆرفیم) لە فۆرمەکە بدۆزرێنەوە. هەروەها لە وشەی «ئەمانبینێتەوە»دا دەتوانرێ، شەش مۆرفیم دەستنیشانبکرێن:



بەم پێیە، فۆرمەکانی «سەرناکەوین» و «ئەمانبینێتەوە» لە ئاستی وشەسازیدا وشەن، چونکە ئەو فۆرمانە لە ڕوخسار و ناوەرۆك (دەنگ و واتا)دا سەربەخۆن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ «ژمارەی مۆرفیمەکان تەریبە لەگەڵ ژمارەی وردە واتاکان» (زکریا، ۱۹۸۳: ۲۰۰). ئەو فۆرمە وردانە «سادەترین چەمك و کورتترین واتا دەرئەبڕن، کورت ناکرێن و لە خۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، ئەو کورتترین واتایانە کران بە یەکە بۆ پێوان و جیاکردنەوەی واتاکان. بە هەر یەکێك لەم فۆرمانەی هەڵگری بچووکترین واتان، ئەڵێین: مۆرفیم» (حوسێن ڕەسول، ۲۰۱٤: ٦٨). بەم جۆرە ئەو فۆرمانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، (گوڵ، دار، بەرد، چیا، ڕووبار) هەڵگری بچووکترین واتان و لە خۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، کەواتە، ئەمانە مۆرفیمن، لە هەمان کاتیشدا وشەی سادەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هەموو وشەیەکی سادە مۆرفیمە، بەڵام هەموو مۆرفیمێك وشە نییە، بەڵکوو (بە بچووکترین یەکەی ئەرك دانراوە لە وشەدا) (crystal, 1985: 198) . دۆزینەوەی مۆرفیم نەبووە هۆی «مردنی وشە» (عمر أمین، ۱۹۸٦: ۸)، بەڵکوو هەڵوێستی بوونی وشەی بەهێزترکرد، چونکە مۆرفیمی لێکدراو نییە و بە زۆری پتر لە مۆرفیمێك لە فۆرمەکاندا کۆدەبنەوە، کە زاراوەی وشە کۆیاندەکاتەوە.

۳- ئەلۆمۆرفەکان

ئەگەر مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاری زمان بێ و ناوەرۆکێکی هەبێ کە واتای مۆرفیمەکەیە، ڕوخساریشی هەیە، کە بریتییە لەو فۆرمەی واتاکەی هەڵگرتووە و دەیگوازێتەوە، بەڵام هەندێ جار ئەو ڕوخسارە بە چەند شێوەیەك یان چەند فۆرمیکی دەنگی خۆی دەنوێنێ، تەنانەت هەندێ جار نەبوونی فۆرمیکی دەنگی یان فیزیکی دەبێتە ئەو قاڵبە فیزیکییەی واتاکەی هەڵگرتووە و دەیگوازێتەوە:

ئەلۆمۆرف بەو شێوە جیاجیایانەی مۆرفیمێك دەوترێ، كە لە جغز و چوارچێوەی دیدا، ئەرك و دەوری مۆرفیم دەبینن. بە وێنە (ـ ەكە)ی ناسیاوی بە چەشنی جۆراوجۆر بەرچاودەكەوێ: (ـ ەكە)؛ (ـ یەكە)؛ (ـ یّكە)؛ (ۆكە)؛ (ـ ەك):

(ـ ەكە): كوڕەكە
(ـ كە): براكە
(ـ یەكە): برایەكە
(ـ یّكە): كانیّكە
(ۆكە): خانۆكە
(ـ ەك): كوڕەكان (حاجی مارف، ٢٠٠٤: ٦١)

كەواتە، ئەلۆمۆرف پتر لە شێوەیەكی دەربڕینە بۆ گەیاندنی هەمان واتا، یاخود واتایەك پتر لە فۆرمێكی دەربڕینی هەبێ. ئەگەر لە ئەلۆمۆرفەكان وردبینەوە، تێبینی چەند سەرنجێك دەكەین:

أ. ئەلۆمۆرفەكان مۆرفیمی بەندن و لە هەمان دۆخ و كەوتگەی وشەسازی دەرەكەون. چونكە ئەگەر مۆرفیمی سەربەخۆ هەمان واتا ببەخشن، دەبن بە وشەی سادە و پێیان دەوترێ: (هاوواتا- مرادف- synonym)، وەك (نوستن) و (خەوتن)، (ڕۆیشتن) و (چوون).

ب. لە ناو هەموو ئەلۆمۆرفەكاندا یەكێكیان مۆرفی ڕەسەنە و ئەوانی تر مۆرفی گۆڕاون. بۆ نموونە، لەو ئەلۆمۆرفانەی سەرەوە فۆرمی (ەكە) مۆرفە ڕەسەنەكە و فۆرمەكانی تر مۆرفی گۆڕاون.

پ. ئەلۆمۆرفەكان دوو جۆرن: هەندێكیان ئەلۆمۆرفی دەنگسازین، واتە، بە كاریگەریی دەنگەكانی دەوروبەری مۆرفەكە، گۆڕینی بەسەر ڕوخسار یان فۆرمی مۆرفەكەدا هێناوە.

(ـ ەكە): كوڕەكە ← كوڕ ەكە {هیچ گرفتێكی دەنگسازی نیە}
(ـ كە): براكە ← برا ەكە {بزوێنی (ە) سواوە چونكە بزوێنی (ا)ی لە پێشە}
(ـ یەكە): برایەكە ← برا یـ ەكە {ناوبڕی (یـ) زیاد بوە لەنێوان دو بزوێن}
(ـ یّكە): كانیّكە ← كانیـ ەكە {(ی+ە=ێ) دەنگی (ی) لەگەڵ (ە) دەبن بە (ێ)}
(ۆكە): خانۆكە ← خانو ەكە {(و+ە=ۆ) دەنگی (و) لەگەڵ (ە) دەبن بە (ۆ)}
(ـ ەك): كوڕەكان ← كوڕ ەكە ان {بزوێنی (ە) سواوە چونكە بزوێنی (ا)ی لە دوایە}

هەندێكی تریان ڕێزمانین و بە كاریگەریی ڕێزمانی و بۆ پاراستن و نەگۆڕانی واتای پێكهاتەكە ئەلۆمۆرفی بۆ دروستبووە. بۆ نموونە، ئەگەر ڕەگی (بوون) واتە، مۆرفیمی ئارایی لە كاری هەواڵدانی كاتی ئێستا دەركەوێ، كارەكە لە هەواڵدان دەگۆڕێ بۆ فەرماندان:

كوردە ← كورد +ـر + ە + ∅ كاری هەواڵدان ← كورد + بـ + ە + ∅ ← بۆ بە فەرماندان

هەرچەندە مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداراە، بەڵام بڕی واتاکە و فۆرمە هەڵگرەکانی سنووردار نیین و جۆراوجۆرن. بۆیە پۆلێنکردنیان کردارێکی ئاسایی نییە و ئەتوانرێ، لە چەند ڕوویەکەوە دابەشبکرێن (حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤: ٦٨ ـ ٦٩).

۴- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە

پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە یا خود فۆرمەوە، واتە، دابەشکردن و پۆلێنکردنیان لە ڕووی دەنگەکانەوە، ئەو دەنگانەی وەکو قاڵبێکی بەرجەستە و ماددی لە ئاخاوتن و نووسیندا دەرەکەون. ئەو پۆلێنە ئەو لایەنە دەنگییە دەگرێتەوە، کە هەستپێکراوە و دەتوانرێ وەك زنجیرە دەنگ بپێورێ. ئەو لایەنە بوو کە بلومفیلّد بۆ دەستنیشانکردنی مۆرفیم پشتی پێ دەبەست. بە پێی ڕوخسار، دەتوانرێت مۆرفیمەکان لە دوو لایەنەوە پۆلێنبکرێن کە بریتین لە لایەنی دەرکەوتن و دەرنەکەوتن، لایەنی سەربەخۆیی و بەندی.

۴-۱- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە

هەرچەند هەندێ زمانەوانان (Palmer, 1971: 112) دەرکەوتنی فیزیایی مۆرفیم دەکەن بە مەرج. واتە؛ دەبێ مۆرفیم بوونێکی فیزیاوی هەبێ و لە فۆنیمێ یان زیاتر پێکهاتبێ(۱۰). بەڵام لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە، مۆرفیمەکان دەبنە سێ جۆر کە بریتین لە دەرکەوتوو، دەرنەکەوتوو و نیمچە دەرکەوتوو:



یەکەم: مۆرفیمە دەرکەوتووەکان: ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە هەردەم فۆرمیکی بەرجەستەی دیاری فیزیاویان هەیە. قاڵبە فیزیاویەکەش بریتییە لەو دەنگانە یان پیتانەی واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن و بە ئاشکرا لە هەموو بارودۆخێکدا دەردەکەون. وەك:

سێو ـ ەکە ـ ی خوار ـ د.

ە ـ سوت ـ ڕۆ م.

کوشـ ـ تـ ـ مـ ت.

دووەم) مۆرفیمە دەرنەکەوتووەکان: دوو مەرجی گرنگ و سەرەکی هەن بۆ دەرنەکەوتنی مۆرفیم. واتە، بۆ ئەوەی مۆرفیمێك دەرنەکەوێ و ببێتە سفر (zero morpheme) پێویستە ئەو دوو مەرجەی تیادابێ:

۱ـ پێویستە ئەو مۆرفیمەی دەبێتە سفر، ئەندامێك بێ لە گرووپێك و لە هەر گرووپێك تەنیا ئەندامێك بۆی هەیە دەرنەکەوێ و ببێتە مۆرفیمی سفر؛

۲ـ پێویستە ئەو دەرنەکەوتنە نەبێتە هۆی تێکچوونی واتا و مەبەستی ئاخێوەر.

دەرنەکەوتن، واتای نەبونی مۆرفیمەکە نیە، بەڵکو لە ئاستی ناوەوە (Deep Structure) هەیە و هەست بەبونی ئەکرێ، بەڵام فۆرمێکی فیزیاوی (پیت/ دەنگ) لە ئاستی سەرەوەدا (Surface structure) نیە.

مۆرفیمە دەرنەکەوتووەکان، ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە هەرگیز فۆرمیکی بەرجەستەی دیاری فیزیاویان نییە. قاڵبە فیزیاوییەکەش بریتییە لەو دەنگانە یان پیتانەی واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن. بەم پێیە، مۆرفیمە دەرنەکەوتووەکان هیچ دەنگ یا پیتێکیان نییە کە لە ئاخاوتن یان نووسیندا نوێنەرایەتییان بکا و بە ئاشکرا لە هیچ بارودۆخێکدا دەرناکەون. هەبوونی واتایەکی دیار و هەستپێکراو و نەبوونی قاڵبێکی فیزیاوی بوونەتە هێمای ئەو جۆرە مۆرفیمانە. بۆیە، بە مۆرفیمی سفر[1] (crystal, 2003: 508) ناوبراون، بەو پێیەی ژمارە سفریش هەر ژمارەیە. وەك:

چـ ـ و ـ م / چـ ـ و ـ ی / چـ ـ و ـ Ø.

خوار ـ د ـ Ø ـ م / بـر ـ د ـ Ø ـ ت / کـر ـ د ـ Ø ـ ی.

هـا ـ تـ ـ م / هـا ـ تـ ـ ی / هـا ـ ت ـ Ø.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند تێبینییەك بکرێ:

تێبینی یەکەم: ئایا کەی مۆرفیم دەتوانێ ببێتە سفر؟ یان چ مۆرفیمیك بۆی هەیە ببێتە سفر؟ لە هەر گرووپێکدا (کراوە بێ یان داخراو) تەنیا یەك ئەندامی ئەو گرووپە بۆی هەیە ببێتە سفر. ئەمەش بۆ ئەوەیە، لێڵواتایی یان تێنەگەیشتن دروستنەبێ. بۆ نموونە لە گرووپی ژمارەکاندا، تەنیا یەك ئەندام سفرە، کە دەکەوێتە نێوان (ـ۱) و (+۱). لە گرووپی ڕاناوە لکاوەکانیشدا (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە دەستەی خاوەنی و (م، ی، ø، ین، ن، ن) لە دەستەی ڕێککەوتن، تەنیا کەسی

[1] zero morpheme.

سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن هەردەم سفرە و هەرگیز دەرناکەوێ. لە ڕووی ژیربێژیەوە (Logically)، کەسی یەکەم ئاخێوەرە و کەسی دووەم گوێگرە، ئەوەی دیار نییە، یان بەشدار نییە، کەسی سێیەمە، تاك بێ یان کۆ، بەڵام تەنیا ئەندامێك دەتوانێ ببێ بە سفر، بۆیە لە زۆر لە زمانەکان[1] کەسی سێیەمی تاك دەبێ بە مۆرفیمی سفر. ئاشکرایە، دەرنەکەوتنی بەردەوامی ئەندامی سێیەمی گرووپی ڕێککەوتن بوەتە هێمایەك بۆ کەسی سێیەمی تاك. واتە، لە شەش کورسیەکەی یان چاڵەکەی گرووپی ڕاناوەکانی ڕێککەوتن، بەردەوام کورسیی کەسی سێیەم بەتاڵە، بە بەراورد بە پێنج ڕاناوەکەی تر.

کەسی یەکەمی تاک: هـا ـ تـ ـ م	خـوار ـ د ـ Ø ـ م
کەسی دووەمی تاک: هـا ـ تـ ـ ی	خـوار ـ د ـ Ø ـ ت
کەسی سێیەمی تاک: هـا ـ تـ ـ Ø	خـوار ـ د ـ Ø ـ ی
کەسی یەکەمی کۆ: هـا ـ تـ ـ ین	خـوار ـ د ـ Ø ـ مان
کەسی دووەمی کۆ: هـا ـ تـ ـ ن	خـوار ـ د ـ Ø ـ تان
کەسی سێیەمی کۆ: هـا ـ تـ ـ ن	خـوار ـ د ـ Ø ـ یان

هەروەها کاری فەرماندان، ئەو کارەیە کە هەردەم کەسی یەکەم ئاڕاستەی کەسی دووەمی دەکا، کەسی دووەمیش ئەو کەسە فەرمانپێکراوەیە کە بەرامبەر کەسی یەکەمی فەرماندەرەکەیە، بۆیە لە ڕووی ژیربێژییەوە پێویست ناکا یەکێ لەو ڕاناوە لکاوانەی بۆ بەکاربێ کە لە دەستەی خاوەنی یا ڕێککەوتندا هەن، بەڵام لە نێوان کەسی دووەمی تاك و کەسی دووەمی کۆدا، کە گرووپێکیان پێکهێناوە، تەنیا یەکێکیان دەتوانێ ببێ بە سفر، ئەویش کەسی دووەمی تاکە:

بـ ـ یـ ـ گـر ـ ە ـ Ø. / بـ ـ یـ ـ گـر ـ ø ـ ن.

بـ ـ مـ ـ شێلـ ـ ە ـ Ø. / بـ ـ مـ ـ شێلـ ـ ø ـ ن.

تێبینی دووەم: دەرنەکەوتنی کەسی سێیەمی تاك زۆربەی زمانەوانە کوردەکانی دوچاری هەڵەتێگەیشتنێك کردووە و هەر مۆرفیمێك یان فۆنیمێك کەوتبێتە بەرامبەر ئەو چاڵە بەتاڵەی کەسی سێیەمی تاك، بە کەسی سێیەمی تاکیان داناوە، یان بوختانێکی تریان پێ کردووە. بەم پێیە چەند هەڵەیەکیان تۆمارکردووە. بۆ نموونە:

> لە ئەنجاما وا دەرئەکەوێ کە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك کە لەگەڵ کاری کاتی داهاتوودا دەرئەکەوێ بەلای کەمی ئەم شەش ئەلۆمۆرفەی هەیە:

[1] بۆ نموونە، لە زمانی عەرەبیدا دەوترێ: «ذهبت الی المدرسة. ذهبنا الی المدرسة»، بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکی نێردا دەوترێ: «ذهب الی المدرسة». هەروەها لە زمانی فارسیدا دەوترێ: (رفتم، رفتید، رفت).

ئەلۆمۆرف	یاسای دەرکەوتنی
ات	ئەگەر ڕەگ بە {ۆ} یا {ــە} کۆتایی هاتبێ
یێت	ئەگەر ڕەگ بە {ۆ} یا {ــە} کۆتایی نەهاتبێ
ا	بە یاسای لابردنی {ت}
یێ	بە یاسای لابردنی {ت}
ت	بە یاسای توانەوەی {یێ}
ø	بە یاسای توانەوەی {یێ} + لابردنی {ت}

(عومەر ئەمین، ۲۰۰۹: ۷۷)

تەنانەت لە لاپەڕەی دواتری هەمان وتار (لێکۆڵینەوەیێکی مۆرفۆفۆنێمی) (هەمان سەرچاوە: ۷۹) ژمارەی ئەلۆمۆرفەکان بووە بە دوو هێندە، کە لە بنەڕەتدا تەنیا (ø) مۆرفیمی سفرەکە نوێنەر یا هێمای کەسی سێیەمی تاکە و دەنگ یان پیتەکانی تر (یێت، یێ، ت، ات، ا، ە) (حاجی مارف، ۱۹۸۷: ۱۰٤ ـ ۱۵۵). هیچیان پەیوەندییان بە کەسی سێیەمی تاکەوە نییە. «یێ» مۆرفیمی کاتی داهاتووە و «ت» ناوبڕە بۆ کاتی پێویست، وەك:

هاتەوە ← دەهێتەوە...

هاتە هەولێر ← دەهێتە هەولێر...

هەرچی «ا»یە دیاردەیەکی فۆنۆلۆجیە و بە ڕۆڵی «ە» کۆتایی ڕەگی ئەو هەشت چاوگەیە:

چاوگ	ڕەگی بنەڕەت		یەکەمی تاك	دووەمی تاك	سێیەمی تاك	یەکەمی کۆ	دووەمی کۆ
ڕۆیشتن	ڕەوتەن	ڕوە	دەڕۆØم	دەڕۆیْی	دەڕواØØ	دەڕۆیْین	دەڕۆن
بردن	بەردەن	بە	دەبەØم	دەبەیْ	دەبیاØØ	دەبەیْین	دەبەن
کردن	کەردەن	کە	دەکەØم	دەکەیْ	دەکاØØ	دەکەیْین	دەکەن
خواردن	خوەردەن	خوە	دەخۆØم	دەخۆیْ	دەخواØØ	دەخۆیْین	دەخۆن
دان	دادەن	دە	دەدەØم	دەدەیْ	دەداØØ	دەدەیْین	دەدەن
شوشتن	شوەردەن	شوە	دەشۆØم	دەشۆیْ	دەشواØØ	دەشۆیْین	دەشۆن
هاژوشتن	هاژوەشتەن	هاژوە	دەهاژۆØم	دەهاژۆیْ	دەهاژواØØ	دەهاژۆیْین	دەهاژۆن
خستن	خستەن	خە	دەخەØم	دەخەیْ	دەخاØØ	دەخەیْین	دەخەن

هەوالنامەی کێبڕکێ

کە واتە، مۆرفیمی دەرنەکەوتوو لە زمانی کوردیدا ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە لە دەستەی ڕێککەوتن و هیچ ئەلۆمۆرفێکی نییە (م، ی، ø، ین، ن، ن)، لەگەڵ ڕاناوی کەسی دووەمی تاك لە ڕستەی فەرماندادا (ø، ن).

سێیەم-مۆرفیمە نیمچە دەرکەوتووەکان: ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە فۆرمێکی بەرجەستەی دیاری فیزیاویان هەیە. قاڵبە فیزیاویەکەش بریتییە لەو دەنگانە یان پیتانەی واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن و لە هەندێ بارودۆخدا دەردەکەون، بەڵام لە هەندێ باردۆخی تردا بە هۆکاری ژیربێژی دەرناکەون. واتە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو مۆرفیمانە دو ئەلۆمۆرفیان هەیە، یەکێکیان

دیارە و ئەوی تریان دەبێتە مۆرفیمی سفر و دەرناکەوێ. بە زۆری لە زمانی کوردیدا چەند مۆرفیمێکی لەم جۆرەمان هەیە، هەرە باوەکانیان وەك:

۱ــ مۆرفیمی ئارایی (بـ/ø): مۆرفیمی ئارایی (بـ)، یا خود ڕەگی چاوگی «بوون»، کە هەردەم واتای هاتنە ئارایی دەدا. ئەو مۆرفیمە چ وەکوو ڕەگی کاری سەرەکی، چ وەکوو مۆرفیمێکی یاریدەدەر هاوکاریی دارشتنی کارەکان دەکا و لە زۆربەی دەمکاتەکاندا دەرەکەوێ، تەنیا لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا نەبێ:

منالێك لە دایك بـــوو. *(وەك ڕەگی کاری سەرەکی دەرکەوتوە).*
تا پزیشکەکە گەیشتبـــوو، نەخۆشەکە مردبـــوو. *(وەك ڕەگی کاری یاریدەدەر دەرکەوتوە).*
گلۆپەکان دابـگیرسێنە و وانەکانت بـــخوێنە. *(وەك مۆرفیمی ئارایی فەرماندان دەرکەوتوە).*
باشـ ø م. باشـ ø ی. باشـ ø ە ø. *(لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا ڕەگی بون دەرناکەوێ).*

تێبینی سێیەم: هۆکارێکی ژیربێژی هەیە کە (بـ)ی ڕەگی «بوون» لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دەرناکەوێ. ئەرکی ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا گەیاندنی پەیامێکە کە لە کاتی ئێستادا لە ئارا دایە. ئەگەر مۆرفیمی ئارایی (بـ) یان ڕەگی بوون لەم ڕستانەدا دەرەکەوێ، واتایان دەگۆڕێ و دەبن بە ڕستەی داخوازی لە زۆربەی کەسەکاندا، جگە لە کەسی سێیەمی تاك، ڕستەکە دەگۆڕێ بۆ فەرماندانیش:

ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا		ئەگەر (بـ) دەرکەوێ واتای دەگۆڕێ
کوردم ← کورد + بـ + م	←	کوردم ← کورد + بـ + م ← بو بە داخوازی
کوردی ← کورد + بـ + ی	←	کوردی ← کورد + بـ + ی ← بو بە داخوازی
کوردە ← کورد + بـ + ە + ø	←	کوردە ← کورد + بـ + ە + ø ← بو بە فەرماندان
	←	کوردە ← کورد + بـ + ێ + ø ← بو بە داخوازی
کوردین ← کورد + بـ + ین	←	کوردین ← کورد + بـ + ین ← بو بە داخوازی
کوردن ← کورد + بـ + ن	←	کوردن ← کورد + بـ + ن ← بو بە داخوازی
کوردن ← کورد + بـ + ن	←	کوردن ← کورد + بـ + ن ← بو بە داخوازی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بەڵگە چییە کە ڕەگی بوون، واتە، مۆرفیمی ئارایی لەو کارانەدا هەیە؟ ئەگەر بەراوردی هەمان ئەو کارانە بکەین لە دەمکاتی جیاوازدا کەوتگەی مۆرفیمی ئاراییمان بۆ دەرەکەوێ:

دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی
مۆرفیمی ئارایی

ڕابوردوو	نیستا	داهاتوو/ مەرجی	فەرماندان
کورد بـ و ø	کورد ø ە ø	کورد بـ ی ø	کورد بـ ە ø
مامۆستا بـ و ø	مامۆستا ø ە ø	مامۆستا بـ ی ø	مامۆستا بـ ە ø
زیرەک بـ و ø	زیرەک ø ە ø	زیرەک بـ ێ ø	زیرەک بـ ە ø

تەنانەت هەندێك جار وەك «مۆرفیمی ئارایی فەرماندان»یش دەرناکەوێ و دەبێتە مۆرفیمی سفر: گڵۆپەکان داهێگیرسێنە و یاریەکانت هەڵهێگرە و پەڕتوکەکانت دەرهێنە.

۲ـ مۆرفیمی کاتی ئێستا (ه/Ø): لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك مۆرفیمی کات هەن. بۆ نموونە، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست پێنج ئەلۆمۆڕفی هەیە، مۆرفیمی کاتی ئێستا دو ئەلۆمۆڕفی هەیە و مۆرفیمی کاتی داهاتوو دوو ئەلۆمۆڕفی هەیە:



لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا مۆرفیمی «ه»ی کاتی ئێستا لەبەر ئەوەی کورتترین بزوێنە و لە گۆکردندا ناسکە، ئەگەر لە ڕستەدا ڕاناوێی لکاوی دەرکەوتوی بەدوادا بێ، ئەو مۆرفیمە دەسوێ و دەرناکەوێ. تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، لەبەر ئەوەی ڕاناوی لکاو سفرە، ئەو مۆرفیمە دەرەکەوێ:

ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا

کورد م ← کورد + بم + ـم + م

کورد ی ← کورد + بم + ـم + ی

کورد ه ← کورد + بم + ـم + ه + Ø

کورد ین← کورد + بم + ـم + ین

کورد ن ← کورد + بم + ـم + ن

کورد ن ← کورد + بم + ـم + ن

دەرنەکەوتنی مۆرفیمی «ه»ی کاتی ئێستا لە کەسەکان جگە لە کەسی سێیەمی تاك، هەندێ لە زمانناسانی دەسخەڕۆ کردووە و تێکڕای ڕاناوەکانی دەستەی ڕێککەوتنی بە مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا داناوە: «لە سادەترین و لە بنجترین بەکارهێناندا، مۆرفیمی ئێسایی «ــە» لە شەش ڕێژەدا دەردەکەوێت (بابان، ۲۰۰٦: ٦۳).

مــن (م): ئێمە(ین)	مــن جوان (م): ئێمە جوان(ین)	من بۆ تۆ (م) : ئێمە بۆ تۆ (ین)
تۆ (یت): ئێوە (ن)	تۆ جوان (یت): ئێوە جوان (ن)	تۆ بۆ من (یت):ئێوە بۆ ئەوان (ن)
ئــەو (ە): ئەوان(ن)	ئەو جوان (ە): ئەوان جوان(ن)	ئەو بۆ من (ـە):ئەوان بۆ ئێوە (ن)
	سێت = (م، یت، ـە، ین، ن)	

ئەگەر مۆرفیمی کاتی ئێستا کەوتە سەرەتای کار وەك لە کاری ڕانەبوردوو و ڕابوردووی بەردەوام لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا دەرەکەوێ و لە دیالێکتی ژوورودا دەرناکەوێ:

من (د)ِە نو یـ م.	ئەز دِۆ نڤـ م.
تۆ سێوێک (د)ِە خۆ یـ ی.	تو سێڤەکی دِۆ خوە ی.
ئەو (د)ِە چـ یْ Ø.	ئەو دِۆ چـ ت.
ئێمە نامەمان (د)ِە نوسـ ی.	مە نامە دِۆ نڤیسـ ی.
ئەوان نانیان (د)ِە خوار د.	وان نان دِۆ خار Ø.

هەروەها لەگەڵ ئاوەڵناوی کراویش لە کاری ڕابوردووی تەواو هەمان سیمای کاری هەواڵدانی کاتی ئێستای هەیە. بۆ نموونە:

جۆر	ژمارەی کەس	ڕستە	ڕەگی کار	مۆرفیمی ڕابوردو	مۆرفیمی ئاوەڵناو	مۆرفیمی ئێستا	ڕاناوی لکاو/ توخم	
تێنەپەڕی یەکەی	(۱) تاك	وەستاوم	وەستـ	ا	و	Ø	م	ـم
	(۲) تاك	هاتوی	هـا	ت	و	Ø	ی	ـی
	(۳) تاك	دانیشتوە	دانیشـ	ت	و	ە	Ø	ـەر

هەواڵنامەی کێشە

بە هەمان شێوە تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەرکەوتووە. لە کەسەکانی تر دەرناکەوێ[1]:

جۆر	ژمارەی کەس	ڕستە	ڕەگی کار	مۆرفیمی ڕابوردو	مۆرفیمی ئاوەڵناو	مۆرفیمی ئێستا	ڕاناوی لکاو/توخم	
تێنەپەڕی بەرکاری	(۱) کۆ	ماوین	مـا	ا	و	Ø	ین	ـەرکـار
	(۲) کۆ	گۆڕاون	گـۆڕ	ا	و	Ø	ن	
	(۳) کۆ	مردون	مـر	د	و	Ø	ن	

۳ـ مۆرفیمی کاتی داهاتو (یْ/ Ø): مۆرفیمی (یْ/ Ø)ی کاتی داتوش یەکێکە لە مۆرفیمە نیمچە دەرکەوتووەکان، چونکە هەندێ جار دەرەکەوێ و هەندێ جار دەرناکەوێ:

لە کاری ڕانەبوردووی چاوگە تێنەپەڕە ئەلفیەکان و کارەکانی ڕانەبوردووی بکەرنادیار لە هەمو کەسەکان دەرەکەوێ:

[1] بڕوانە پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی.

چـــــاوگـــــی تـــێـــپـــــەڕ	تێنە پەڕی بکەری	چاوگی تێنە پەڕی بەرکاری
کوتان، پەستان، هەڵێنجان، دان، کێشان، پێکان، پێوان، شێلان، کێڵان، هێلان، نان، هێنان، ...	وەستان، چەرخان، دامەزران، گوزەران،	چەسپان، قەپان، ڕوتان، سوتان،
گرتن، گەستن، بێشتن، پاراستن، خواستن، خستن، پەرستن، ڕستن، گواستن، بەستن، بیستن، ویستن، لێستن، ناشتن، ڕشتن، چەشتن، هاژۆشتن، شوشتن، کوشتن، کرۆشتن،فرۆشتن، ڕۆیشتن، هاوێشتن، وتن، پەنداوتن، ناخاوتن، نەنگاوتن، پاڵاوتن، ...	تۆران، پاران-، سوڕان، گەڕان، لەوەڕان، سازان، کروزان، نوزان،	فەوتان، ترنجان، قنجان، گونجان، گرمخان، ڕوخان، خوران، شۆران، وێران، پچڕان، درێن، زڕان،
بژاردن، شاردن، ژماردن، ناردن، خواردن، بردن، کردن، بوردن، کەندن، خوێندن، ستاندن، ڕەتاندن، ڕیخاندن، چەراندن، درکاندن، تەکاندن، سەنگاندن، لاواندن، نواندن، خایاندن، قیژاندن، چیڕاندن، لوراندن، گرماندن، بۆراندن، زیڕاندن، زریکاندن، میاواندن، قیڕاندن، حیلاندن، نەڕاندن، شیڕاندن، فیکاندن، چریکاندن، جریواندن، لەنگاندن، چڕپاندن، گماندن، قاسپاندن، قوقاندن، پاچین، قاچین، شاخین، هارین، برین، چڕین، سڕین، سڕین، کڕین، گۆڕین، دزین، دۆزین، مژین، تۆژین، ناسین، واسین، پرسین، نوسین، تاشین، بەخشین، دۆشین، گوشین، لوشین، پۆشین، کۆشین، نۆشین، گلۆفین، مالین، کۆلین، زانین، سمین، توانین، ڕوانین، ڕنین، پشکنین، چنین، ناخنین، ژەنین، هۆنین، بینین، ...	گژان، ناڕسان، کاوان، دوان، خولان، جولان، ژیان، گریان، ڕامان،	گەڕان، ...
درون، سون، جون، هەنون، گرون، فەرمون،	هاتن، نوستن، گەیشتن، خەوتن، سردوتن، ...	چەسپان، قەپان، ڕوتان، سوتان،
	حەپین، لەوچین،	فەوتان، ترنجان، قنجان،
	بارین، زەرپین،	گونجان، گرمخان، ڕوخان، خوران،
	فڕین، پەڕین،	شۆران، وێران، پچڕان، درێن، زڕان،
	وەڕین، خورین،	دۆڕان، زان، ترازان، برژان، بۆرژان،
	نازین، گەوزین،	ڕژان، کوژان، شلەژان، هەژان،
	گرژین، خشین،	تاسان، پسان، ترسان، گیرسان،
	چەقین، جەنگین،	ناوسان، خەسان، خوسان، نوسان،
	ناڵین، کەنین،	نایسان، نەخشان، ترشان، ڕشان،
		کشان، داڕوشان، درەوشان، داوەشان،
		تلیشان، قڵیشان، ئێشان، لەقان،
		شلەقان، بریقان، تکان، بزرکان،
		شکان، لکان، دامرکان، خلیسکان،
		خنکان، تروکان، شەکان، پەشۆکان،
		توان، ڕوان، بزوان، شێوان، گوان،
		لوان، تلان، کولان، گلان، کولان،
		مان، ڕمان، ڕوخان، پەلمان، کران،
		دڵۆپان، ...
		بارین، خزین، ڕزین، لەرزین،
		بەزین، تەزین، تۆپین، تەقین،
		تۆقین، چلەکین، کۆکین، پژمین،
		گەنین، مەیین، خەملین، ...
		پشکوتن، کەوتن، ...
		بون، هەبون، ... مردن، ...

هەوالنامەی کێبڕکێ

دەسوڕێم، دەسوڕێی، دەسوڕێ.

دەسوڕێنڕێم، دەسوڕێنڕێی، دەسوڕێنڕێ.

دەشێوێم، دەشێوێی، دەشێوێ.

دەشێوێنڕێم، دەشێوێنڕێی، دەشێوێنڕێ.

بەڵام لە چاوگەکانی تر تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێ:

دەچـــەم، دەچـــەی، دەچـــێ.

دەیکێڵەم، دەیکێڵەی، دەیکێڵێ، دەکـێـڵـــرێ.

دەنـــوەم،	دەنـــوەی،	دەنـــوێ.	
دەیانهێنـەم،	دەیانهێنـەی،	دەیانهێنـێ،	دەهـێـنـرێ.

۴-۲- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی فۆرمەوە



دەتوانرێ لە ڕووی فۆرمەوە سێ جۆر لە مۆرفیمەکان جیابکرێنەوە:

یەکەم: مۆرفیمە فۆرم سەربەستەکان: ئەو مۆرفیمانەن، لە ڕووی داڕشتنەوە سەربەستن بە هیچ مۆرفیمێکی ترەوە نەنوساون و هیچ کەرەسەیەکی زمانیی تریان لە پێش و لە دواوە پێوە نەلکاوە. واتە، لە پێش و لە پاشیان بۆشایی (سپێس ـspace) هەیە. مۆرفیمە سەربەستەکان لە ڕیزمانی دێرێندا پێیان دەوترا «وشەی سادە». بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمە سەربەستەکان ناون بۆ ناوەرۆکێك، بۆیە؛ بەشێکی زۆری کۆمەڵەی وشەسادەکانی فرێزی ناوی دەگرێتەوە، وەك: (ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو)ە سادەکان و ئامرازە سادەکان دەگرێتەوە:

(ناو): ئازاد، بێری، گوڵ، بەرد، مەڕ، کەو، شەو، ڕۆژ، هەولێر، ڕوبار، ...

(ڕاناوە سەربەخۆکان): من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، هین، ...

(ئاوەڵناو): جوان، پاك، ژیر، سور، سپی، سست، گەرم، زبر، ترش، خێرا، ...

(ژمارە): یەك، دو، نۆ، دە، بیست، سەد، هەزار، ملیار، ...

(ئامراز): لە، بۆ، بە، و، کە، بەڵام، چونکە، کێ، کەی، چۆن، کو، کوا، چەند، ...

(ئاوەڵکارە سادەکانی کات): ئێستا، زو، درەنگ، دوایی، ...

(ئاوەڵکارە سادەکانی شوێن): لا، ژێر، سەر، خوار، تەنیشت، ...

دووەم: مۆرفیمە فۆرم بەندەکان: ئەو مۆرفیمانەن لە ڕوویداڕشتنەوە سەربەست نین و هەردەم بە پێشەوە یان دواوەی کەرەسەیەکی تری زمانی لکاون. ئەو کەرەسە سەرەکییەی چەق یان کرۆکی وشە داڕێژراوەکە دەگرێ، پێی دەوترێ مۆرفیمی تەوەرە (McCarus, 1958: 45). مۆرفیمە

بەندەکان لە ڕیزمانی دێرینداا پێیان دەوترا «گیرەك». بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمە بەندەکان دابەشی سێ بەش کراون:

(پێشگرەکان ــ Prefixes): پێشگرەکان ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە دەکەونە پێش مۆرفیمی تەوەرە.

(پاشگرەکان ــ Suffixes): پاشگرەکان ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە دەکەونە دوای مۆرفیمی تەوەرە.

مۆرفیمی تەوەرە، ئەو مۆرفیمە سەرەکییەیە کە واتای بنچینەیی وشەکەی لەسەر بەندە و بە گۆڕینی چەمکی بابەتەکە دەگۆڕێ. بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمی تەوەرە مۆرفیمێکی سەربەستە. واتە؛ وشەیەکی سادەیە. وەك: (گوڵ ← گوڵەکە ← گوڵەکان ← گوڵەکانمان)، مۆرفیمی سەربەستی گوڵ مۆرفیمی تەوەرەیە، چونکە واتای سەرەکیی وشەکانی لەسەر بەندە و بە گۆڕینی چەمکی بابەتەکە دەگۆڕێ. بۆ نموونە: (منااڵ ← منااڵەکە ← منااڵەکان ← منااڵەکانمان).

بەاڵم ڕەگی کار لە پێکهاتەی کاریدا وەك (چاوگ و کاری گەردانکراو)، مۆرفیمی تەوەرەی پێکهاتەکە کە ڕەگی کارە و واتای سەرەکیی بابەتەکەی هەڵگرتووە، مۆرفیمێکی سەربەست نییە و بەندە. واتە، ڕەگی کار هەردەم مۆرفیمێکی بەندە، چونکە هەرگیز بە تەنیا دەرناکەوێ. تەنانەت ئەگەر ڕەگی کار بە تەنیا دەرکەوت، واتای ڕەگی کار نادا و لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو دەرەکەوێ. وەك لە چاوگەکانی: (دزین ← دز)، (پرسین ← پرس)، (ئێشان ← ئێش)، (کێشان ← کێش)، (چەرخان ← چەرخ)، (جەنگین ← جەنگ)، (ترشان ← ترش)، (ئاوسان ← ئاوس).

ناوگرەکان:[1] ڕەگی کار ئەو گیرەکانەن کە ڕەگ دەسمن (Crystal, 1992: 9). واتە، ناوگر ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە لە ناوەڕاستی ڕەگی کاردا دەچەقن و واتایەکی سەربار بە ڕەگی کارەکە دەبەخشن. وەك لە زمانی عەرەبیدا (کتب/ کەتەبە ـ نوسی ← کتب/ کوتیبە ـ نوسرا). لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ لە هەندێ ڕەگی کاردا هەست بە بوونی دەرکەوتنی (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو بکرێ، لە ڕەگی هەندێ کاری ڕانەبوردوودا دەرەکەوێ. وەك:

[1] Infixes.

چاوگ	ڕەگ	کاری ڕابوردو	کاری ڕانەبوردو
ڕشتن	ڕش	ڕشتم	دەڕێـــژم
ناشتن	ناش	ناشتت	دەنێـــژی
داشتن	داش	داشتی	دەدێـــرێ
بژاردن	بژار	بژاردمان	دەبژێـــرین
ناردن	نار	ناردتان	دەنێـــرن
ژماردن	ژمار	ژماردیان	دەژمێـــرن
شاردنەوە	شار	شاردمەوە	دەشێـــرمەوە
هاڕین	هار	هاڕیت	دەهێـــڕی

ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرباری ئەو (ێ)یەی مۆرفیمی کاتی داهاتو کە وەک ناوگر لە ناوەڕاستی ئەو ڕەگی کارانە دەرکەوتووە، مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتووی ئاساییش هەر دەرەکەوێ. بەڵام ئەوە دیار نییە، ئایا ناوگرەکە واتای داهاتووی داهاتوو بە پێکهاتەکە دەبەخشێ؟ یان وەکوو کارەکانی تر تەنیا مۆرفیمی (ێ)ی داهاتووی ئاسایی واتاکەی پێ دەبەخشێ؟

ناوبەند:[1] ناوبەند ئەو مۆرفیمە بەندانەن لە شێوەی دەنگێک (مۆرفۆفۆنیم)[2] دو مۆرفیمی سەربەست بەیەکەوە دەبەستنەوە وشەیەکی لێکدراو دروستدەکەن. وەک:

مۆرفۆنیمی (ە): ← مێرگەسور، گوڵەگەنم، شیرەخۆر، دەنگەدەنگ، سەرەمەرگ، ...
مۆرفۆنیمی (ی): ← کۆشکی سپی، سەنگیمەحەک، ئاوی فەراک، تۆپی پێ، چاقی لاند، ...
مۆرفۆنیمی (و): ← هاتوچۆ، کوڕوکاڵ، خاکوخۆڵ، هیچوپوچ، ...

سێیەم: مۆرفیمە نیمچە سەربەستەکان: ئەو مۆرفیمانەن کە بە هەمان فۆرمی فیزیاوی، هەندێ جار لە شێوەی سەربەست و هەندێ جار لە شێوەی بەند، بەڵام بە ئەرکی جیاواز لە زماندا دەرەکەون. وەک: هەندێ لە ڕەگی کارەکان، بۆ نموونە:

مۆرفیمە نیمچە سەربەستەکان

چاوگ	ڕەگی کار وەک مۆرفیمی بەند	فرێزی ناوی وەک مۆرفیمی سەربەخۆ
دزین	گەندەڵکاران سامانی وڵاتیان دزی.	ئەم شەو دز هاتە ماڵمان.
پرسین	گەر شتێکت نەزانی بپرسە.	پرس بە ژنەکەت بکە، بەڵام..
ئێشان	هێندەی گوت، سەری ئێشاندم.	لەبەر ئێشی ددانم ئارامم نیە.
جەنگین	لە پێناو ئاشتی دەجەنگین.	جەنگ وێرانیی بەدواوەیە.
ئاوسان	زۆر دامەنیشە! قاچەکانت دەئاوسێ.	مانگای ئاوس نرخی زۆرترە.

[1] Inter-fixes.
[2] Morphophonemic.

۵ـ پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە (واتا)

لە ڕووی ناوەرۆك یا خود واتاوە دەتوانرێ دوو جۆر لە مۆرفیمەکان جیابکرێنەوە:

یەکەم، مۆرفیمە واتا سەربەخۆکان: ئەو مۆرفیمانەن لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن. هەندێکیان لە ڕووی واتا و فۆرمەوە دەتوانرێ بە پێی ڕیزبەندیی پیتەکان (ئەلف و بێ)[1] لە فەرهەنگەکاندا بدۆزرێنەوە. هەندێکی تریان واتای سەربەخۆیان هەیە بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە بەندن و لە فەرهەنگدا وەك وشەی سەربەخۆ دەرناکەون. بەم پێیە دەتوانرێ مۆرفیمە سەربەخۆکان لە ڕووی واتاوە دابەشی دوو جۆر بکرێن:

جۆری یەکەم، سەربەخۆی سەربەستە: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن و لە ڕووی فۆرمەوە سەربەستن. وەك سەرجەم وشە سادەکان کە لە فەرهەنگەکاندا ڕیزبەند دەکرێن. وەك: زەوی، دار، بەرد، سالّ، هەزار، شین، سپی، سێو، مەڕ،... ڕاناوە سەربەخۆکان: من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان. ڕاناوەکانی پرس: کێ، کەی، چەند، کوێ، چۆن، کام، ...

جۆری دووەم، سەربەخۆی بەند: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن و لە ڕووی فۆرمەوە بەندن. وەك: ڕاناوە لکاوەکان (م، ی، ین، ن، ن، م، ت، ی).

دووەم، مۆرفیمە واتا بەندەکان: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە ناتوانرێ قەوارەی ناوەرۆکێکی سەربەخۆی بۆ دابنرێ و واتاکەی لە نێوان مۆرفیمەکانی دەورو،بەری دەدۆزرێتەوە. واتە، ناوەکە دیارە، بەڵام ناولێنراوەکە چەمکێکی دەرجەستەی سرکە و لە کاتی بەکارهێنان نەبێ خۆی نادا بەدەستەوە و واتاکەی دەرناکەوێ. مۆرفیمە واتا بەندەکانیش دو، جۆرن:

جۆری یەکەم، واتا بەندی فۆرم بەند: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتا و فۆرمەوە بەندن و لە داڕشتندا بە مۆرفیمەکانی ترەوە دەلکێن. دەتوانرێ چوار جۆر لەو مۆرفیمانە جیا بکرێنەوە:

مۆرفیمەکانی واتا بەندی فۆرم بەند

پێشگرەکان	ناوبەندەکان	ناوگرەکان	پاشگرەکان
هەڵگرتن	مێرگەسور	دەیبڕێرم	کورەکە
داگرتن	دەردەدڵ	دەیانێرم	شەوان
لێگرتن	تۆپپێ	دەیانێژن	هاتەوە
پێگرتن	چاڤێلاند	بیانزمێرە	ئاسنگەر
تێگرتن	هاتوچۆ	بیرێژە	مەلەوان

[1] alphabet.

جۆری دووەم، واتا بەندی فۆرم سەربەست: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە بەندن بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە سەربەستن. واتە، لە دارشتندا بە مۆرفیمەکانی تردوە نالکێن و لە پێش و لە دواوەیان بۆشایی (سپێس)[1] هەیە، بەڵام واتاکەیان بەندە و لە کاتی بەکارهێناندا لە نێوان وشەکانی دەوروبەری دەدۆزرێتەوە. وەك: ئامرازەکانی لێکدەر و پەیوەندی (بە، لە، وە، و، بۆ، کە، ...):

(بە): ← من لیرەیەکی زێڕم بـــــە ئەو دا.

(لە): ← من لیرەیەکی زێڕم لـــــە ئەو دا.

(وە): ← من لیرەیەکی زێڕم وە ئەو دا.

(بۆ): ← من لیرەیەکی زێڕم بـــــۆ ئەو دا.

(کە): ← کـــە زۆر هات، قەوارە بەتاڵە.

(و): ← کوردی و فارسی و بلوجی و ئەسیتی و پشتو زمانی ئارین.

۶- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ئەرکی وشەسازیەوە

لە ڕووی ئەرکی وشەسازیەوە مۆرفیمەکان بەسەر دوو جۆر دابەشدەکرێن، مۆرفیمەکانی وشەگۆڕ و مۆرفیمەکانی وشەنەگۆڕ.

یەکەم، مۆرفیمەکانی وشەگۆڕ:[2] ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر مۆرفیمێکی تەوەرەیی واتایەکی نوێ بە پێکهاتەکە دەبەخشێ و چەمکی مۆرفیمە سەرەکییەکە دەگۆڕێ بۆ چەمکێکی تر. واتە، وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێ. بۆیە زاراوەی «مۆرفیمەکانی وشەدارێژ»یشی (حاجی مارف، ۲۰۰٤: ۳٤۳) بۆ بەکارهاتووە. ئەرك ئەو مۆرفیمانە لە ئاستی وشەسازیدایە و لە فەرهەنگسازیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. لە مۆرفیمەکانی بەند و سەربەخۆش جۆری وشەگۆڕیان تیادا هەیە:

مۆرفیمی بەند:

مۆرفیمی پێشگر:

ئەلف) هەڵ: هەڵگرتن، هەڵچوون، هەڵکەوتن، هەڵکردن، هەڵدان، هەڵبەزین، هەڵهێنان، هەڵخستن، هەڵکوتان، هەڵدان، هەڵشێلان، هەڵبەستن، هەڵڕشتن، هەڵپەنداوتن، هەڵبژاردن، هەڵکەندن، هەڵتەکاندن، هەڵپاچین، هەڵدڕین، هەڵقاچین، هەڵشاخین، هەڵبڕین، هەڵمژین،

[1] Space.
[2] Derivational morpheme.

هەڵواسین، هەڵگووشین، هەڵلووشین، هەڵگڵۆفین، هەڵماڵین، هەڵکۆڵین، هەڵچنین، هەڵسوڕان، هەڵکروزان، هەڵگژان، هەڵهاتن، هەڵفڕین، هەڵپەڕین، هەڵوەرین، هەڵپچڕان، هەڵتوتان، هەڵزڕان، هەڵگیرسان، هەڵئاوسان، هەڵایسان، هەڵکشان، هەڵقڵیشان، هەڵشەقان، هەڵبزرکان، هەڵتروکان، هەڵقوڵان، هەڵخزین، هەڵڵەرزین، هەڵبەزین، هەڵتۆقین، هەڵبوون، ... بەم جۆرە توانرا بەڵای کەمەوە (٥٤) چاوگی داڕێژراوی سەربار بخەینە سەر چاوگە داڕێژراوە لێکسیمیەکان. لە هەر پێشگرێك دەتوانرێ هەندێك چاوگی سەربار دابڕێژین:

	دا -		ڕا -		لێ -	پێ -	تێ -
داکوتان	دادان	دانواندن	ڕادان		لێدان	پێدان	تێکوتان
دانان	داهێنان	دابڕین	ڕاهێنان		لێنان	پێگرتن	تێپەستان
داگرتن	داخستن	دادۆشین	ڕاخستن		لێگرتن	پێبڕاردن	تێدان
دابەستن	دارشتن	داماڵین	ڕاکردن		لێبەستن	پێخواردن	تێنان
داکردن	داکەندن	دارسان	ڕاماڵین		لێبڕاردن	پێکردن	تێگرتن
داتەکاندن	داشۆران	دارمان	ڕامان		لێبوردن	پێژماردن	تێخستن
داپاچین	دارژان	داڕوتان	ڕاپەڕین		لێپرسین	پێناسین	تێبردن
داتاشین	دانوسان	داخوران	ڕابون		لێکۆڵین	پێبەخشین	تێگردن
داپۆشین	داڕوشان	داڕین	ڕاکێشان		لێژەنین	پێژانین	تێزامان
دارنین	دامان	داگیرسان	ڕاگرتن		لێدوان	پێکەنین	تێسرەوتن
داگەران	داڕوخان	داکشان	ڕاگواستن		لێژان	پێسوتان	تێخوڕین
داقەپان	داچڵەکین	داشکان	ڕاخوردن		لێچون	پێخوران	تێچەقین
داڕوخان	داکەوتن	دارمان	ڕاوەستان		لێکەوتن	پێوێران	تێڵەقان
		دابەزین	ڕاهاتن		١٣چاوگ	پێکەوتن	تێشکان
	٤٠ چاوگ		ڕاخوشین			پێبون	تێچون
			١٥چاوگ			پێچون	١٥چاوگ
						١٦چاوگ	

هەوالنامەی کتێب

مۆرفیمی ناوبەند:

ـــ پیرەمێرد، قەیرەکچ، پیرەژن، تەقەتەق، فەریکەنۆك و ...

ـــ تۆپیپێ، ئەستێرەی دەریا، ترپەی دڵ، بەربیەیان و ...

ـــ شاڵوشەپاڵ، ڕانکوچۆخەڵ، کاروبار، ڕەنگاوڕەنگ و ...

مۆرفیمی پاشگر:

ـــ خوێندنەوە، خواردنەوە، بیرچوونەوە، گەڕانەوە، ڕشانەوە، سوڕانەوە، کردنەوە، بردنەوە و ...

ـــ باخەوان، شاخەوان، مەڵەوان، دەرگەوان، پاسەوان، کەشتیەوان، بەرخەوان و ...

ـــ چایچی، قومارچی، پەنجەرچی، قاوەچی، قۆشمەچی، گاڵتەچی، سەعاتچی، حەڵواچی و ...

ـــ ئاسنگەر، زێڕینگەر، مسگەر و ...

مۆرفیمی سەربەخۆ:

ـــ سەرگرتن، بەرگرتن، خۆگرتن، لاگرتن، دڵگرتن، ڕێگرتن، زارگرتن، پشتگرتن و ...

ـــ سەرخستن، پێشخستن، پاشخستن، دەرخستن، بەرخستن، دواخستن، ژێرخستن و ...

ـــ سەرکەوتن، بەرکەوتن، دەرکەوتن، ژێرکەوتن، دواکەوتن، پێشکەوتن، پاشکەوتن و ...

ـــ منداڵبوون، گەورەبوون، بەربون، دەربوون، سڕبوون، سەوزبوون، وشکبوون، وڕبوون و ...

ـــ دەرکردن. کۆچکردن، سەرسووڕان. دەرچوون، سکچوون، بیرچوون و ...

ـــ خەباتکار، کرێکار، خوێندکار، سەرکار، بەرکار، جوانکار، ڕاوێژکار، ستەمکار و ...

ـــ ماستاو، بەفراو، خوێناو، قوڕاو، ڕەشاو، سوراو، گەرماو، گوڵاو، نەفتاو، شەکراو و ...

دووەم، مۆرفیمەکانی وشەنەگۆڕ:[1] ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر مۆرفیمێکی تەوەرەیی واتای بنەڕەتیی مۆرفیمە تەوەرەییەکە ناگۆڕێ، بەڵام دۆخێکی تازەی پێدەبەخشێ. واتە، هەمان واتا بنچینەییەکەی وشەکە کە لە فەرهەنگدا هەیە ناگۆڕێ، بەڵام بەهۆی پێشگر یان پاشگرەکان وردە واتایەکی ڕێزمانی دەخرێتەسەر کە دۆخێکی تازەی پێدەبەخشێ. وەك:

مۆرفیمی پێشگر:

ـــ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا: ەچم، ەچووم، ەیگرم، ەیگرتم، ەیانبینم، ەیاندیتم،...

ـــ (نـ)ی مۆرفیمی نەرێ: نەچم، نەچووم، نەیگرم، نەیگرتم، نەیانبینم، نەیاندیتم،...

ـــ (مـ)ی مۆرفیمی فەرمانی نەرێ: مەکە، مەچۆ، مەیگرن، مەیهێنە، مەیانبینن، مەنووسە،...

ـــ (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی: بیگرە، بمگرتایە، بتانگرێ، بیانهێنە، بتهێنایە، بیهێنێ،....

مۆرفیمی پاشگر:

ـــ پاشگری بچووککردنەوە: کاریلە، کوڕۆکە، شاروچکە، داسولکە، مێر،ولە،گردۆلکە.....

ـــ پاشگری ڕاناو: باوکم، براتان، بردمان، زیرەکن، خواردیان، وڵاتمان،.....

ـــ پاشگری ناسین و نەناسین: گوڵەکە، کوڕەکە، شارەکە... گوڵێك، کوڕێك، شارێك...

۷- مۆرفیم و وشە و ئامراز

۷-۱- کێشەکانی مۆرفیم

ئەگەر بلومفیڵد و هاوڕاکانی کێشەیان هەبووبێ لەگەڵ واتا بەگشتی، هاتنەئارای بیرۆکەی مۆرفیم هەموو کێشەکانی چارەسەر نەکرد. بلومفیڵد لەو باوەڕەدابوو، کە لێکۆڵینەوەی واتا

[1] Inflexional morpheme.

لاوازترین خاڵی توێژینەوە زمانەوانییەکانە، باشتر وایە بواری زانستی زمان بەو بابەتانە سنووردار بکەین کە دەتوانرێ تێبینی بکرێن و تاقیبکرێنەوە و بپێورێن. لە کۆتاییدا بڵۆمفیلْد بڕیاریدا کە «توێژینەوەی واتای فەرهەنگی و دواتر واتاسازی دەکەونە دەرەوەی بواری ڕاستەقینەی زانستی زمان» (مختار عمر، ۱۹۸۲: ۲٤). لە ڕاستیدا بلومفیلْد هەوڵی ئەوەی دەدا: وەك هەر زانستێکی تری سرووشتی، زمانەوانیش لە زانستێکی وێژەیی یان مرۆڤایەتی بگۆڕێ بۆ زانستێکی سرووشتی یان ڕووت، بەوەی یەکەیەکی پێوانە بۆ لایەنی دوەمی زمان کە واتایە بدۆزێتەوە، چونکە لایەنی یەکەمی کە دەنگەکانە کەرەسەیەکی پێوراوە. لای ئەو زنجیرە دەنگەکانی ئاخاوتن کاردانەوە یان وەڵامدانەوەن بۆ کارتێکەرە دەرەکی یان ناوەکییەکان، ئەم کارتێکەرانە کرۆکی ڕاستەقینەی واتای زنجیرە دەنگەکانە. ئەمەش لە چەند نوسراوێکی خودی خۆی ڕەنگدەداتەوە (٢٦ـ٢٧):

۱ـ مرۆڤ لە ئەنجامی شێوەی دیارکراو لە کارتێکەرەکان دەنگەکان دەرەکا و خاوەنەکانی دەیبیسن و وەڵامدانەوەی گونجاو پێشکەش دەکەن. لە ئاخاوتنی مرۆڤدا: دەنگە جیاوازەکان واتای جیاواز هەڵدەگرن. لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەنگە دیارکراوەکان و واتا دیارکراوەکان واتە، توێژینەوەی زمان.

۲ـ پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە توێژینەوەی دەنگسازی پێویستیی بە زانیاری لەسەر واتا هەیە و بەبێ ئەو زانیاریە ناتوانرێ ڕووکارەکانی فۆنیم دەستنیشان بکرێن.

۳ـ ئەم وەرگیراوەش لە وتاری بلومفیلْد لە بەرواری ۲۹ی کانونی دوەمی ۱۹٤٥ کە لە کۆتاییەکانی ژیانی (۱۹٤۹ کۆچی دوایی کرد) بۆ برادەرێکی ناردوە: «جێگەی داخە کە وا باوە کە من ـ یان کۆمەڵێك لە زمانەوانان و من یەکێك لەوان ـ هیچ بایەخێك بە واتا نادەم، یان من فەرامۆشی دەکەم، یان بەبێ واتا لە زمان دەکۆڵمەوە. بە شێوەیەکی سادە وەك ئەوەی زمان زنجیرە دەنگێکی بێ واتا بێ ... ئەمە تەنیا شتێکی کەسیی تایبەت نییە، بەڵکوو ئەگەر ڕێگە بە پیادەکردنی «پڕاکتیزەکردنی» بدرێ، دەبێتە ڕێگر لە پێشکەوتنی زانستەکەمان، بە دانانی دژەبۆچوونێکی بەهەڵەبراو لەنێوان ئەو توێژەرانەی بایەخ بە واتا دەدەن و ئەوانەش کە وازیلێدێنن، یان فەرامۆشیدەکەن. تیمی دواوە ـ وەکو بزانم ـ لەئارادانین».

لە سۆنگەی ئەو دەقە وەرگیراوانەی بلومفیلْد ، فۆولەر[1] لە دەربڕێکدا دەڵێ: «کەواتە، ڕۆبنس دادوەر نەبوو کە دورخستنەوەی واتای خستەپاڵ بلومفیلْد ، بە پاساوی ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی بواری ڕاستەقینەی زانستی زمان. بلومفیلْد نەیتووە نابێ زمانەوان باسی واتا بکا، هەروەها

[1] Fowler.

بلومفیلْد ئەوەی فەرامۆش نەکردووە کە ئاماژە بە واتا بکا و باسی بایەخی واتا بکا لە لقەکانی تری زمانەوانی سەرباری ڕۆلی واتا لە لقی سیمانتیکدا» (مختار عمر، ۱۹۸۲: ۲۷). لە ئەنجامدا هەوڵەکانی بلومفیلْد ئەوەی لێکەوتەوە کە مۆرفیم بێتە ئارا، بەوەی بچووکترن دانەی واتاداری زمانە، بەڵام دۆزینەوەی مۆرفیم هەموو گرفتەکانی چارەسەر نەکرد و ئاواتەکەی بلومفیلْد یش نەهاتەدی، چونکە ئەو دەیەویست یەکەیەکی پێوانە بۆ واتا بدۆزێتەوە و واتاش ببێتە کەرەسەیەکی پێوراو. دەتوانرێ هەندێ لە کەموکۆڕیەکانی بیردۆزەی مۆرفیم لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

یەکەم: مۆرفیم نەبوو بە یەکەی پێوانەی واتا، کە بتوانرێ سەرجەم واتا زۆر و کەمەکانی پێ بپێورێ. تەنانەت قەوارەی دانە مۆرفیمێکیش لەگەڵ دانەیەکی تر جیاوازە لە ڕوخساری دەنگی و چەمکی ناوەرۆکی. بۆ نموونە: مۆرفیمی «دەرزی» لە پێنج فۆنیم پێکهاتووە، شتێکی زۆر بچووک و کەم بایەخە، بەڵام مۆرفیمی «خوا» لە سێ فۆنیم پێکهاتووە، کەچی لە مەزنیدا بێپایانە و لە بایەخدا شکۆدارە.

دووەم: دیارنەکەوتنی واتای فەرهەنگیی یان چوارچێوەداری هەندێ مۆرفیمی وەک ئامرازەکانی پەیوەندی و هەندێ لە کێرەکەکان، زمانەوانانی بە هەڵەدا بردووە و ناویاننناون مۆرفیمی بێ واتای ئەرکی. واتە، ئەو مۆرفیمانە واتایان نییە و تەنیا ئەرکیان هەیە. ئەمەش پێچەوانەی خودی پێناسەی مۆرفیمە کە لەسەر بنچینەی واتا بنیاتنراوە: مۆرفیم، بچووکترین دانەی واتاداری زمانە. کەچی ناتوانرێ، شوێنیان ئاڵوگۆڕبکرێ بێ ئەوەی کار لە واتای گشتیی ڕستەکە بکەن و بە ئاڵوگۆڕکردنیان واتای گشتیی چەمکەکە دەگۆڕێ.

(**بە**): زێڕینگرەکە یاقوتێکی گەورەی **بە** کوڕەکەی دا.

(**لە**): زێڕینگرەکە یاقوتێکی گەورەی **لە** کوڕەکەی دا.

(**وە**): زێڕینگرەکە یاقوتێکی گەورەی **وە** کوڕەکەی دا.

سێیەم: بوونی ئەو مۆرفیمانەی تەنیا واتایان هەیە و قاڵبێکی فیزیکی بەرجەستەیان نییە، کە پێیاندەوترێ مۆرفیمی سفر، لە چەندین شوێن زمانەوانانی بەهەڵەدا بردووە. وەک:

دانانی شەش ئەلۆمۆرف بۆ ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە دەستەی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) کە ئەمانەن (ا، ات، ێ، ێت، ت، ه)، کە لە ڕاستیدا هیچیان ئەلۆمۆرفی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک نین و لەو دەستەیەدا تەنیا (ø) مۆرفیمی ڕاناوی لکاوە.

بەهۆی دەرنەکەوتنی (بـ)ی ڕەگی چاوگی «بوون» لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا، بە هەڵە بڕیار لەسەر هەبوونی ڕستەی بێ کار دراوە و ناونراوە ڕستەی ناوی (الجملة الإسمية). وەك:

ئازاد زیرەکە.

نەوزاد نەخۆشە.

چوارەم: بوونی پتر لە وردە واتایەك (بچووکترین واتا) لە هەندێ مۆرفیمدا، کە دەبێ مۆرفیم تەنیا یەك وردە واتای تیادابێ. وەك بوونی پتر لە وردە واتایەك لە ڕاناوە لکاوەکانی کەسە کۆیەکان لە دەستەی ڕێککەوتن:

ڕاناوە سەربەخۆکان	ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی	ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن	
من	م	م	واتای کەسی یەکەم
تۆ	ت	ی	واتای کۆ
ئەو	ی	Ø	واتای کەسی دووەم
ئێمە	مان	ین	واتای کۆ
ئێوە	تان	ن	واتای کەسی سێیەم
ئەوان	یان	ن	واتای کۆ

پێنجەم: لە لایەك بوونی هەندێ مۆرفیمی فۆرم بەندی واتا سەربەخۆ، وەك ڕاناوە لکاوەکان و مۆرفیمی (ر)ی بکەر نادیار (ئاوەڵناوی بکەر) وەك لە (نووسەر، خوێنەر، بینەر، پارێزەر....) و مۆرفیمی (و)ی بەرکار نادیار (ئاوەڵناوی بەرکار) وەك لە (مردو، خنکاو، سووتاو، ڕزیوو، کەوتوو ...). تەنانەت کۆبوونەوەی هەردوو مۆرفیمەکە لە هەندێ «ئاوەڵناوی کراوی بکەرنادیار»دا وەك (نووسراو، بینراو، بیسراو، کوژراو، برژێنراو، سوتێنراو...). لە لایەکی تر بەپێچەوانە، بوونی هەندێ مۆرفیمی فۆرم سەربەخۆی واتا بەند، بوەتە هۆی سەرلێشێوانی زمانەوانان لە پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان، کە نازانرێ پشتیبان بە ڕوخساری مۆرفیمەکان (فۆرم) بەستووە، یان ناوەرۆك (واتا). نموونە لە مۆرفیمەکانی فۆرم سەربەخۆی واتا بەند وەك:

(و): من و ئەو وتارەکەمان نووسی و خوێندمانەوە.

(کە، لە، بە): کە کار لە کار ترازا، برا دەبێ بە برازا.

(با، ئەگەر، چی): با خوێندەوار بێ، ئەگەر ڕۆشنبیر نەبێ بە چی دەچێ؟

شەشەم: هەندێ مۆرفیم بەهۆی بوونی واتایەکی دیارکراو دەتوانن پتر لە ئەرکێکی ڕێزمانی ببینن. بۆ نموونە مۆرفۆفۆنیمی (ە) کە واتای نزیکی دەدا، دەتوانێ ئەم ئەرکانە ببینێ:

هەواڵنامەی کتێب

ئەرکی مۆرفیمی کاتی ئێستا: ئازاد قوتابییە، ژیرە، زیرەکە... (واتە، لە کاتی ئێستادا، کە نزیکترین کاتە و دەمی ئاخاوتنە).

ئەرکی ئامرازی پەیوەندی (بەستن): ئازاد هاتــە هەولێر، ئینجا چووە دهۆك. (لەیەك نزیککردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی هات + هەولێر، چو + دهۆك).

ئەرکی ناوبەندی (بەستنەوە): مێرگەسوور، شارەزوور، پیرەژن. (لەیەك نزیککردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی مێرگ و سوور، شار و زوور، پیر و ژن).

۷-۲- جیاوازیی نێوان وشە و ئامراز

۷-۲- جیاوازیی نێوان وشە و ئامراز

توێژینەوە لەسەر وشە و پۆلێنکردنی، مێژوویەکی پڕپیتی هەیە و لە زوەوە زمانەوانان هەستیان بە جیاوازیی نێوان وشە پڕواتاکان و وشە واتابەندەکان کردووە، بۆیە زمانەوانێکی ئینگلیزی وەك هێنری سویت بە وشەی تەواو[1] و وشەی فۆرمی[2] ناویان دەبا (Sweet, 1891: 22)، کە ئێستا پێیاندەوترێ وشە و ئامراز. کەواتە، جیاوازیی لەنێوان وشە و ئامرازەکان چییە؟ چۆن دەتوانین وشە و ئامرازەکان لەیەك جیا بکەینەوە؟ لە رستەیەکی وەکو «ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چوو بۆ زانکۆ»دا چەند وشە و چەند ئامراز هەن؟ وشەکان کامانەن؟ و ئامرازەکان کامانەن؟ لە وەڵامدا دەتوانرێ بوترێ:

وشە: ئەو کەرەسەی رستەیە کە دەتوانرێ پرسیاری دەربارە بکرێ، یان وشە دەتوانێ ببێتە وەڵام بۆ پرسیارێك.

ئامراز: ناتوانرێ پرسیاری دەربارە بکرێ و نابێتە وەڵام بۆ پرسیار.

پرسیارەکانیش بەم شێوەیەن:

(کێ؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی گرووپی ناوی (ئازاد، من، ئەو، جوانەکە ...).

(کەی؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی کات (ئەمڕۆ، بەیانی، ئێستا، زوو ...).

(کوێ؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی شوێن (ئێرە، لەسەر، ئەوێ، هەولێر ...).

(چی؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی شت (نان، دار، خانوو، پێنووس ...).

(چی کردن؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی کارکردن (چو، هات، دەخوێنێ، نووسی....).

(چۆن؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی چۆنیەتی (خێرا، هێواش، بەپەلە، بەباشی....).

(چەند؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی چەندێتی (پێنج، زۆر جار، کەمێ، زۆر....).

[1] full words.

[2] form words.

کەواتە؛ دەتوانرێ ئەم پرسیارانە لەسەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە پڕاکتیزە بکەین:

(ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ زانکۆ.)
(۱) (۲) (۳) (٤) (٥) (٦) (۷) (۸) (۹)

(۱) کێ دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(۲) ئازاد کەی بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(۳) ئازاد دوێنێ چۆن کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(٤) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر چەند بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(٥) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ (بـە) تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(٦) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە چی چو بۆ بازاڕ؟.
(۷) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چی کرد؟.
(۸) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو (بـۆ) بازاڕ؟.
(۹) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ کوێ؟.

ئایا دەتوانرێ چ پرسیارێک دەربارەی ئامرازەکانی پەیوەندیی (بـە) و (بـۆ) بکرێ؟

پێشتر بە چەندین شێوە وشە پێناسە کراوە. بۆ نموونە:

وشە «تەنیا لفظێکە کە مەعنای ببێ، وەکوو: پیاو، درەخت، ئەستێرە، بەرد ...» (صدقی، ۱۹۲۸: ٦).

وشە «ئەو وشەیەیە کە لە دەنگێ یا چەند دەنگێ پێك ئەهێنرێ و ئەوترێ و ئەنوسرێ، وەك (خ، ا، ن، ز، ا، د) ئەگەر بدرێنە دەم یەکتر، وشەی «خانزاد»ی لێ پێك دێ» (عەلی ئەمین، ۱۹۵۸: ۹).

وشە «وتە (کلمة) وشەیەکە کە مەبەستێکی ببێ، وەك: دار، کار، ژن، من، برین، درین (خاڵ، ۱۹٦۰: ۳۱).

وشە «ئەو بێژەیەیە کە رستەی لێ پێك دەهێنرێت». «وشە یا واژە لە چەند دەنگێك پێك دێ» (مستەفا رەسوڵ و هاریکاران، ۱۹۷۲: ۲۵ و ۲۸).

وشە «وشەی تەواو ــ ئەو وشانەن کە مانای دیاردەیەکی (ظاهرة) مەوزوعی واقیعی جۆراوجۆر دەبەخشن. وەك: ناو و ئاوەڵناو و ژمارە و کردار و جێناو ...ن. وشەی ناتەواو ــ ئەو وشانەن کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقعیەوە نییە و مانایان شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. وەك: پیتی بانگهێشتن و وشەی یاریدەدەر ...» (حاجی مارف، ۱۹۷۵: ۷). کەواتە بە شێوەیەکی گشتی وشە - ئەو زنجیرە دەنگەیە ئاماژە بە کەرەسەیەکی بەرجەستە یان دەرجەستە دەکا، کە لە مێشکدا بوونی هەیە. کەرەسەی بەرجەستە، وەك: دار، بەرد، من، تۆ، خواردن، خۆر ... . کەرەسەی دەرجەستە، وەك: فریشتە، جنۆکە، خۆشەویستی،

باش. هەندێ وشە لە کەتواردا لە ئارادا نین و لە مێشکدا بوونیان هەیە، وەك: دێو، بەخت، شەوە.

٨- ئەنجام

لە ئەنجامی نووسین و خوێندنەوە و توێژینەوەی بابەتی بەرباس، دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە مۆرفیم بچوکترین دانەی زمانە و خاوەنی واتا و ئەرکە، کە ئەو کاتە دەبێ وشەیەک بێت، یان تەنیا ئەرکی هەیە و واتای نییە، ئەو کاتە دەکرێ بەشێک بێت لە وشە هەر وەکوو ئامرازی ناساندن و یان مۆرفیمی کۆ. هەروەهاش، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مۆرفیم بە هیچ شێوەیەک کەرت ناکرێ بۆ یەکە و دانەی بچوکتر چونکە ئەگەر کەرت کرا، واتای خۆی لە دەست دەدات و گۆڕان بەسەر شێوەکەیدا دێت. بەمەش کێشەکانی مۆرفیم زیاد دەبن لە جیاتی چارەسەری کێشەکان، چونکە مۆرفیم لە ئەنجامی کێشە و کەموکوڕییەکانی وشەوە هاتۆتە کایەوە. دابەشکردنی مۆرفیم و جیاکردنەوەی جۆرەکانی لە یەکتری و دەستنیشانکردنی مۆرفیمە نیمچەسەربەخۆکان کاری لە پێشینەی توێژینەوەکەی ئێمە بوون، چونکە جگە لە مۆرفیمی سەربەخۆ مۆرفیمی نیمچە سەربەخۆشمان هەیە کە ئێمە خستومانەتە ڕوو. مۆرفیم لە مێشکی مرۆڤدایە، هەرکات بەکارمان هێنا، مۆرفیم نامێنێ و دەبێتە مۆرف، کە ئەوە واقعی بەکارهێنانی مۆرفیمە.

هەولێرە کێبڕکێ

سەرچاوەکان

کوردی:

بابان، شێرکۆ (٢٠٠٦). «مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە سێتی رێزمانیدا». گۆڤاری *نووسەری نوێ*. ژمارە (٣٤).

حاجی مارف، ئەورەحمانی (٢٠٠٤). *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*. سلێمانی.

--- (١٩٨٧). *رێزمانی کوردی*. بەرگی یەکەم. وشەسازی. بەشی دووەم. جێناو.

--- (١٩٧٥). *وشەی زمانی کوردی*. بەغداد

حوسێن ڕەسول، عەبدوللا (٢٠١٤). *مۆرفیمە رێزمانیەکانی کار*. هەولێر.

خاڵ، شێخ محەمەدی (١٩٦٠). *فەرهەنگی خاڵ*. بەرگی یەکەم. سلێمانی.

صدقی، سعید (١٩٢٨). *مختصر صرف و نحوی کوردی*. بەغدا.

عەلی ئەمین، نوری (١٩٥٨). *قواعدی زمانی کوردی*. بەرگی دووەم. بەغدا.

عمر أمین، وریا (١٩٨٦). «مردنی ووشە». گۆڤاری *کاروان*. ژمارە (٤٥). هەولێر: ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان.

عومەر، ئەمین وریا (٢٠٠٩). *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم.

مختار، عمر أحمد (١٩٨٢). *علم الدلالة*. جامعة الكويت: مكتبة دار العروبة للنشر واتوزيع.

مستەفا ڕەسوڵ، عیزەدین و هاریکاران (١٩٧٢). *زمان و ئەدەبی کوردی*. بەغدا: چاپی دووەم.

عربی:

أنيس، ابراهيم (١٩٧٦). *دلالة الألفاظ*. مكتبة الأنجلو المصرية. الطبعة الثالثة.

أولمان، ستيفن (١٩٧٣). *دور الكلمة في اللغة*. ترجمة كمال محمد بشر. مكتبة الشباب. المنيرة.

بالمر، ف. ر. (١٩٨١). *علم الدلالة*. ترجمة عبدالمجيد الماشطة. بغداد: الجامعة المستنصرية.

دی سوسیر، فردیناند (١٩٨٥). *فصول في علم اللغة العام*. ترجمة أحمد نعيم الكراعين. اسكندرية.

هەوالنامەی کێبڕکێ

زکریا، میشال (۱۹۸۳). *الألسنية (علم اللغة الحديث)*. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

الموسوعة الحرة (تشكل-(توضيح/ https://ar. Wikipedia, org/wiki).

ئینگلیزی:

Bloom Feld, leonard (1933). *Language*. Henry Holt. New York.

Crystal, David (1985). *A Dictionary of Linguistics and Phonetics*. 2nd Ed. New York.

Crystal, David (1992). *An Encyclopaedic Dictionary of Language and Languages.* UK.

Crystal, David (2003). *A Dictionary of Linguistics and Phonetics*. 5th Ed. Blackwell Publishing Ltd.

McCarus. Ernest N. (1958*). A Kurdish Grammar, Descriptive Analysis of The Kurdish of Sulaimaniya.* Iraq. American Council of Learned Societies. New York.

Palmer, F.R. 1971. *Grammar*. Harmonds Worth. Middelesex. Pelican. Penguin Books. London

Stork, F. C. and J. D. Widdowson (1974). *Learning about Linguistics*. Hutchinson.

Sweet, H. (1891). *A new English grammar*. Part 1. Oxford. Clarendon.

هەولێری کتێب